دەبوو کە گەیيشتمە تەمەنی گوێ گرتن لە حیکایەتی بە سەروبەر شەو لای باوکم دەخەوتم. لەبیرمە جارێکیان ساڵح سەرگورشتەیەکی خۆشی دەگێڕایەوە سێ قارەمانی تێدا بوون یەکیان دەریابڕ، ئەوی دیکەیان ئەستێرەشناس، ناوی سێیەمیانم لەبیر نەماوە. ساڵح گوتی، دەریابڕ موویێکی خۆی خستە ناو بەحرەکە و بەحری وشک کرد. باوکم بە دەنگ هات و گوتی دەک زارخۆش سالی، درۆ وەها نەبێ بەکەڵک نایە. ساڵح بەینێک بێدەنگ بوو تومەز بە ئەسپایی لەبەر خۆیەوە پێکەنینی دەهاتێ شەرمیشی دەکرد ئاشکرای بکات. لە خوێندنەوەی داستانەکانی فارسی مامم سەرپشک بوو، وەها بە گەرموگوڕی و بە شارەزایی و بە پێی نەبزی ڕووداو دەنگی خۆی دەبزوات ڕوحی بە بەر داستانەکان دەهێنا. گەلێک جار کە دەگەییشتە بڕە شیعرێک بە ئاهەنگ دەیخوێندنەوە شەوقێکی دەخستە ئەو دانیشتنە و داستانە و گوێگرتنەوەوە خەڵقەکە شەو و ڕۆژی لەبیر دەچۆوە. یەکێک لەو بڕە شیعرە فارسییانەی کە لەوساوە نەقش بەستووی زەینم بووە ئەمەیە:

ای همچو گل سرخ شکفته رویت
وی همچو گل بنفشه اید بویت
ما همچو گل زرد دعاگوی توایم
تا همچو گل سفید گردد مویت

ئەی ئەو کەسەی وەک گوڵی سوور ڕووت پشکووتووە
وەی ئەو کەسەی وەک گوڵی بنەوشە بێنت دێت
ئێمە وەکوو گوڵی زەرد دوعاگۆی تۆین
تا مووەکانت وەکوو گوڵی سپییان لێ دێت

مامم دوای مەرگی خێزانی، فاتمەخان، لە ١٩٣٩ سەری بە سەر ئەو داستانەدا نەگرت. ساڵح جارێ لای باوکم بوو ژنی هێنا. لەوە بەولاوە ناوناوە لە ماڵی ئێمە دەنووست و ناوناوەش دوای بەسەرچوونی کڕی دەیوەخانە دەچۆوە ماڵەکەی خۆی، سبەینانیش لەگەڵ بە خەبەر هاتنی ئەهلی ماڵ ئەو دەگەییشتەوە لامان.

لەو دابەی کە پیاوەکانی دیکەش لێی فێر بووبوون ئەوە بوو کە لە دیوی ماڵێ جۆرەک ڕاوەستان ڕادەوەستا هەر لەو دەوەشایەوە، هەرگیز ڕووەو باوکم نەدەبوو، لە پەنا سووچی دیوارێکی ئەو شوێنەی باوکمی لێ دادەنیشت ساڵح وەها ڕادەوەستا کە لاشانێکی لە باوکمەوە دیار بێ هەتا مەعلوم بێ حازریشە و نادیاریشە. ئەگەر ڕاوەستانەکەی درێژی خایاندبایە بێ ئەوەی باوکم داوای ئیشێکی لێ بکات یەکێکی دیکەی لە پیاوەکان لەو جێگایەی خۆی ڕادەگرت بەو ئسووڵە کە خۆی داینابوو تاکوو دەچوو جغارەیەکی دەکێشا و ئاوێکی دەخواردەوە بایی جغارەکێشانەکەیش دادەنیشت بۆ حەسانەوە.

ساڵح لە پێشخزمەتیدا بۆ ئەو سەردەمە بێمانەند بوو، لە دەمی قەڵەباڵغ بوونی مەجلیسی باوکم، بە

درێژایی کات سەرپەرشتیی پێداویستی مەجلیسەکەی دەکرد، هەر خۆیشی سەروبەری چایە لێنان و سەماوەر گوێستنەوە و چایە تێکردن و تاقم ڕێک خستنەکەی دەکرد و کە دەستوپاوەندی مێوانەکانی باوکیشم لە ڕۆژانی سەردانی حەوێزی و غەفورییان لە باوکم بە کۆمەڵ لەگەڵ ئاغاکانیان دەهاتن ساڵح مەجلیسی ئەوانیشی گەرم ڕادەهێنا و جغارە و چایە و ئاگری زستانان و بەفراوی هاوینانی بۆ سازدەدان و وەک پەروانە لە عەیب بڕینی خزمەتی ئەو خەڵقە دەکۆشا و دەجۆشا. هەر لەبیرمە چۆن بە منداڵی حەزم دەکرد شەوان ئەو قەڵەباڵغیە ڕوومان لێ بنێن چونکە لە شەودا پف لە سەماوەر کردن گەشەدارتر بوو، ساڵح لەو پف لە سەماوەرکردنە وەها شارەزا و دەستەڵاتدار بووبوو کە بە دەستی ڕاستی قۆریەی لەسەر سەماوەر هەڵدەگرت و پەنجە و لەپی چەپەی دەکردە بازنە بە دەوری زارکی سەماوەرەوە و لە قووڵایی سییەکانیەوە ئەو پفە بەهێزەی لە دەروونی پڕ ئاگری ئاتەشخانەکە دەکرد یەک لوولە بڵێسە و هەزاران پریشک و گەردەلوولێک لە خۆڵەمێشی پۆلوە ئاگرەکان بە بن و نێوان کونەکانی پەنجەرە ڕەنگی ژێر ئاتەشخانەکەدا بە قرچ و هۆڕ ئەو دەورووبەرەی دادەگرت، یەک دیمەنی وەها جوان و ڕەنگینی بە بەرچاودا تێدەپەڕاند کەوا بە دڵ چاوەچاوی ئەو دەمە دەبووم جارێکی دیکەش ئاگری ئاتەشخانە کزبێتەوە و خۆڵەمێشی لێ بنیشێ و ساڵح پفێکی پێدا بکاتەوە... بێ گومان و بێ مەبەست دەڵێم هەرگیز نەمدیت کەس بە قەدەر ساڵح بە دەوری سەماوەرەوە شیرن بێ. گەیاندنی سەماوەرەکەش لە ماڵەوە بۆ دیوەخانە خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەستەم بوو، کە چایە پێ دەگەییشت و ئاوی سەماوەر دەکەوتەوە کوڵ، ساڵح بە دەستی ڕاستەی قوریەیەکی عەجەمی گەورەی دیوەخانەیی پڕ لە چایە هەڵدەگرت و دەبوو پەنجەش لە قوڵپی ڕاستەی سەماوەرەکە گیر بکات و دەستی چەپەشی قوڵپی چەپە بگرێت و ئەو قوریە و سەماوەرەی پڕ لە چایە و ئاو بە قورسایی خۆیانەوە بەرزکاتەوە تا لە کەمەری تێ هەڵدەکشێت و بە پێپلکەی قادرماندا سەرکەوێت و پێچە دەورە لە بانێکی ٧٠-٨٠ مەتری بکات و بە خێرایی و هەنگاوی لەسەر یەک و ڕێک، بە سەلامەتی، بارەکەی بگەیەنێتە مەجلیسی پیاوان. پێی کەمایەتی بوو، ئەو قوریە قورسە بە یەکێکی دیکە هەڵگرێت. سەماوەرەکە مابوو لە ماڵمان و هاتە بەغداش لەگەڵمان، هەتا دوو سێ مانگ پێشی ئەم نووسینە ١٩٨٥/٧/٢٨ لە هیچە و بێسەبەب دۆڕاندمان، من لە سەفەردا بووم، نەجیبەی خوشکم بە عادەتی خۆی لە کوێێ لە ماڵی کاک مەجیدی ئامۆزام بوو، محەمەدی کوڕم وەتەنگ دێت لەو هەموو ئەسبابی شڕە و بێکەڵکەی لە ژوورەکان و لەسەربانان و لەسەر قادرمان کەڵەکەیان کردووە و هەرەوەزی لێ کردن و هەمووی ڕاگوێستن بۆ بەردەرگەی ماڵەوە تا ئۆتۆمۆبێلی (امانة العاصمة) کە لێی نووسراوە (اعتن بنظافة مدینتك) هات و کۆمەڵە شڕەی بارکرد. کە من گەڕامەوە بەغدا ماڵەکەمان پاک کرابۆوە، لەو بەینەش خەبەر گەییشتە کوێێ کە وا خەریکی ماڵ پاک کردنەوەن لە بەغدا ئیتر بە هەڵەداوان نەجیبەی خوشکم تەلەفۆنی بۆ کردم ئاگادار بم لەوەی ئەو سەماوەرە بە نرخە و مێژوویییە لەگەڵ شڕە فڕێ نەدرێ. بەڵام بە داخەوە کار لە کار ترازا بوو، سەماوەر بۆ زبڵخانەی (مدینە السلام) ڕاپێچەک درابوو. لە فەقەرەی سەماوەران ئەمە دووەم جارە دەچینە خەسارێ، سەماوەرێکی دیکەی زەردی مامناوەنجی لە ماڵمان هەبوو بە ئەسڵ لە حاجی بەکراغاوە بە میراتی کچێکی کەوتبوە لای ئێمە. وەها ڕۆییشتبوو کە ئەمە یەکەم سەماوەرە هاتۆتە کوێێ.

دیسان بە داخەوە ئەویش بە جۆرێکی کە نازانم چۆناوچۆنی بوو، فۆتا و ون بوو...

مام عەلاوی باوکی ساڵح کەرکووکی بوو لە کۆیێ نیشتەجێ بوو، دوو کوڕی دیکەشی هەبوون، محەمەد و ڕەفعەت بە زۆری ژیانیان لە دەوری مەحکەمە بە عەرزوحاڵ نووسین بردەسەر و پێوەی دەژیان. ساڵح لامان بوو تاکوو باوکم لە قازییەتی بوو، ئەوساش ساڵح داوای کرد واز لە وەزیفەی موباشیری بهێنێ، باوکم لێی نەسەلماند و لەسەر وەزیفەکەی خۆی هێشتەوە بەڵام پێوەندیی پێمانەوە هەرگیز نەپچڕا، دواتریش کە من گەورە بووم برادەرێکی نزیکم بوو هەتا بشڵێی خۆشم دەویست و لێی ئەمین بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی نەدا بایی سەری دەزری دڵم گەردی لێ بگرێ. هاوینان لە چنارۆک سەردانی دەکردین بایی ئەوەی بتوانێ ئیجازەی بۆ وەربگرێ لە مەحکەمە. داخم ناچێ دووچاری نەساغیی سیل بوو و لێی ڕزگار نەبوو... دوای خۆی ماڵ و منداڵی چوونەوە بۆ کەرکووک، کوڕە گەورەی ناوی عیززەددین بوو، ڕێک نەکەوتەوە دوای ڕۆییشتنیان بۆ کەرکووک ببینمەوە. لەگەڵ ساڵح کوڕە پوورێکی خۆی، حەمەدەمین، خزمەتی باوکمی دەکرد. نەختێک گوێی گران بوو ناوناوە لە وەڵام دانەوە دەوەخرا لەبەر نەبیستن، ئەویش لە سنووری دەستەڵاتی خۆی هەمووو ئاکارەکانی ساڵحی پێوە دیار بوو. ئەمیان زۆر بە جحێڵی مرد.

عومەری پووربەگی لە منداڵییەوە، بەر لەوەی منیش هەبم، بەهۆی دایکییەوە کە دانیشتووی گەڕەکمان و لە ماڵی (یاخەجیج) ئامۆزای باوکم دەژیا، پێوەندی بە ماڵی ئێمە و ماڵی مامەوە هەبوو، یەکەم دیمەنی کە بەبیرمدا دێتەوە ئەوەیە کە مامزی بۆ کاک موقتەدیر بەخێو دەکرد و بەزۆری لەگەڵ ئەودا بوو. مامزەکە وەها ڕسکابوو، لە عومەر بەولاوە، کەس نەیدەوێرا لێی نزیک بێتەوە، بەڵام وەکوو تووله بەدوا عومەر دەکەوت و لێی جودا نەدەبۆوە. ئەگەر عومەر بۆ کارێک بەلایەکدا ڕوویبا، مامزەکەی بە پەتێکی ئەستوور لە لەوحەداری گەورە یان لە سینگی مەحکەم دەبەستەوە، دەنا کەس نەیدەوێرا سەر دەرێنێ لە ترسی ئەو دوو قۆچە تیژە و شان و ملی وەک گاجووتی. زۆر جاران کە تینی دەدایە خۆی، لەوحەداری بەدوا خۆیدا ڕادەکێشا و وەک گامێش دەیمرقاند. کاک موقتەدیر بەزۆری کە بانگی عومەری دەکرد بە عادەتی قسە نەستەقە شەقوپەقەکانی خۆی دەیگوت، عومەریلان برای گوجیلان داکی پشیلان.

پووربەگی، دایکی عومەر، لە کوردستانی تورکیاوە لەگەڵ مێردەکەی (هدایت) ناو، کەوتبوە کۆیێ، ئافرەتێکی کورتیلەی خڕوپڕ بوو. لەهجەی لە ئاخاوتندا شێوەیەکی سەربەخۆی هەبوو، لە هیچ لەهجەیەکی کوردیی بیستراوی نەدەکرد. سەرەتای قسانی لەجیاتی (دەڵێم) بە (ئەبێم) دەستی پێ دەکرد وەکوو ئاخێوەری خۆشناوەتی. بە ئاوریشمی دەگوت ئارمووش. شەوێکیان دز پارێز بۆ ئەو ماڵە دەبا کە پووربەگی لێ بوو. کژ هاوین و خەڵق لە سەربانان بوون، پووربەگی لێی بە خەبەر دێت و دەنگی دەدات دزەش هەڵدێ. دواتر گوێم لێ بوو حیکایەتی بۆ خەڵقەکە دەگێڕایەوە و باسی دزەکەی دەکرد دەیگوت، ئەی ڕۆ، ئی دە زلە بوو. ئێمەی منداڵ ئەوسا نەمان دەزانی (ئی دزەلە بوو) واتای چییە پێمان وەها بوو ئەویش شێوە مەتەڵە لەوانەی زمانی پێ تاقی دەکرێتەوە وەکوو (ئەو بەرە شرەی لووس ڕایەخە)یان قسەی بێواتای وەکوو (فسنستنبکتکنفتموها)ی ناو فەقێیان یان لە گەپی شەوانە کە دەگوترا (گەنمە نە دوو دوو دوو برنجە دوو دوو دوو) ئەو (دوو دوو)ەش وەها دەردەبڕا وەک کە لە کاتی

دان ڕۆكردن مریشكی پێ بانگ دەكرێ.

پووربەگی زۆر حیكایەتی كورتیلەی بۆ دەكردین چ سەرگورشتە بابە و چ باسی ژیان و سەفەری خۆی و مێردەكەی و عومەر بایە لە ماردین و خەرپووت و ئەو شوێنانە بە مووسڵ و هەولێردا بۆ كۆیێ. كە گەییشتمە تەمەنێک سەرەدەری لە جوغرافیا بكەم پێم وابوو پووربەگی كە دەڵێ (لە شەتی مراد پەڕینەوە) سەهوو لە ناوی (فرات) دەكات كەچی (مراد) خۆی بەڕاستی كەرتێكی فراتە. لەو حیكایەتە كورتیلانەی بۆی دەكردین ئەوەندەم لەبیر ماوە كە كەڵەباب و مێروو لەسەر پەنیر بە شەڕ دێن و كەڵەباب دەندووک لە چاوی مێروو دەدات و زەدەی دەكات، شەرع دەبەنە لای كوندەبۆ، مێروو شكاتەكە دەكات و دەڵێ، كوندی لەسەر سندی، ئەویش دەڵێ: جێگەمە. مێروو دەڵێ: شرعان دەپرسی؟ كوند دەڵێ: پیشەمە. مێروو دەڵێ: ماڵم ماشت. پێی دەڵێتەوە خاوێنیت كرد. مێروو دەڵی: سەلكە پەنیرەكەم دیتەوە. دەڵێ: ماڵداریت كرد. مێروو دەڵێ: لە بن تلیانەیەكەم دانا. دەڵێ: تاقەتیت كر... لەوە بەولاوە چی دیكەم بە بیر نەماوە و نازانم كەڵەباب و مێروو چۆناوچۆنی لەو شەرعە بوونەوە. دەیانگێڕایەوە كە عومەر تازە لەبەر خوێندنی مەكتەب داندرابوو، شەوێ موتاڵای دەرسەكانی دەكرد و درێژەی دەدایێ، دایكی بە لەهجەی خۆی پێی دەگوت: ڕۆڵە حومەرە خەتەكی وێڕا بینە و یەكی وێڕا بینە و چرایەكە وەكوژێنە دایک لە خەیاڵی نەوتی چراكە بوو بەخەسار نەچێ، چاكیشی بۆ چووبوو، چونكە عومەر لەوانە نەبوو بە خوێندنەوە دابێ بێ. مەخلووقێكی بزۆزی ناڕاحەت بوو هەرچەند لە دوو خاڵەوە زۆر بێعەیب بوو، هەتا بڵێی دەسخاوێن بوو، قەت بە دزیەوە دەنكە ترێیەكی نەخستۆتە زاریەوە. هەتا بشڵێی لە ئەمر و گوێدا بوو، لە ڕووی لە خۆ گەورەتران هەڵنەدەگەڕایەوە.

كەتنێكی كرد... هەڵات بۆ پژدەر، دوو سێ ساڵان لە سندۆڵان لای شێخ حەسەن و شێخ حوسێن مایەوە. دوای ئەوەی كەتنەكەی لێ بەسەر چوو هاتەوە، عومەر بە شێوەی پژدەر دەئاخاوت، ئەو لەهجەیە لەگەڵیدا ژییا تا مردن بەڵام وردە وردەیەكیش بە لای ئاخاوتنی كۆیەدا دەهاتەوە. پووربەگی بڕیاری دا ژن بۆ كوڕی بهێنێ، كچێكی رووسووری، هەتا بڵێی بە حەیا و بێدەنگ و بێ سركە و كوركەی بۆ هێنا. شەوێكیان دەوری نوێژی عیشا كۆمەڵە ژنێكی گەڕەكی خۆمان و لەشكرێكیش لە منداڵی ئەو ناوە، منیان لەگەڵدا، چووین و لە گەڕەكی قەڵاتەوە بووكمان گوێستەوە بۆ عومەر.

ئێستاش نازانم چۆن وەها ڕێكەوت یان كێ وەهای ڕێک یەخست هەر كە بووک پێی لە دەرەوەی ماڵەوەی نا و كەوتە نێوان ئافرەتانی گەڕەكەكەی خۆمان، ئەو هەموو منداڵە بە چەپڵە ڕێزان تێیان هەڵكرد، ئەمما چۆن تێهەڵكردنێک (هەتلیلینجان هەتلیلینجان، زاوا كەچەڵ بووک باینجان...) یەک بێن و یەک نەوا ئەم چەپڵەكوتانە و دوڕ قەڵێشییەی بەخێر هێنانی بووک بەردەوام بوو هەتا بووكمان پەستایە ماڵە كاولەكەی مێردە نامویارەكەی. دەسا نە ئەو دەمە و نە هیچ وەختێک و نە ئێستاكەش زانیم مانای چی، هەتلیلینجان! ئەرێ ئێوە كەستان دەیزانێ؟

داستانی عومەر كۆتایی بۆ نییە، لە كورتی دەیبڕمەوە و دەڵێم، عومەر مرۆیەكی دەسخاوێنی، تەنبەڵی، درۆزنی، بە وەفا و مردەی وڵاغە بەرزە بوو. لە نموونەی شەیدابوونی بۆ سواریی وڵاغە بەرزە لە نێو چەندین نموونەدا ئەمەیان بۆ خوێنەر دەگێڕمەوە، جارێكیان، سەرەتای هاوین بوو مامم عومەری ناردە

پێبازۆک بۆ لای مام سلێمانی وەکیلی خۆی کە هەندێک دەغڵی بۆ بفرۆشێ و پارەکەی بۆ بنێرێ بە عومەردا. کوڕی گۆنگەران کاکە عومەر یەکسەر چووە لای کوێخا محەمەدی کوێخای پێبازۆک و سەلامی مامی پێ ڕاگەیاند و گوتبووی کاکم (مەبەستی مامە) منی ناردووە بۆ لای تۆ ئەسپە بۆرەی بۆ بنێری، سەفەری پژدەری هاتۆتە پێش لە خزمەت کاکیدا و زۆریش بە پەلەیە ئەگەر ئەمڕۆکەی ولاغ نەگەیەنمێ بەجێ دەمێنێ.

کوێخا محەمەدیش پیاوێکی بە ڕێ و جێ و ئەوسا خاوەن ئەسپ و ماینی نایاب بوو، گوتبووی عومەر، دەبوو بۆ جاری وەها ئەمنیش بە پیاو بخوێننەوە و لێم بگێڕنەوە ئەمما ئەوە ئەسپە بۆرە و حەز دەکەی بیتۆپێنە... عومەر لەوێوە بە سواری یەکسەر هاتەوە بۆ کۆیێ و لە هەمووی بە غار ئەسپەکەی هێنا لە دەشتی (شەوگێڕ) هاتوچۆ بە ئەسپەکە دەکات و بە ناو کێلە قەبرانیدا تاو دەدات، کێلێک بەینی هەردوو دەستانی شەق کردبوو. کە گەییشتەوە بەر دەرگەی ماڵی مامم ئەسپ لە خوێندا سوور بووبوو. مامم بە ڕێکەوت ئەسپەکە و عومەری دیت بەر لەوەی لە دەرگەی دەرەوە بە ژوور کەوێ، زانی کاکە عومەر فەتحێکی کردووە نەیهێشت بێتە ژوورەوە هەر لەبەر دەرگە لێی پرسی چی ڕووی داوە ئەویش بە ڕاشکاوی لە ئەنباری درۆیان لا گوڵمێک قسەی لووس و لێکی هەڵڕشت و گوتی: چوومە لای سلێمان هەر خۆیشی تێ نەگەیاندم ئەمنیش دەمزانی پارەت لزوومە چوومە لای کوێخا محەمەد و وەزعم تێ گەیاند گوتی لەو دەمەدا چ پارەم نییە کە وەهاش پەک لەسەر پارە کەوتبێ ئەسپە بۆرە قوربانی کاکە شێخ بێ (مەبەست مامم شێخ نوورەددینە) با بیفرۆشێ، منیش لەسەر تەکلیفی خۆی بۆم هێنای. سەیر ئەوەیە، سەد کەتنی ئەوتۆیی دەکرد و لەبەر چاوان نەدەکەوت، ڕاستیەکەی بە دڵ دڵسۆز و جانفیدا بوو بۆ ماڵی ئێمە و ماڵی مامم... دواتر بوو بە پۆستەچی لە نێوان کۆیە و ڕانیە، مانگی ولاغێکی سەکەت دەکرد، هەندەی ولاغ بە پارەی پووربەگی کڕی ئیفلاسی پێ کرد- ناوناوە منداڵێکی دەفرۆشت. هەتا مردن نەیحەساندەوە نەحەسایەوە.

یەکێک لەو چیهرە پاک و خۆشەویستانەی کە لەگەڵ یادکردنەوەی کزەم لە جەرگەوە دێت بۆ خۆی و مەرگی ناکامی، حەمەدی نەجیماغای غەفووری بوو، کەوا بێ ئەوەی (خوانەخواستە) ناوی خزمەتکاری لێ بێ، بە جان و دڵ خزمەتی باوکم و مەجلیسی باوکمی دەکرد. لە ماڵەوە وەکوو کوڕی باوکم حیساب دەکرا، چ تەقیە و پەردە لە بەیندا نەمابوو، ئەویش بە جۆرێک چالاک بوو لە جێبەجێ کردنی هەرچی پێویستی خزمەتی دیوەخانە و مێوان بێ دەتگوت خۆراکی گیانی خۆی جێبەجێ دەکات. بەر لەو کوڕێکی حاجی تەهای جیرانمان، کە ناوی ئەحمەد بووە و من بە بیرمدا نایەت و ڕەنگە پێش ئەوەی من پێ لەم دنیایە بنێم ئەو ماڵاوایی لێ کردبێ، ئەویش بۆ باوکم لەخۆ بووردوو بووە بە جۆرێک کە چەندێکی باسی دەهات باوکم خەفەتێکی نوێی بۆ دەخوارد. حەمەدی نەجیماغا زۆر بە شلکی و جحێڵی جوانەمەرگ بوو. هەر لە هەوەڵەوە ڕەنگی زەردباوی نەساغیەکی نادیاری لە ڕوودا ئاشکرا بوو بەڵام کە من دەمدیت بەو جلکە شیکە خاوێنەی لەبەری دەکرد و بەو ڕەوتی قەشەنگی جحێڵانەی و بەو هەموو نەزاکەت و نەجابەتەی کە بە خزمەتی باوکمەوە خەریک دەبوو نموونەی مرۆیەکی فریشتە ئاکار بوو... سەد هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی.

له ناو توێژی قساندا دەمەوێ بە خوێنەر ڕابگەیەنم، ئەو کەسەی بۆی ڕێک بکەوێ بە هۆی پێوەندی هەمەچەشنەی بە خەڵقەوە ژیانێکی بەسەروسەدا و هاتوبات و ڕەنگاوڕەنگ و تێکەولێکە و بێنەوبەرە ڕاببوێرێ لە زۆر ڕووەوە جۆری بەسەر بردن و مامڵەت کردنی لەگەڵ بوونەوەردا جودا دەبێ لە کەسێکی بە باریکە ڕێگەی گوزەرانی خێزانییەوە لە چارچێوەی فەرمانی دەستووره کورتەبەر و تەنگەبەر و تەسک پێوی (لە ماڵەوە بۆ بازاڕ و لەوێوە بۆ مزگەوت و لە مزگەوتەوە بۆ بازاڕ و ماڵەوە) مەیدانی کۆمەڵایەتی تێپەڕێنێ، مرۆی عادەتی کە باوکی دەمرێ خێرا لە دابەش کردنی میراتەکەی دەبێتەوە و دارێک بە نێوان خۆی و براکەیدا دەهێنێ و قۆزاغەی دووره پارێزی بە دەوری خۆیەوە دەتەنێ و دەبێتە خاوەن چاکە و خراپەی خۆی تا ئەوەی ئەگەر هێلکەی مریشکی جیرانی بە هەڵە بکەوێتە ماڵەکەیەوە لە حیسابدا بەدەر دەداتەوە، هێلکە مریشکی ئەویش کە کەوتە ژێر مریشکی جیرانیەوە کەلێن دەکەوێتە لێکدانەوەیەوە.

من هەرچەند لەوەتەی هۆشم بە سەختی و زەحمەتیی گوزەران شکاوە حەزم کردووە خاوەن کیسە و خەرمان و مشتاغی خۆم بم، هەمیشە ئەسیری وەزعێک بووم کە ملکی میراتیم لە حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی باپیرمەوە بە شەراکەتی هەموو جەلیزادان لە دەست و پێم ئاڵاوە، هەروەهاش باوکم ئەو زەحمەتییەی هەڵگرتووە. لە ملک بگەڕێ و بادەوە سەر وەزعی مزگەوت و فەقێ و فەرمانی بەربار بوونی ئەرکی ئەو شتەی بە زاراوە پێی دەڵێن (براگەورەیی!!)...

لزووم نابینم بە دوا خوردکردنەوەی ئەو هەموو لایەنانەی کە موعادەلە نادروست و لەنگەر بەزیوەکەی (ئەرکی زۆر و داهاتی کەم) بە مل بنەماڵەیەکی وەکوو ماڵی مەلای گەورەیدا دەهێنێ بۆ ئەوەی لە خوێنەری ڕوون بکەمەوە کە باری وەها نالەبار لە ناو جغزی کەسب و گوزەرانێکدا کە سنووری پشکی خاوەنەکەی لە ملک و ماڵدا تێکەڵ بە حیسابێک بووە چ سەروبەری دیار نەبێ، گرفت و بەرهەڵست و دوشمنایەتی جیرانی بەهێز و خاوەن عەشیرەت و چەکی زۆر بە نفوز لە حکومەتیش بە درێژایی ڕۆژگار بینەقاقای حەسانەوە و هەناسە هەڵێنانی خۆشیی لێ گرتبێ. (اذا قمت من باغ عثرت بمعتدی - احمد شوقي) لە زاڵمێک هەڵدەستمەوە، لە دەسدرێژکەرێک هەڵدەئەنگوم.

ئا لەو بارەدا کە دوشمنایەتی کردن لەسەر ساڵانەی داهاتێک کە بەشی مەسرەفی نیو مانگت نەکا، ناچار بیت شەوانە پاسی ماڵەکەت بەو هێندە تفەنگە و بەو هێندە زەلامی پاس کردووی نەخەوتوو بکەیت... ئا لەو گۆنگەرە مزرەدا دەستەیەک لە ژن و پیاو کە زاراوەی بێئینساف ناوی خزمەتکاریان لێ دەنێ بۆت جانفیدا بن و لە ناگزووری نەسڵەمێنەوە و ئەرکی قورست بۆ هەڵبگرن و یەخەشت نەگرن بە زەلیل گیری سەرت پێ دانەوێنن بۆ هیچ دڵخواز، یان پێداویستی خۆیان. بەڵکوو لە خۆشی و ترشی ڕازی بن بەوەی هەمیشە دوای تێربوونی مێوان و ئەم و ئەو دەست بۆ پاروو درێژ بکەن. تۆ بڵێ مرۆیەکی یەک تۆسکاڵ ویژدانی هەبێ و هەستی مەردایەتی لە خۆیدا شک ببات بە چ چاوێک سەیری ئەو لەخۆ بوردووانە بکات؟ ئەمانە «دەست و پێ و خزمەتکار» ن یان گرێی برپرەی خانەوادەن؟

من هەروەک دەمدیت ماڵەکەمان لە سەردەمی باوکمەوە درێژەی دەکێشا بۆ گەلێک ماڵی دەر و جیران و کەس و ناسیاو تا ئەوەی نیوەڕۆیەکیان دیتم مەتبەخچی سێزدە منداڵ بە دەورەیەوە قاپ بە لەپ و پاروو لە زارن، لەوانەش تەنها یەکێکیان منداڵی ماڵی خۆمان بوو. هەروەهاش خزمایەتی نەسەبی و

جەلیزادەییم بە درێژایی هەموو ڕۆژگارم لە خزمانەوە پەریوەتەوە بۆ دەیان و پتر لە دەیان ژن و پیاوی دڵسۆزی بێعەیبی بێتەماعی خۆ لەبیرکردوو کەوا گەلێک بەولای خزمایەتییەوە مەیدانی یەک دڵی و یەک هیوایی و یەک بەرژەوەندییان بڕیوە لەگەڵماندا. کەسێکی ژیانی سادەی یەک ڕێگەی یەک ئاهەنگی بێ لک و پۆپ و بێ ڕەگ و ڕیشەی بڵاو ڕابوێرێ، بە عادەت، عەیارەیەکی تەسک پێوی کەم قووڵایی بەکاردێنێ لە هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپە و ڕەوایی و ناڕەواییی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئنجا دەشێ بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە بڕیار بدا دژی پەیدابوونی پێوەندی نێوان خەڵق کە گەورە و چووکەیی و خوار و ژووری تێدا بێ. کەچی ئاگای لە خۆی نییە لە دەمی داخوازی بەرژەوەندندا ڕازییە نازی کادری حیزبی و پۆلیسی سەرجادان و معاونی پۆلیس و قایمقام و حاکم و کوێخای گەڕەک و دەیان کەسی دیکە ڕابگرێ هەتا دەتوانێ دوکانێکی بچووکی نازانم چۆناوچۆنی بکاتەوە و دوو سۆبەی نەوت و سێ تەلەفزیونی تێدا بفرۆشێ...

ئاخۆ ئەو کەسە دەبێ چ بڵێ ئەگەر لە نزیکەوە ببینێ بابایەکی خۆم ئاسایی کە نە ئاغا و نە زۆردار و نە مڵکداری گەورە بووم لە موراجەعەی لادێییەکی مەیلەو بێگانە بە خۆم، بایی قازانجی ئەو دوو سۆبەیە و ئەو سێ تەلەفزیۆنەم بە ئەرکەوە بە قوربانی ئەو موراجەعەیە کردووە؟ من ناڵێم خەڵق هەمووی یەک ئاکار و یەک ڕەوشتە، من ئەوەندە دەڵێم، نابێ وەها بە سەهوودا چووبین کە لە سەری زمانەوە هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی تاوانبار بکەین هەر چونکە لەگەڵ پێوانەی قەناعەتمان یان فەلسەفەمان یان بەرنامەی حیزبمان ڕێک ناکەوێ، ئنجا پاشدانیش بە پێوەندیی وەها لەنگەر بەزیوی چەوتوچوێر ڕازی بین کەوا لە چاو پێوەندییە کۆنەکان دەبێ بڵێین سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو!! بۆیە من کە دێم یادی ئەو مرۆ لە خۆ بوردووانە دەکەمەوە و حەسرەتیان بۆ هەڵدەکێشم سۆزێک دەمبزێوێ چ فەرقی نەبێ لەگەڵ ئەو هەستەی کە نەدیتن و نەبیستنی خوشکێکم لە ماوەی چواردە ساڵدا زامدارم دەکات.

ئافرەتێکی لەوانەی زۆر پێش چوونە مەکتەبم بە ماڵی ئێمە و ماڵی مامم ئۆگری گرتبوو ناوی زێنەبی شەدەلار بوو. ئەو ئافرەتە کە من گەییشتمە تەمەنێک دەرکی شتان بکەم دەتگوت لە هێوێنی دڵ فەراحی و بێغەمی و (دنیا گمرە و ربیع و موت مامش) خوڵقا بوو. هەر مەجلیسێکی ئافرەتان ئەو زێنەبەی لێ بایە پەستی و مۆنیی پێوە نەدەما. لە ماڵی ئێمە شووی کرد بە پیاوێکی خۆمان کە لە پلەی خزمایەتی دادەندرا. زۆر بەداخەوە، بەسەر یەکەم منداڵیدا جوانە مەرگ بوو، هەر لە ماڵی ئێمە... دکتۆر سەلاح (سووریەیی) زۆر دۆستی باوکم بوو چی لە توانای بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتە بە خەرجی دا، تەنانەت، بە دەستی خۆی، بە عەمەلیەتی جەراحی، منداڵەکەی بە مردوویی بوواند کەچی بێسوود بوو. ئەگەر بڵێم لەو ماوەیەدا کە ژان زۆری لێ کرد تا ئەو دەمەی دڵی ڕاوەستا، دکتۆر سەلاح بە شکڵی دایم لە سەراسۆییی بوو ڕاستییەکی بێفێڵم گوتووە. ئەگەر لە ماڵی خۆی بایە هەرگیز ئەو هەموو پێوە خەریک بوونەی بەخۆیەوە نەدەدیت... لەبیرمە ئافرەتان وەکوو پوورە هەنگ تێی ئاڵا بوون و کە مردیش چۆن شینێکیان بۆ گێڕا.

لزووم نابینم چی دیکە بە سەربەخۆیی باسی تاک تاکی ئەو کۆمەڵە ژن و پیاوە بکەم، چەندی بە دەم گەشتی ژیانمەوە هەڵکەوت داخوازی لێ کردم بە پێی پێویست بۆ تاک تاکیان دەچمەوە.

دیمەنێکی ناپەسەندی ئەو دەمانەی کە جارێ نەگەییشتبوومە تەمەنی خوێندن، دواتریش بۆ ماوەیەکی بەمەودا بەردەوام بوو مەشقەڵی ئاگری خەرمانان بوو کە لە زۆر شەوانی هاویندا دەشتی کۆیەی دەکردە چراخان.

دوشمنایەتییە کۆنینەکەی نێوان حەوێزی و غەفووریيان لەو ساڵانەدا مەلا حەوێزاغای حەسەناغای غەفووری و جەلالاغای حاجی ئەسعەداغای حەوێزی بۆ خۆی تەرخان و خەریک کردبوو. بۆ منی منداڵ، کاری بەدی نادیاری خراپەی یەکدی کردنیان لەوانە نەبوون هەستیان پێ بکەم، ئەوەی سەرنجی چاوی نیوە بیناشی ڕادەکێشا (ئاگربازی)یەکەی خەرمان سووتاندنی شەوگار بوو کەوا جگە لە بڵێسە سوورە گەشە دووکەڵاوییەکانی، هەرچی ئادگاری دڕندەیی و بێڕەحمی و بێهۆشیش هەیە پێوەی دیار بوو. هەموو شەوێک بەو کارە نافڕەجایەیانەوە زەرەرێکی قورسیان لە خۆیان و پتریش، لەو سەپانە هەناسە ساردانە دەدا کە ڕەنجی کژێکی کەسابەتی سەرلەبەریان دەچووە هیچە چونکە سەپان لە سەرەتای دروێنەوە خۆی و گوزەرانی لە قەبەڵ ئەو دەغڵە دەکات و هیچ داهاتێکی دیکە شک نابات بەتەمای بێت تا خەرمان هەڵدەگێرێن و کێشەی کایەکەشی تەواو دەبێت کەوا بە زۆری هەتا مانگی ئەیلوول دەخایێنێ، لەوە بەولاوە سەپانەکە دەکەوێتە پەلە کوتکەی کەسابەتێکی دیکە، ڕەنگە دەستیشی نەکەوێ.

وەک لەبیرمە ئەو دوشمنایەتییەی نێوان حەوێزاغا و جەلالاغا تەشەنەی نەکرد بۆ هەردوو بنەماڵەکە، بەڵکوو تەنها ئەو دوو کەڵەشێرەی لە یەکدی گیف دەکردەوە. هەرچی جەمیلاغای سەرۆکی حەوێزییان و برا گەورەی جەلالاغا بوو نە تەبیاتی لە هەرا و بگرەبەردە بوو نە وەزعی تایبەتی خۆیشی کە قایمقام بوو لێی دەسەلماند خەریکی شەڕە گەڕەکێ بێ، کاکە زیادی حەماغاش لە تەمەنێکدا نەبوو ڕابسێتە کاری وەها بەدئاکار دواتریش کە چەپ و ڕاستی خۆی ناسی ڕێگەی ئەوتۆیی نەگرتەبەر بە پێچەوانەوە بە لای بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتمانیدا بۆوە هەتا بوو بە یەکێکی ناودار لە کوردایەتی و لە ئاشتیخوازی (چەند جار نامەی بۆ هاتووە لە سەرۆکی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی جیهانی، نامەکان من دەمخوێندنەوە بۆی...) لەمەش بترازێ کاکە زیاد خوارزای جەمیلاغا بوو، مەلا ئەحمەداغای سمایلاغاش کە ئامۆزای حەماغا بوو هەر زاوای جەمیلاغا بوو. لەوەوە دەماری ئەو پێوەندییە کاری دەکردە سەر ڕەفتاری هەر دوو لایان بەرانبەر بە یەکتر. بەرەی ماڵی سلێماناغاش (کە غەفووری بوون) بە برا گەورەیی مەلا ئەحمەداغای سلێماناغا پتر ئاغای سەر بەرماڵ بوون تا ئەوەی وەکوو دۆن کیشۆت لەگەڵ (ئاشی با، یان ئاشی ئاگر) شەڕە شەپڵتە (شاپڵیتە) بکەن.

سەرت نەیەشێنم جووتە کەڵەشێری سەروپۆپنە بە خوێنی پەڕ و باڵ فش هەڵماو لەو ناوەدا دوو ئاکتەری سەر شانۆی ئەو ئاگربازییە بوون بە خۆیان و دەستوپاوەندی خۆیانەوە. ڕاستییەکەی ناتوانم لێرەدا وەڵامی پرسیارێک بدەمەوە لە خۆمی بکەم و بڵێم، لەو دەمانەدا کە جەمیلاغا جارێ قایمقام بوو بۆچی بێتەرەفانە ڕاوەستا؟ نە یاریدەی برای خۆی دا نە بەرهەڵستیشی لێ کرد؟ توومەز کاری دنیا کە ئادەمی بوونەوەرە هەرە چالاک و ووریا و ژیر و بە سەهوودا چوویەتی هەموو جاران بە بارێکدا ناخولێتەوە کە موعادەلەی (٢+٢=٤) ڕای دەنوێنێ... لەبیرمە، دوای چەندین کژی خەرمانانی ئەو شەڕە دندووکێیە، شەوێکیان هێشتا نوێژی عیشا نەبووبوو لە پڕ ئاسمانی لای خواروی کۆیێ وەکوو خوێن

سوور هەڵگەڕا، کە ڕاست بووینەوە بۆ سەیر کردنی چۆنایەتی و چەندایەتیی هۆی ئەو ئاگر لە ئاسمان گەڕانە دیتمان بڵێسەی ئاگری خەرمان زمانە دەکێشێ، بە جۆرێک مرۆ لە دوورەوە ترسی لێ دەکردەوە. لە دوورایی کیلۆمەترێک مەودا لە ماڵی ئێمەوە خەرمانێکی هەرە گەورەی مەلا حەوێزاغا کە هەموو داهاتی زەویەکانی نزیک کۆیەی لێ کۆکرابۆوە ئاگردراوە.

ئەو شەوە بۆ ماوەیەکی درێژ شەوقی ئاگرەکە هەموو ولاتی ڕووناک کردبوو تەنانەت چاو دەیدیت کە بەری شێخ بزێنیایەتیش پێی گەشاوەتەوە!! ڕێزە چیای هەیبەسوڵتان و باواجی هەر پێی دەویست قوتابی لێ بێت و دەوری دەرسەکانی لێ بکاتەوە چونکە حەوجە بە چرا نەبوو. بەڕاستی ماڵیان ئاوابێ، ئەو شەوە جووتە قارەمانی کۆیێ ولاتیان لێ ڕوون کردبووینەوە، بەلام کە خەرمان دامرکایەوە تاریکایی داهاتەوە، چونکە ئەوسا زۆری مابوو کۆیێ کارەبای لێ پەیدا بێ. زۆر بە سەیری، ئەنجام وەها بوو هەر دوو ئاغا هەریەکەیان لە ڕووداوێک پێیەکی زەدە بێت و بشەلێت، هەر دەتگوت برای جمرانە بوون کە وێکرا نەساغ دەبن و دووچاری هەمان نەخۆشی دەبن. خوا بیانبەخشێت و خزمانیشیان من ببەخشن لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی وەها تاڵ، بەلام لە شیرن کردنەوەی ئەو تالاییەیە دەڵێم، سپاس بۆ خوا، شوێنی ئەو خەرمانە ئێستاکە بەر ئاوەدانیی شار کەوتووە و خانووی ڕێکوپێکی لێ دروست کراوە.

ئاڵقەی پێنجەم

باسی قۆناغی ساواییم لەو چوار ئاڵقەیەی ڕابووردوودا بە کۆتایی دەگات هەرچەند کەمتاکورتێکی سپی پات بوویەوەی ئەو ڕۆژگارەم یاد کردەوە. من کە لە تەمەنی ٦٥ ساڵیمدا بچمەوە بەرەو ڕووداوی تەمەنێکی ساوایی کە ٦٠ ساڵی بە سەردا تێپەڕی بێ، بێ ئەوەی بە نیازی پاراستنی دەق و شەقڵ و دروشمەکانی لە هیچ کەسێکەوە تۆماری بۆ گێرابێتەوە هەر ئەوەندەی لێ پاشەکەوت دەبێ کە بە هەڵگوشینی مێشک و دابێشتنی هێڵەگی یادگار دڵۆپێک یان دانەیەک لە بەروبوومی ئەو سەردەمە بکەوێتە ناو دەفری سواڵکەرەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ترسی وەڕس بوونی خوێنەر لە چشتی، بە ڕواڵەت، کەم بایەخی دەمی ساوایی دەستمی پێ هەڵنەگرتبامایە جارێ مابووم لەو پچڕ پچڕەی نەخشەی سەرەتاکانی ژیانم ڕەنگ و دەنگ وەربگرمەوە چونکە زۆر کەین و بەینی سەردەمی ساواییم وەکوو ئەستێرەی پشت هەوری تەنک لە یادکردنەوەدا بە لێڵی دەبریقێنەوە، ئنجا ئەگەر سەرنجی لێ توند بکەم دەتوانم تەمومژی فرامۆشی لێ بڕەوێنمەوە، بەڵام وەها ناکەم و دەگوێزمەوە بۆ قۆناغی منداڵیم و دەست بە خوێندن کردنم. ڕەنگە لە هەڵکەوتدا ناوناوە بە پێی داخوازیی داستانخوونی بۆ ئەو پچڕ پچڕانە بچمەوە چونکە زەحمەتە بە کەس بکرێ دەماری پێوەندی سبەینێ بە دوێنێییەوە هەڵبڕێتەوە.

باسی خوێندنیش چونکە چی ئەوتۆی زرینگەداری تێدا نییە هەر بە وەڕسکەر لە قەڵەم دەدرێ بەڵام بە هەمە حاڵ ناشێ لە تەختەی گەشتی ژیان بسڕێتەوە و شوێنەکەی بە بەتاڵی بمێنێتەوە. لەبەر ئەمە چەندێکی بۆم بلوێ لە سنووری زەرەر نەگەیاندن بەنرخی حیکایەتەکەم لە ڕێگەی قەدبڕەوە پێیدا تێدەپەڕم. لەم تەرزە نووسینەشدا بەرەو دوا گەڕانەوە و بەرەو پێشەوە چوون گەلێک جاران دەبێتە کاری ناچاری.

سەرەتای خوێندنم

بە عادەت کار و فەرمانی مرۆ دوای تێهەڵچوون و پێوەخەریک بوونی تووشی حاڵەتی پچڕپچڕی دێت، کەچی خوێندنی من سەرەتاکەی پچڕپچڕ بوو. من لەگەڵ نەجیبەی خوشکە گەورەم بە یەکەوە ساڵی ١٩٢٥ ز چووینە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیێ. ئەو هەشت ساڵی بوو، من شەش ساڵی. هەرچەند لەم ڕۆژانەدا تەمەنی شەش ساڵی بۆ منداڵ پڕ بە پێستی سەرەتای خوندنیەتی، وا بزانم لە زۆر باریشدا بە پێنج ساڵی منداڵ دەچێتە بەر خوێندن، کەچی بۆ ئەو سەردەمە تەمەنەکە لەگەڵ خوێندندا ڕێک نەدەگونجا.

منداڵان لە تەمەنی نۆ ساڵی و هەڵکشاوتریشدا دەچوونە مەکتەب. قوتابی هەبوو لەگەڵ مندا دەیخوێند، هەر لەگەڵ منیشدا بوو کە لە قوتابخانە بەیەکەوە دەمانخوێند ژنی هێنا. وا دیارە هەست کردن بە پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی، ئەویش وەکو فەرق کردن بەوەی لە کۆمەڵدا پێی دەڵێن ڕەوا و ناڕەوا، بەرهەمی پەروەردە بوون و فرچک پێ گرتن و لێ ڕاهاتن و بیستنەوە و چشتی ئەوتۆییە، دەنا بۆچی لە ١٩٢٥ تەمەنی شەش ساڵی زوو بێ بۆ خوێندن کەچی لە ١٩٨٥ بە دواکەوتوو حیساب بکرێ؟

هەر لەم بابەتە کۆمەڵایەتییە دەبینین تەمەنی عادەتیی شووکردنی کچ لە لادێ چەند ساڵێک زووترە لە هی شارستان، هی کچی ڕۆژهەڵاتیش بە تێکڕایی لە چاو هی ئەوروپایی هەروەهایە.

بێگومان دەبێ کە خۆم لە قوتابخانەدا دیتبێتەوە و هەموو قوتابییەکانم بە گەورە هاتبێتە بەر چاو، بێ ئەوەی هەست بکەم یان لێکم دابێتەوە، خۆم بە خەڵکی ئەو شوێنە حیساب نەکردبێ و ئۆگرم پێوەی نەگرتبێ. منداڵان کە لە کۆڵان و گۆڕەپاناندا گەمەیان دەکرد لە خۆوە دەبوون بە سێ چوار گرووپ، هەر گرووپە هی تەمەنێک. کەس لەواندا بە خەیاڵییدا نەدەهات ڕەفاقەتی لە خۆ گەورەتر یان بچووکتر بکات، چونکە بێ ئەوەی فکر بکاتەوە دەیزانی ڕەفاقەتی منداڵی لە خۆی گەورەتر دەکێشێتەوە بۆ تێ شکانی، گەمە و گەپی منداڵی لە خۆی بچووکتریش بە پێی کەیف و زەوقی خۆی نییە.

ئەم خۆ بە بێگانە زانینەم لە نێوان قوتابییە تەمەن گەورەترەکاندا نەیهێشت لە مندا هەستی «قوتابییەتی» بڕسکێ، لەبەر ئەمە هاتوچۆم بۆ مەکتەب لەسەرەتاوە هەر بریتی بوو لە «جێگۆڕکێ» لە گۆڕەپانی گەڕەکەوە بۆ حەوش و ژوورەکانی فێرگە [فێرگە: قوتابخانە]. خوا هەڵناگرێ منیش هەروەهام دایە بەر داس. ڕۆژێکی دەچوومە فێرگە دووان نەدەچووم، کەسیش ئەو «هەدارانێ» یەی بە لاوە سەیر نەبوو. مامۆستاکانی فێرگە لێیان دەسەلماندم بە دڵخوازی خۆم بچمە پۆل یان نەچم، وەهاش دەبوو لە نیوەی ماوەی دەرسدا بێ پرس کردن بە مامۆستای دەرسدەر دەچوومە دەرەوە. سەرت نەیەشێنم ئەو ساڵەم بۆ بووە مەشقی ڕاهاتن لە فێرگە کەوا هەرچەند نەمخوێند بەڵام ئامادەی کردم کە ساڵی دووەم خۆم بە «مەکتەبلی» بزانم. لە ساڵی ١٩٢٦ کە ناوم لە پۆلی یەکەم بە قوتابی نووسرا نەجیبەی خوشکم چووبووە پۆلی دووەم، منیش بچووکترین قوتابی فێرگە بووم.

لە خزمانی خۆم مەلا نافعی مەلا سبوح و مەلا فەتاحی مەلا عیززەت و کاک مەجیدی ئامۆزام و، وابزانم، عومەری مەلا ڕەفعەت قوتابی بوون بەڵام پۆلیان جودا بوو. ڕەفیقی تاهیر چەلەبی و میرزای حاجی کەریمیش لە کوڕانی گەڕەکی خۆمان قوتابی بوون بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لەو ساڵەدا تەنها کاک مەجید و ڕەفیقی تاهیر چەلەبی (کە دواتر بوو بە دکتۆر) بە بیرمدا دێنەوە، کاک مەجید ئامۆزام بوو ڕفیقی تاهیر چەلەبیش دەنگ خۆشێک بوو، کە لە ڕیزگرتنی بەر لە چوونە ژووری پۆلەکانمان نەشیدی دەگوت، دەنگەکەی زاڵ دەبوو بەسەر هەست و هۆشی ئەو خەڵقەدا وەها دەزانم لە خۆی گەورەتر دەبێ. پێم وەها بووم ئەو تەرزە دەنگە ناشێ لە قەڵغەتی قوتابییەکی عادەتییەوە هەڵستێتەوە چونکە وام دەزانی دەنگەکە بە ئەستوورایی باوەشی پیاو لە قوڕگییەوە دەردێت، ئنجا ئەگەر هەر هێندی قەڵغەتی خەڵکی بەبەرەوە بێ دەبێ قوڕگ و کەمەری شەق ببەن.

دەنگی ئەو قوتابییە «خارق العادة» بوو. بەو لای خۆشی و چریکە و زەمزەمەوە سام و شکۆی لێ هەڵدەڕژا. دوای چەند ساڵێک کە دەنگەکەی پتر ڕسکا لە سەیرانەی هاویناندا بە ڕاشکاوی و بێپەروا و بێ ئەوەی خۆی بدزێتەوە لە تەنگەبەرە و ئاستەنگەکانی ئاهەنگی سەرکێش، گۆرانی «يا جارة الوادي» عەبدولوەهابی دەگوت و بە سەریدا زاڵ دەبوو. کە دەگەیشتە شوێنی «لم ادر ما طيب العناق...» دەنگی خۆی وەها بەڕەڵڵا دەکرد، بەرە ژوور و بە هەموو لایەکدا، عەبدولوەهابی لەبیر خەڵقەکە دەبردەوە. ئێستا کە دەبیەم فەیروز و نورالهدی ئەو گۆرانییە دەڵێنەوە باشتر تێدەگەم د. ڕەفیق لە دەمی قوتابیەتی خۆی لە

کۆلێجی «طب» چەند پلە ژوورووی ئەوانەوە بوو لە لایەن دەنگەوە. (دەبێ ئەوەندەش لێرەدا بڵێم کە فەیروز تۆزی نورالهدی ناشکێنێ ئەگەر تەنها بە دەنگەکەیەوە بۆی بێتە مەیدان).

کە چوومە مەکتەب دەستەی مامۆستایان بریتی بوون لە ژمارەیەک کەوا ڕەنگە لە حەوتی تێنەپەڕاندبێ. ئەوانەی من لەو ساڵەدا بە بیرمدا دێنەوە چوار تاکیانن:

١- مەلا عەبدورڕەحمان شەرەف کوڕی مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی مدیری مەکتەب بوو دەرسیشی دەگوتەوە. بنەماڵەی «نازەنینی» لە کۆنەوە خەریکی مەلایەتی بوون و مەلای چاکیان لێ هەڵکەوتووە. بە داخەوە لە دەمی نووسینی ئەم ئالقەییەدا دەنگم بە کەس لەو بنەماڵەیە ڕاناگات شتێکم پێ بڵێ لە بارەی مێژوویانەوە. ئەوەی بزانم، مەلا عبدوڵڵای نازەنینی یەکێک بووە لەو مەلا دیندارانەی ترسی خوا نەبێ هەرچی ترس بووە لە دڵیدا نەبووە. کاکە زیاد بۆی گێڕامەوە گوتی جارێکیان مەلا عەبدوڵڵا دەچێتە لای حەمە ئاغا. بەرەو ڕووی خۆی و قەڵەباڵغی دیوەخانەکە بێ دوودڵی کردن پێی دەڵێ ئاغا برازایەکت هەیە لە دێی خدران پیاوێکی باش نییە و دەسدرێژی لە خەڵق دەکا. نەسیحەتی بکە با واز لە خراپە بهێنێ. حەماغاش دەڵێ مامۆستا ئەو برازایەم ئێستا لێرەیە و گوێی لە قسەکانتە. ئەویش بێ ئەوەی ڕوو وەرگێڕێ گوتی بە خوا چاک بوو قساکانم نەبوونە غەیبەت، ئیتر پتر بەسەریدا ڕۆیشت هەتا لە مەجلیسەکە هەڵستا.

برازاکەی حەماغا، قادراغای سمایلاغا، نەیکردە نامەردی کە چۆوە خدران دیارییەکی باشی بۆ مامۆستا هەنارد بە بەڵگەی ئەوەی کە لێی دڵگران نەبووە و قسەکانیشی هەڵگرتۆتەوە. خەبەراتی خواناسی و نەترساوی و مەلایەتی مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی بە تەواتور دەگێڕدرێتەوە. گەلێک جاران لە مەجلیسی باوکم لە دوا باوکیشم لە مەجلیسی مامم یادی مەلا عەولای نازەنینی بە حورمەتەوە دەکرایەوە. کوڕە گەورەکەی، مەلا سەدیق ئەفەندی کە یەکەم کۆیی بوو لە کۆلێجی حقووق دەرچوو، لە پلەی حاکمایەتی تێهەڵکشا تاکوو بوو بە سەرۆکی دادگاکانی مەنتیقەی ئیستیئنافی کەرکووک، لەگەڵ مامم و مەلا سادقی سدیقی دایە خەجێیی و مەلا عەلی باداوەیی موستەعیدی دەرس خوێن بوون لای باوکم. ئەو پێوەندییەیان بەردەوام بوو هەتا هەر چواریان بە ڕەحمەتی خودا شاد بوون. لەبیرمە جارێکیان لە کارتی جەژنە پیرۆزانەی کە بۆ باوکمی نارد ئەم بەیتی نووسی بوو

یا خوا گوشاد بێ دڵت وەک گوڵشەن
جەژنت پیرۆز بێ قیبلەکەی وەتەن

مەلا عەبدورڕەحمان شەرەف لەو تەمەنەدا نەبوو کە لەگەڵ کاکی لای باوکم بخوێنێ بەڵام ئەوەندەی کە لە کۆیێ مدیری مەکتەب بوو هەفتانە ٤-٥ جار بەڵکوو پتریش دەهاتە لای باوکم، باوکیشم زۆر جاران سەردانی دەکرد لە مەکتەب. لەگەڵ مامیشم یەک ماڵ بوون، تەنانەت کە هاوینان بە سەفەری یەک ڕۆژە بهاتبانە کۆیێ زۆر جاران قاوەڵتی نیوەڕۆژەمان لە ماڵی ئەودا دەخوارد. لە چەند ساڵێکی بەرەودوای وەزیفەداری وازی لە «تعلیم» هێنا و بوو بە مدیری ناحیە و هەڵکشا بوو بە قایمقام، ساڵی کۆچی دوایی مامۆستا شەرەفم لێ ڕوون نییە. ڕەنگە بەر لە ١٩٥٨ بێ.

٢- مامم، شێخ نوری حاجی مەلا عەبدوڵڵا.

٣- مەلا حەوێز ئەفەندی قۆچاغا. وا بزانم لە بنەماڵەی ئەو محمەد قۆچ پاشایەیە، کە مێژوو باسی کوژرانی دەکا لە لایەن عەبدوڕڕەحمان پاشای بابانەوە، لە ساڵی ١٢١٦ ک (وەک لەبیرم بێ). ئەم مامۆستایەمان مەلایەکی دڵ هۆشیاری ئێسکسووکی پاکپۆشی ئەدیب و قسەخۆش بوو. بەدەم دەرسەکانییەوە گەلێک جاران بای دەدایەوە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بە دەمووودووی حیکایەت بێژ کە زۆر پتر لە مێژووی پاتەوپات لە دڵاندا کاریگەر و جێگیر دەبوو. بە کوردی و فارسیش هەڵبەستی هەبوون. کەسی لە دوادا بەجێ نەما وەجاغی ڕوون بکاتەوە.

٤- مامۆستا عومەر ئەمین. خەڵقی هەولێر بوو. باشترین دەرسدەری «قراءە» و حیساب بوو. دوای دەیان ساڵ بۆی دەگێڕامەوە (خۆیشم لەبیرم بوو) کە لە ماوەیەکی کورتدا فێری نووسینی بووم، هێندەشم لێ ڕازی بووکە زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لە پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی لە خۆم هەورازتر، دەچووم و پرسیارێکم وەڵام دەدایەوە کە قوتابیەکی ئەو پۆلە وەڵامی پێ نەدرابۆوە. تا بشڵێی مەمنوونی دەکردم کە دەمبیستەوە لای باوکم ڕەزامەندی خۆی بەرانبەرم دەربڕیوە مامۆستا عمر امین لە پاش خۆی دیارییەکی باشی بۆ سەقافەتی کوردی بەجێ هێشتووە، ئەویش د. وریا عومەر کە لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەورووپا بەرخوردار بووە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ دەکات.

مامۆستاکانی دیکەم کە لە ساڵی خوێندنمدا دەرسیان دەگوتەوە، بۆم ساغ ناکرێنەوە، واتە نازانم لەو مامۆستایانەی کە بیرم دێنەوە چەندیان هی سەرەتای خوێندنم بوون. ناچارم بە تێکڕایی و بێ دەستنیشان کردنی ساڵ و ڕۆژ ناویان دەبەم مەگەر بە ڕێکەوت لە بارەی یەکێک و دوانیانەوە ئەو ساڵ و ڕۆژە بزانم و باسی بکەم. لە مامۆستاکانی هەرە دێرینەم کەوا ڕەنگە تێیاندا هەبێ لە ساڵی یەکەمی خوێندنەوە دەرسی پێ گوتبێتم ئەمانەن: مامۆستا ساڵح قەفتان، مامۆستا عەلی ئاگا، مامۆستا عەزیز (ناوی باوکی نازانم و خەڵقی سلێمانی بوو.)

مامۆستا قەفتان لەبەر بیروڕای نەترساوی جارێکیان دووچاری سەرێشەیەکی ناقۆڵا بوو. کە من ئەوسا هەر لە دوورەوە بۆرە باسێکی دەهاتە بەر گوێم و دواتر بە درێژی بۆیان گێڕامەوە. بە تایبەتی مامۆستا عەلی ئاگا کە خۆی لەو دەمەدا هاوڕێی مامۆستا قەفتان بوو زۆریش بە مەسەلەکەوە ناڕاحەت بوو بوو. کێشەکە دەخلی بە عەقیدەوە هەبوو، بۆیە بوو زۆر لەوانەی خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن لە پاراستنی عەقیدە، لە مامۆستا قەفتان کەوتنە چپەچپ و مەسەلەیان گەیاندە حکومەت. باوکم کەوتە نێوانەوە و لە دوا هەموانی نارد و لای خۆی هەراکەی کپ کردەوە. لێرەدا ڕێم نییە چەندوچۆنی ئەو مەسەلەیە باسی بکەم چونکە هەم هەستیاری تێدایە و هەم پەکیش لەسەر شەن تێداکردنی نەکەوتووە.

لە پۆلی دووەم یان سێیەم بووم مامۆستایەکی هەولێریمان بۆ هات تەنها ڕیازەی بە قوتابییان دەکرد ناوی انور حاجی حسن بوو. جارێکیان لە چوونەوەمان بۆ ناو ژووری دەرس، بێ لزوم زللەیەکی لێ دام. تا ئەو ڕۆژە لێدانم نەخواردبوو، ئەو ڕۆژەش لە نەشارەزایی مامۆستاکەمەوە بوو لێم درا. تازە هاتبوو، قوتابیاکانی نەدەناسی، دەنا دەبوو بزانێ من لە قوتابییە هێمنەکان بووم. وا پێ دەچێ لە قەڵەباڵغیدا بە هەڵە منی تاوانبار زانیبێ. بە دەست خۆم نەبوو لە هەژمەتان گریام. مەسەلەکە گەیشتەوە مدیر و

ماموستاکان بێ ئەوەی من هیچ بڵێم یان شکات بکەم. ئەوان، نەک لەبەر لایەنگیری بەڵکوو لە باوەڕی خۆیانەوە کە من هی لێدان نیم، تێیان گەیاندبوو کە کارێکی باشی نەکردووە...

سەرتان نەیەشێنم ماموستاکەم بە دڵ پەشێمان بۆوە و دڵی دامەوە. زۆر نەمایەوە لامان دواتریش. خوای لێ خۆش بێ، شێواو لەو شێواوییەدا جوانەمەرگ بوو. دوای دوو سێ ساڵ برایەکی ئەو، ماموستا عیسا حاجی حسن، بوو بە ماموستامان و دەرسی حیسابی پێ دەگوتین، بە ڕاستی جوانمەرد و تێگەییشتوو بوو تا بشڵێی لە سەرخۆ بوو خوێندنی بەرزی تەواو کرد پاش ئەوەی چەند ساڵێک بە موعەللیمی ڕابوارد شەهادەی دکتۆرای لە «بیطره» وەرگرت. هەتا ئەم دەمە پێوەندیمان بەردەوامە و بە چاوی ئەو سەردەمەی سەیر دەکەم ...

ماموستایەکمان کە لە پۆلی پێنجەم دەرسی «اشیاء» ی پێ دەگوتین مەلا ساڵحێکی بادینی بوو. لەو باسە نوێیانەی کە تازە بە تازە دەهاتنە ناو کۆڕی خوێندن و خوێندەوارانەوە هەر شتێکی لەگەڵ عەقیدەی کۆنی خۆی ڕێک نەکەوتبایە لێی بە دەنگ دەهات و دەیگوت ئەمە قسەی ئەورووپاییانە، خواش نەبێ کەس نازانێ ڕاستی و حەقیقەت چییە، نەکەن بەو تەرزە قسانە باوەڕ بکەن... ئەویش زۆر نەمایەوە.

خالیدەفەندییەکی خەڵقی سلێمانیمان بۆ هات، ڕەفتاری لە خۆ ڕازی بوو وەک کە زاپتێک لەگەڵ عەسکەرەکانی ڕێ بکات ئەویش لەگەڵ ئەو خەڵقە وەها بوو. لەبەر هۆیەکی کە نازانم چی بوو کەیفی بە شێخ مەحموودی حەفید نەدەهات...ئەو ساڵە تازە بە تازە زەکی ئەحمەد هەناری کە لە دەرچووانی فێرگەی کۆیێ بوو کرابوو بە ماموستا لە کۆیێ. زەکی هێندێک سروودی بە قوتابیان دەخوێندەوە دەبووە هۆی گۆبەند و خالیدەفەندی وەها تورە دەبوو باس ناکرێ. زۆر جاران نەشیدەکەی بە قوتابیان دەبڕیەوە، زەکی هەناریش سمێڵە خنکەی دەهاتێ و بە قەستی پۆزی وەهای وەردەگرت گۆیا لە کردەوەکەی خالیدەفەندی ناڕازییە. یەکێک لە دوو کوڕەکانی خالیدەفەندی کە ناوی عەبدوڵڵا بوو هاوتەمەن و هاوپۆلم بوو هەتا لە کۆیێ بوون زۆر برادەر بووین و بە دڵ خۆشم دەویست. ساڵەها دوای ئەو ڕۆژگارە یەکدیمان دیتەوە ئێستا نازانم لە چ عالەمێکدایە. برا گەورەکەی ناوی عەبدولخالق بوو لە ئێمە بەرەوژوورتر و بە تەمەنیش لێمان دوور بوو، هەرگیز لێی نزیک نەبوومەوە. نیوەڕۆیەکیان عەبدوڵڵام لە ماڵی خۆمان گل دایەوە و بە یەکەوە دۆڵمەمان خوارد. خالیدەفەندی وەهای کرد ڕۆژێکی دیکە عەبدوڵڵا من بۆ نیوەڕۆژە بباتەوە ماڵی خۆیان، بەڵام نانەکەیان گەلێک لە سنووری دۆڵمە تێپەڕاند بوو. بێگومان خالیدەفەندی بە ڕاسپاردە وەهای کردبوو کە ئەو ڕۆژە خواردنی نایاب دروست بکەن. وا بزانم ڕێشی نەدەدا لە من بەولاوە چ قوتابییەک وەها لە عەبدوڵڵا نزیک بێتەوە کە بگاتە مێوانداری و هاتوچۆی نێو ماڵ.

لە ماموستا بەرچاوەکانمان کە بە پێی کێشانە و پێوانەی تەمەنی منداڵی و دەفری زەینی فێرگەی سەرەتایی بە خاوەن شەخسییەت دەژمێرران، لە کۆمەڵیشدا ڕێزی تایبەتییان لێ دەنرا. سێ کەسیان شوێنی تایبەتییان لە زەینی ئەوساکە و ئێستاکەشمدا هەیە. یەکێکیان ماموستا عەبدوڵڵا عەزیز، بە شێوە و بە گفتار و بە ڕەفتار و بە جۆری دەرس گوتنەوەشی سەرنجی ڕادەکێشام و ڕێزم لێدەنا. هەرچەند ماوەی مانەوەشی لە کۆیێ زۆر درێژ نەبوو، یادی لە دڵماندا زیندوو بوو. دوای دوور کەوتنەوەی لێمان چەند جارێک دیتمەوە دەتگوت هەرگیز لە یەکدی دانەبڕاوین. دواتر بوو بە مدیری ناحیە کە ئیتر

ئاگام لە چەندوچۆنی هەڵسوکەوتی ژیانی نەما. لە چاو هاوتەمەنەکانی خۆیدا زۆر زوو کۆچی دوایی کرد. بە داخەوە ناتوانم بڵێم خەڵقی کوێ و بنەماڵەکەی چی بوو چونکە شارەزای ئەو بارەی نیم. ئەوی دیکەیان مامۆستا عەبدوڵڵا سامی بوو. هەتا بڵێی مرۆیەکی زەین کرایەوە و ڕوح سووک و قسەخۆش و خوێندەوار و یارانی بوو. لە هەر مەجلیسێک بایە گیانێکی نوکتە و گەشایی و خۆشیی تێ دەگەڕا.

لەبیرمە جارێکیان سەیرانی مامۆستاکان و قوتابیە کۆییەکانی فێرگەکانی بەغدای ئەوسا بوو کە لە پشووی هاوینەدا هاتبوونەوە کۆیێ. من هەرچەند جارێ لە سەرەتاییدا بووم بەڵام، کوردی گوتەنی، پێکیان دەکردم. ئەوسا باوی گرامۆفۆن بوو، هەریەکە داوای قەوانێکی دەکرد ئیتر پەیتا پەیتا قەوان بە دوا قەواندا دەهات، مامۆستا عەبدوڵڵا سامیش پتر حەزی بە قسە و نوکتە دەکرد. لە کۆتایی قەوانێکدا مامۆستا سامی دەنگی هەڵبڕی و گوتی ئنجا نۆرە دڵخوازی منە، تکام ئەوەیە بۆ من قەوانێک لێ مەدەن ئیتر خۆتان ئەو قەوانە هەڵبژێرن... ماوەیەکی باش بۆ ئەو نوکتە خۆشە گرامۆفۆنیان وەستاند، مامۆستا عەبدوڵڵاش بە دەم قسە و پێکەنینەوە سەری با دەدا و خۆی دەهێنا و دەبرد بۆ ئاوازی ئەو قەوانەی کە بە وەستاوی لەسەر گرامۆفۆنەکە داندرابوو.

جارێکی دیکە لە نادی کۆیێ خەڵقەکە یاری کۆنکانیان دەکرد، زۆربەشیان ئەفەندی مەکتەب بوون و کەوتنە سەر باری نوکتە هێنانەوە بە دەوری یاری کۆنکانەوە. یەکێک گوتی: یا اهل الکونکان، ئەوی دیکەیان گوتی نەخێر دەبێ بڵێین ایها الکونکانیون... مامۆستا سامی گوتی، هەر دەڵێی مێژووتان لەبیر نەماوە، لەسەر وەزنی «غساسنة و مناذرة» دەبێ بڵێین «ایها الکناکنە». مامۆستا سامی هەر وەک دەرسی زێدە ڕێکوپێکی دەگوتەوە لە تەمسیلیش، بێ مامۆستا شارەزایی هەبوو. لە یەکەم تەمسیلی شانۆی کە لە مەکتەبی کۆیێ بە سەرناوی «کچی کوردستان» ڕێک خرامامۆستا سامیش و مامۆستا زەکی هەناریش دەوریان هەبوو، دەوری هەریەکێکیشیان بە پێی دروشمی شەخسیەتێ بۆی ڕەچاو کرابوو، مامۆستا زەکی نەختێک بزێو بوو کرابوو بە ڕێگر، چەتە. مامۆستا سامیش بە خۆی و تەبیاتە دوورەشەڕەکەیەوە دەوری یەکێکی مێرخاسیان بۆ دیاری کردبوو. بە پێی زەوق و تێبرِ کردنی ئەو سەردەمە هەردوویان لە دەوری خۆیان سەرکەوتوو بوون. بەڵام تەرازووەکە نەختێک بەلای مامۆستا زەکییەوە بوو چونکە جموجووڵی پڕ هەرا و هاتوباتی ڕێگر خەرمانەیەک بە دەورەی ڕێگردا دەبەستێ. مامۆستا سامی بە درێژایی عومری بۆ من مامۆستا و دۆست و برا گەورە و برادەر بوو. وەی کە بە دڵ خۆشم دەویست. پار بە خامۆشی و بێ دەنگ و سەدا سەری نایەوە، تا من خەبەردار بووم ماوە بەسەر مەرگیدا تێپەڕی بوو. چەندێکی ویستم، نەمتوانی دەنگم بە هیچ یەکێک لە ئەولادی ڕابگەیەنم چەند جاران ژمارە تەلەفۆنی خاتوونی کچیم بادا، کەسی بیسەرەکەی هەڵنەگرت. وا بە ناچاری و بە دوا کاتەوە لێرەدا سەرەخۆشی لە خانەوادەی دەکەم بە تایبەتی فوئادی کوڕی کە لە تەبیاتی باوکییەوە دڵفرەوانی و بەخشندەیی وەرگرتووە. بۆ گیانی پاکی عەبدوڵڵا سامیش سەد عوزری خەجاڵەتی...

مامۆستای سێیەم کە بە ئانقەست ناویم خستە ئاڵقەی دوایینەوە مامۆستا عەبدولخاق قتبە. بنەماڵەی «قطب» چەند پشتێکە لە کەرکووک نیشتەجێن و بە دەرس و زانستەکانی ئیسلامییەوە خەریک بوون. بە پێی کورتەی مێژووی ئەو بنەماڵەیە کە لە سەر داخوازی خۆم مامۆستا مەلا عەبدولەجید قطب

(به عەرەبی) بۆی نووسیم، درەختی نەسەبی مامۆستا عەبدولخالق بەم جۆرەیە: باوکی مەلا ئەحمەد، کە دوای دەرچوون لە ئیمتیحان بە پلەی ئیمتیاز لە ئەستەنبول بۆتە قازی و خاوەن تەئلیف بووە لە زۆری زانستەکانی ئیسلام، کوڕی مەلا محەمەدە کە ناوی بە قطب دەرکردوە، ئەویش کوڕی مەلا ئەحمەدە، ئەویش کوڕی عوسمانە. بەر لە مەلا عوسمان وەک کە مامۆستا عەبدولخالق بۆی گێڕامەوە بنەماڵەیان لە ناوچەی شێخ بزێنی ژیاوە. مەلا مەجید خۆی کوڕی حاجی مەردانە و ئامۆزای مامۆستا عەبدولخالقە و شوێنەواری عیلمییەتی بنەماڵەی لە کەرکووک پاراستووە.

مامۆستا عەبدولخالق (لێرە بە دواوە بە قطب ناوی دەبەم) لە قوتابخانەی کۆیێ مامۆستایەکی هەرە بەرچاو بوو، هەر کە بە دیار دەکەوت قوتابییەکان دەکەوتنە باری خۆپاراستن و شەرم و شکۆ. لە دەرسی ئەودا هیچ قوتابیەک نەیتوانیوە بێ ڕێزی ی یان بێ ئسولیی لێ بەدەر بدات. لە پۆلی پێنجەم و شەشەم دەرسی ڕێزمانی ئینگلیزی بە ئێمە دەگوتەوە، بێ دوو دڵی کردن دەڵێم لەو ماوەیەدا سەرلەبەری ڕێزمانی ئینگلیزی پێ گوتینەوە تا ئەوەی لە هەموو خوێندنی دواترمدا شتێکی تازەم لە ڕێزمانی ئینگلیزی نەبیست. ڕاستییەکەی مامۆستا قطب نەک هەر لە ئینگلیزی بگرە لە هەموو مادەکانی ئەوسا قوتابخانەی دەستێکی باڵای هەبوو. مامۆستا عەبدوڕڕەحمان شەرەف نەقڵ کرا بۆ قەزایەکی دیکە (وابزانم ڕەواندز) ئیتر مامۆستا قطب لە جێی ئەو بوو بە مدیر.

دۆستایەتی مامۆستا قطب لەگەڵ باوکم زۆر بە تین بوو. لە سەردەمی مودیرایەتییەکەیدا زۆر جاران باوکم سەردانی مەکتەبی دەکرد و نیوەڕۆژەشی هەر لە مەکتەب لای مامۆستا قطب دەخوارد. لەو تەرزە ڕۆژانەدا مامۆستا وەڵامی بۆ دەناردم کە دوای دەوام بمێنمەوە و لەگەڵ ئەواندا نان بخۆم. پێوەندیمان کە لە مامۆستایی و قوتابیەتییەوە دەستی پێ کرد بە درێژایی ڕۆژگار لە بەرزبوونەوە و پتر بەهێزبووندا بووە تا ئەمڕۆژەی ١٩٨٥/٩/٢٠ کە ئەم یاداشتەی تێدا دەنووسم. ڕێکەوتی زۆر خۆشیش بوو کە پێوەندی مامۆستا قطب لەگەڵ مامۆستای دیکەمدا، عەبدوڵڵا سامی، هەتا بڵێی بە تین بوو ئیتر لەو ساڵانەی دوایدا بە زۆری کە دیدەنی یەکدیمان بکردایە هەر سێک بەیەکەوە کۆدەبووینەوە. مامۆستا قطب دواتر بوو بە مودیری «متوسطة» لە کۆیێ، پاشان چوو بۆ ئینحیساری تووتن و بوو بە مودیری ئینحیساری سلێمانی. لێرەدا تاکە نموونەیەکی هۆشیاری و شارەزایی و ئەمەکداری و قەدرزانی ئەو ئینسانەتان بۆ دەگێڕمەوە.

زەعیم ڕوکن عومەر عەلی لە پەنجاکاندا موتەسەڕیفی سلێمانی و کەوتە سەر سیاسەتی بێهێز کردنی بنەماڵە هێزدارەکان، لە پێش هەمواندا بنەماڵەی کاکە حەمەدی شێخ. مامۆستا قطب مودیری ناوچەی ئینحیسار بوو لە سلێمانی. عومەر عەلی لێی داواکرد ئەو ئیجازەی تووتنی بە دێیەکانی شێخ مەحموود دراوە بیان بڕێت. مامۆستا قطب پێی گوتبوو مێژوو ئەمەمان لێ ناسەلمێنێ چونکە سەرچاوەی سەدەیەک و چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر هەیە کە شوێنێکی وەکوو دەشتی بازیان تووتنی لێ چاندراوە ئیتر چۆن زات بکەین ئەو ڕاستییە مێژووییە پێشێل بکەین؟ ئیجازەکانی بۆ ماڵی شێخ مەحمود پاراست.

وەفاداری لێم داوا دەکات چاکەی مامۆستاکانم بڵێم. ئەوەی ڕاستی بێ لە زۆر کەسم داوا کردوە، لەوانەی ناویان دێتە ناو یاداشتەکانم، کورتە باسێکی بنەماڵەیان وەیا بەرچاوترین ئەندامی بنەماڵەکەیانم

بۆ بنووسیٚ تاکوو باس و خواسی ناو ئەم نووسینەی پیٚ دەوڵەمەندتر بکەم و ناو شۆرەتی جوانمێریشیان بپارێزم بە پێی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە تێیدا ژیاووم پێوەندی خانەوادەییم لە لایێکەوە و پێوەندی شەخسیم لە لایەکی دیکەوە وەهای کردووە زۆر کەس و کۆمەڵ و بنەماڵە بناسم و لە گەلێک هەڵوەستی دەگمەندا خۆم دیتبێتەوە. ئنجا ئەگەر بێم لە گەشتی ژیانمدا تاکە داوی ڕشتەی عومری خۆم هەڵبگرمەوە و سەر لە تەنیشت و ڕۆخم خوار نەکەمەوە و برادەران و هاوتەمەنان و ناسیاوان لەگەڵ خۆمدا نەهێنمە بەر ڕووناکایی وەک ئەو کەسە دەبم کە خەڵق بۆ سەر سفرەی بەتاڵ بانگهێشتن بکەم. دەمەویٚ لەم نووسینەمدا مافی تەواو بە خۆم بدەم کە دێم مافی ئەو کەسانە و ئەو کۆمەڵانە تێدەخوێنمەوە کە ڕەوتی ژیانم بە ڕێچکۆلەی ئەواندا تێپەڕیوە یاخود لەگەڵیاندا، کەم و زۆر، جووت ڕۆیشتووە.

بگەڕێمەوە بۆ مامۆستاکانم، جگە لە مامۆستا قطب کە کەرکووکی بوو، مامۆستایان ڕەمزی ئەفەندی و فاتیح موستەفاش کەرکووکی بوون. ڕەمزی کەم مایەوە، بەڵام مامۆستا فاتیح بەینێک لامان بوو. ئێستاش تێی نەگەییشتم بۆچی قوتابیانی پۆلی شەشەم لیٚی کەوتنە شکات لای مدیر کە ئەوسا مامۆستا قطب بوو. من بیٚ ئەوەی هیچ سەروبەرێکی ئەو شکاتە بزانم لەسەر خوایشتی هاورێکانم، کە هەموویان لە من گەورەتر بوون، زۆر بە دڵ ساردییەوە پشتگیریم لە شکاتەکە کرد. تا ئێستاکەش لەبیرمە کە مامۆستا قطب بە دوایدا ناردم و لیٚی پرسیم هۆی ئەو شکاتە چییە. ئەوەندە بیٚ وەڵام و گومان لەخۆ کردووبووم فرمێسکم هاتنە خوار. وابزانم مامۆستا قطب تێم گەییشت بۆیەبوو خێرا ئیزنی دام بچمەوە ژووری دەرس و بایی سەری دەرزی سەغڵەتی نەکردم. وەی کە پەشیمانم لەو هەڵوەستە بیٚ بنج و لەرزۆکەم. بەڵام زۆری نەبرد شکاتەکە و هەر بنگەیەکی ڕاست و درۆی هەبوویٚ لەبیران چوونەوە و مامۆستا فاتیح بۆوە بەو خۆشەویستە کە لیٚی دەوەشایەوە.

لە نوکتەکانی ئەو مامۆستا فاتیحە شتێک دەگێڕمەوە. جارێکیان ئەزموونی شەفەوی قوتابیانی پۆلی چوارەم یان پێنجەمی دەکرد لە جوغرافیا. من ساڵی پێشوو لە مەکتەب دەرچووبووم بەڵام ڕۆژانە دەوامم دەکرد، ئەو ڕۆژەش بە عادەت هاتمەوە مەکتەب و لەگەڵ کاک مەجیدی ئامۆزام بە یەکەوە لای مامۆستا فاتیح بووین. هەر پرسیارێکی لەو قوتابییەی کرد، بێسوود بوو نەک لەبەر ئەوەی کە وەڵامی ڕاستی نەداوە بەڵکوو چونکە ورتەی لەبەرەوە نەهات، بە زاراوەی ناو فەقێیان «شقی شفەی» ی نەکرد. لەگەڵی بە پشوو بوو هەتا پشووش پەکی کەوت. ئەوسا پێی گوت: فڵانە کەس (ناوی ناهێنم خوا لیٚی خۆش بیٚ) یەک سوئال ماوە لێتی دەکەم ئەگەر وەڵامت دایەوە باشە ئەگینا سفرت بۆ دادەنێم. سوئالەکەش ئەمەیە، ئایا کۆییٚ (واتە کۆیسنجق) قەزایایە یان بەڵایە؟ قوتابیەکەش بە زاری کۆییان زۆر بە ڕەوانی و دەنگ دلێرانە وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەفەندی بەرایە... مامۆستا فاتیح لەسەر بەڵێنەکەی خۆی سوور بوو پێنج نومرەی بۆ دانا کە بایی ناجیح بوونی دەکرد، بەڵام دەشیزانی ئەگەر دە نومرەشی بداتیٚ سوودی نادات چونکە لە مادەکانی دیکە ناتوانیٚ بە قەزاوبەرا دەرباز بیٚ.

مامۆستایەکی دیکەشمان، احمد فخری، بە کەرکووکی دەزانم هەر چەند لێشی دوودڵم. زۆر کەم مایەوە لامان بەڵام پێیەوە دیار بوو کە چەند ڕێز لە خۆی دەنێت و تا چ ڕادەیەک لە پۆلدا شکۆی خۆی دەپارێزیٚ. دوای ساڵەها کە من کەوتمە باوەشی جیهانی بێنە و بەرەوە لەگەڵ مامۆستامدا بووین بە

برادەر بارەها و جارەها لە سەر سفرەی شێخ ڕەئووفی خانەقا لە کەرکووک بە یەکەوە کۆدەبووینەوە و سەعات لە دوا سەعات بە وتووێژی شیرن و شەنگ ڕامان دەبوارد. دوایی بوو بە مدیری ناحیە. خۆم لێم نەبیست بەڵام مەلیکی شێخ ڕەئووف کە خاڵی منداڵەکانمە بۆی باس کردم کە مامۆستا ئەحمەد فەخری بە پێی گێڕانەوەی خۆی کاتێک کە لە ناوچەی سیدەکان مدیر ناحیە بووە چۆتە سەردانی یەکێک لە شێخە خاوەن تەریقەت و مریدی ئەو ناوە، لە وتووێژدا باسی جگەرە و تووتن کراوە، شێخەکەش گۆیا مەعلوومات فرۆشی دەکات، گوتبووی، خوا لە قورئان دەفەرموێ «لعن الله من احدث التوتن» وشەی تووتنیشی بە شێوە ئاخاوتنی خۆی دەربڕی بوو کە دەنگی «و» تێکەڵ بە «ی» دەکەن وەک کە فەرەنسییەکان دەیکەن.

ئەو قوتابیانەی کە هەر لە دەمی قوتابییەتی من لە فێرگەی سەرەتایی کۆیێ خوێندنی بەغدایان تەواو کرد و بوون بە مامۆستا لە کۆیێ ئەمانە بوون: زەکی هەناری، سەعید سەلیم، طاهر صادق، جەلال حەوێز، عەبدوڕڕەحمان نورجان. ڕەنگە هی دیکەش هەبن من ناویانم لەبیر چۆتەوە یان بە هەڵە وەها بزانم دوای دەرچوونی من بووبێتنە مامۆستا وەکو سابیر ئیسماعیل و سەید ئەحمەد مەلا وەلی. لەمانە و لە هەموو ئەو مامۆستایانەی دەرسیان پێ گوتووم لە فێرگەی کۆیێ تەنها مامۆستا قطب ماوە، خوا تەمەنی درێژ کا، ئەوانی دیکە هەموویان یەخسیری بەندیخانەی قەبر بوون.

ئەوەندەی بیر دەکەمەوە لەو قوتابیانەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندنم هاوپۆلم بوون تەنها یەکێکیانم بە بیردا دێتەوە، ئەوانی دیکە ڕەنگە وردە وردە لە هەڵکشانی من و دواکەوتنی ئەوانەوە بووبێتینە هاوپۆل. ئەو قوتابییە کە بە چەند ساڵێکیش لە من گەورەتر بوو عەبدوڕڕەزاقی کوڕی تۆفیق ئەفەندی مەلا ئیمام بوو، بەڵام چۆن قوتابیەک!؟ کە دەرسی قەواعیدی عەرەبیمان دەست پێکرد لە وەڵامی پرسیاری مامۆستادا «ضرب» تەرکیبی چییە جەوابی دایەوە: مامۆستا، زەڕەبە ئیسمی موڕالیعە!!

وا بزانم لە پۆلی دووەم یان سێیەم بووم کژیش زستانە و ڕەمەزان بوو، لە دەرسێکدا مدیرمان، مامۆستا عەبدوڕڕەحمان شەرەف لێی داوا کردین بە پێی دەستوقامی خۆمان باسی جۆری ڕابواردنی ڕۆژانەی خۆمان بکەین بە عەرەبی. ئەو زەمانە عادەت وەها بوو کە کاتی نوێژی نیوەڕۆ دادەهات چەند مامۆستا و هەموو قوتابییە نوێژکەرەکان و هێندێکیش لەوانەی بە چاولێکەری ڕەگەڵ خەڵقی دەکەوون دەچووینە مزگەوتی گەورە کەوا ٥٠–٦٠ مەترە لێمانەوە دوور بوو. زوربەی خەڵقی شار و ئەفەندی خوێندەوار و بەشێکیش لە منداڵی ژێر پاش عەسران دەچوون بۆ مەجلیسی وەعزی باوکم. ئەویش هەر لە مزگەوتی گەورە. خەڵقەکە ئەوسا دەیانگوت «دەچین بۆ سەیری وەعزان». منیش کە لە نووسینمدا هاتمە سەر باسکردنەوەی چوونم بۆ مەجلیسی عەسرانەی وەعز ئەو زاراوەیەی «سەیر» م بەکارهێنا چونکە هیچی دیکەم نەدەزانی «... اذهب الی الجامع لسیر الوعظ». هەر لەبیرمە مامۆستا شەرەف ئەو وشەیەی بۆم ساغ کردبۆوە و لە سەری نوسی بوو «لاستماع...» شوێنی دیکەشی بۆم ڕاست کردبۆوە بەڵام چۆنیەتیەکەم نایەتەوە بیر.

خوێندنی ئەوسا لە هێندێ ڕووەوە پتر و زووتر ماوەی دەبڕی لە هی ئێستاکە. بە نموونە دەڵێم،

جارێکیان کە قوتابی پۆلی چوارەم بووم لە جیاتی باوکم لە دانی ئێوارە چوومە بەشداری کردن لە تازیەی ماڵی شێخ کەریمی بەرزنجی. دانی نیوەڕۆ باوکم خۆی دەچووە تازیەکە و نانیشی لەگەڵ خزمانی تازیەدار دەخوارد ئێوارانیش منی دەنارد. من لە تەنیشت خاڵە نەجمەددین، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، کە لەو تازیەیەدا گەورەترین کوڕی شێخ کەریم بوو، دانیشتبووم. ئەویش لەگەڵم کەوتە گفتوگۆ و زۆر شتی لێ پرسیم لە بارەی فەلەکەوە کە بە چاکیم دەزانی و لە مەکتەب و لە خوێندنەوە و بیستنی دەرەوەی مەکتەبەوە سەرەدەریم لێ دەکرد و دانەدەمام، بە ڕاشکاوی وەڵامم دەدایەوە و مەجلیسەکەش سەرلەبەری گوێی گرتبووە ئەو وتووێژەی نێوان پیرێکی سەر بەرماڵی ٦٥ساڵی و منداڵێکی ١٢-١٣ ساڵی. خاڵە سەدر، کە برا چووکی خاڵە نەجمەددین بوو لە دوورایی سێ مەترێکەوە دانیشتبوو، شەخسێک (ئێستاکە نازانم کێ بوو) بە دەنگی نزمەوە لێی پرسی و گوتی ئەرێ پێم ناڵێی قازانجی ئەو مەکتەبە چییە؟ من چونکە بەر ئەو پرسیارە دەکەوتم باشم گوێ لە قسەکانیان بوو، خاڵە سەدر پێی گوتەوە، قازانجی مەکتەب ئەوەیە منداڵێکی وەها لەگەڵ شێخێکی وەکو کاکمدا دەدوێت و من و تۆش تێییان ناگەین. بڕوا دەکەم خاڵە سەدر لەو وەڵامەیدا مەبەسی بوو لایەنگیریم بە زیادەوە بکات دەنا بێگومان ئەگەر دڵی دابایە ئەو وتووێژە باشی تێدەگەییشت.

ئیشکالێکی زۆر گەورە بۆ من لەو تەمەنەدا ئەوە بوو کەوا گەلێک جاران باوکم لە جیاتی خۆی بۆ شوێنی ئەوتۆی دەهەناردم کە هەر پیاوی گەڕایەوە لێی چاوەڕوان دەکرا بە سیفەتی «برا گەورە» تێیدا بەشداری بکات. وەها ڕێک دەکەوت پیاوە هەرە گەورەکانی کۆیێ بە خۆیان و دەستە و دایەرەیانەوە ئامادەی کۆبوونەوەی ئەوتۆیی، چ شین چ شایی، دەبوون کە من تێیدا نوێنەری باوکم دەبووم، ئەوانیش لەبەر حورمەتی باوکم لە هەموو هەڵستان و بزووتنەوە و دانیشتنێکدا منیان پێش خۆیان دەیەخست ئیتر هەر منداڵێکی وەکو ئەوسای من دەیزانی لە هەڵکەوتی وەهادا چەند زەحمەتە لە ئسووڵی دەقگرتوو هەڵە نەکات. جارێکیان کەوا منداڵ بووم بەو جۆرەی هەموو ئسووڵی نوێژ فێر نەبوو بووم چوومە سەر داوەتی گوێزانەوەی بووکێک، نوێژی ئێوارە بە جەماعەت دەکرا منیش بە هەموو عومرم نوێژی جەماعەتم نەکردبوو. ڕەکعەتی سێییەم کە لە بەر خۆمەوە «تحیات» م تەواو کرد نەمزانی چ بکەم، بەینێک بێ خوێندن ڕاوەستام مەلای پێش نوێژ درێژەی دایە نوێژی خۆی، منیش نەمکردە تەنبەڵی سەلامم دایەوە و ڕاستبوومەوە بۆ سەر ئەو شوێنەی لە سەرووی خەڵقەکەوە پێشتر لێی دانیشتبووم. کەس لە ڕووی نەدام بەڵام دەبێ خەیالێکیان لەو ڕەفتارەم کردبێ، بەڵکو وەهایان زانیوە کەوا بە بیرمدا هاتۆتەوە دەسنوێژم نەبووە! چەندین جار وەها دەبوو لە باری ئەوتۆییدا مەلای پێش نوێژ ئیلحاحی دەکرد من بەو منداڵیمەوە ببمە ئیمام بەڵام لێم نەدەسەلماندن نەک لەبەر شەرم و ترسی بەڵکوو چونکە نەمدەزانی چۆن ڕێ بکەم و جگە لە فاتیحە چی بخوێنم. بەڵام خۆم ناچار دیت فێری چەند ئایەتی کورتیلە و دوعای پێش ئیمامەتی ببم نەکا تووش بێم، ڕاستییەکەی تووشیش هاتم، لە داوەتێکی ژن گوێستنەوەدا، نیوەڕۆژەمان لە ماڵی زاوا کرد، بەر لە نان خواردن بانگی نیوەڕۆی دا و دیندارە بێفێڵەکان پێیان داگرت لە سەر ئەوەی نوێژی جەماعەت بکرێ، مام حاجییەک وەکو قیروبنێشت پێوەم نووسا و قۆڵی گرتم خستمیە شوێنی ئیمامەوە منیش وەکو سندرقۆق بەو تەمەنە شلکەمەوە ملم نایە خوێندنی «اللهم رب هذة الدعوة التامة والصلاة

القائمة...»، له ڕەکعەتی یەکەم، بە خامۆش، «انا اعطیناک الکوثر...» و له هی دووەمیش «قل هو الله...» م خوێند و له هیمەتی چاک و پیران ئەو چەڵەمەیەم تێپەڕاند بەڵام چ جاری دیکە تووش نەهاتمەوە. ئەگەر لەگەڵ مامما نوێنەرایەتی باوکمم کردبایە ئیشم باش دەبوو چونکە ئەو وەکالەتی باوکمی دەکرد له ڕەسمیاتی شەکلی و ئاینی ئەو جۆرە هەڵکەوتانەدا، هەرئەوەندە بوو له خەڵقەکەی دەگەیاند کە من له جیاتی باوکم بۆ ئەو شوێنە چووم.

شەخسییەتی باوکم له لایێکەوە زۆر یارمەتی دەدام له ناو مندالاندا که هیچ کامێکیان بێ دڵیم نەکەن و له قسەم دەرنەچن و نازیشم بکێشن، له لاییکی دیکەشەوە مەیدانی ئازادیی گەمە و گەپمی لێ وەتەنگ دەهێنام چونکە بۆ یەکێکی وەکو من کە ڕۆژێک پێشتر نوێنەرایەتی باوکمم له قەڵەبالغی پیاو ماقووڵاندا کردبێ گەلێک ناقۆڵا خۆی دەنواند کە له جگێنە و تۆپێنەی مندالاندا بدیتریم. ئیتر هەر جارە کە یەکێک لەوانە منیان لەو موناسەبەتەدا دیتبوو به گەڕەکەکەماندا تێپەڕی بایە من یا زوو خۆم دەشاردەوە کە بە جەگ و تۆپەوەم نەبینێ یان بە جۆرێک کنارگیر ڕادەوەستام وابزانێ سەیری مندالەکان دەکەم، ئەویش سەلامێکی ڕێکوپێکی لێ دەکردم و وەڵامی لێ وەردەگرتمەوە و تێ دەپەڕی. جارێکیان پیاو ماقووڵێکی گەڕەکی خۆمان بەلاماندا تێپەڕی بۆ مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد بە نیازی چوونە مەجلیسی باوکم. منیش ئەو هەڵمات و جگەی له دەستمدا بوون خستمنە دواوە و ڕاوەستام. کابرا سڵاوی کرد و بە زمانی فەسیح پێی گوتم، کاکە فڵان بە خوا له تۆ ناوەشێتەوە کەلایانێ (هەڵمات) لەگەڵ مندالان بکەی. وەی کە کاری تێکردم و کوژاندمییەوە. پەنجەکانی ئەو دەستەم کە جگ و کەلاکەی تێدا بوو شل بوونەوە و چی له دەستمدا بوون لە دوامەوە ترپ ترپ بەربوونەوە سەر زەوی.

ئێستاکە کە بۆ یادی ئەو دەمە دەچمەوە هەستی ناڕاحەتی و خۆ بە مەغدوور زانین دەکەم، بە ڕاستیش ستەمدیدە بووم چونکە گەمە و گەپ له خوێنی دەماری مندالاندا هاتوچۆ دەکا کە لێت مەنع کردن وەک ئەوەیە ماسی لە ئاو مەنع کەیت. چ بڵێم، ئەمە چارەنووسم بوو. هاوڕێکانم لەو بەندە ڕزگار بوون و گوێیان نە دەدایە هاموشۆکەر، کەچی من له هەر شوێنێک تووشی پیاوی گەورەی ئەو ڕۆژگارەی کۆیێ هاتبامایە مامڵەتی پیاوانیان لەگەڵدا دەکردم بە سەلام کردن و ئەحواڵ پرسینەوە چونکە هەموویان دەیانناسیم هەرچەند من هەموویانم نەدەناسی.

ساڵی یەکەمی خوێندنم بەسەرچوو، گەییشتینە پشووی هاوینە. بێ ئەوەی من ئاگادار بم بڕیارێک درابوو لە ماڵمان ڕووپەڕەیەکی نوێی لەو هاوینەدا هەڵدایەوە کەوا بۆ تەمەنی ئەوسام سەیر و سەمەرە بوو. دایکم، بە ئیزنی باوکم سەردانی سندۆڵانی دەکرد کە نیشنگەی باب و باپیرەکانی بوو، خوشکم یا عیفەتیش ببووە نەوبووکی ماڵی حاجی سەید گوڵ، مامی دایکم. له ئالقەی پێشووتر باسم کرد کە شێخ حەسەنی حاجی سەید گوڵ ئەو خوشکەمی مارە کرد. له سندۆڵانەوە شێخ حسێن و فەقێ وەسمانی سەرکاری ئیش و کەسابەتیان و حەسەنی خانمێ کە پێش خزمەت و خەزووری فەقێ وەسمانیش بوو لەگەڵ چەند بەردەستێکی بە قەتاری وڵاغانەوە هاتن بۆ کۆیێ.

بە هاتنی ئەوان من زانیم سەفەری پژدەرمان لە پێشە. ڕۆژێکیان بارووتە لێک نران و عەسری دابوو له ڕێی چاکی هەیبەسوڵتانوە بەرەو ڕۆژهەلات بەڕێ کەوتین. لەو سەفەرەدا جگە له دایکم و نەجیبەی

خوشکم و من، یا عسمەت و فەتحی و کافیە و عەیشێ (لە ئاڵقەی پێشووتردا باسیان هاتووە) بەشدار بوون. چەند پیاوێکیش، کە لەواندا هەر کاک تاهیری حەمە لاڵم بە بیردا دێت، بە ناوی ئاگاداری و خەبەر هێنانەوەی دوای گەیشتنمان لەگەڵمان بوون. چونکە ئافرەت و منداڵ و وڵاغی بار لەو قافڵەیەدا هەبوون نەختێک بە تەنبەڵی دەڕۆیشتین بۆیە بوو کە گەیشتینە ئەو ئاستەنگەی پێی دەڵێن تەنگی خدران تاریک داهات و سەلامەتی خەڵقەکە بەند بوو بە هێزی چاوی وڵاغەکانەوە.

کاک تاهیری حەمە لاڵ لەو شوێنەوە هەتا نزیکی خدران کە خەتەری هەڵدێران و خلیسک بردنی وڵاغ نەما منی بە کۆڵی خۆی هەڵگرت، لێش نەگەڕا کەسی دیکە نۆرەی لەگەڵدا بکات. ئەمانەتی باوکم بووم دڵی ڕەوای نەدەدا تەسلیمی کەسی دیکەی بکات. شەو لە ماڵی سمایلاغای مەلا ئەحمەداغای غەفووری، کە مدیر ناحیەی خدران بوو، مێوان بووین، بەڵام هەر بە ناو پێمان دەگوترا مێوان چونکە سمایلاغا هەم بە دڵ باوکمی خۆشدەویست هەم زۆریش دۆستی بنەماڵەی سندۆلان بوو، خێزانەکەشی هێندەی خوشک بۆ خوشک لەگەڵ دایکم ئاشنا بوو، ئەهلی ماڵەوەشمانی یەکە بە یەکە دەناسی.

بە بیرم نایە ئەو شەوە چۆن بەسەرچوو. لەبەر ماندوو بوون زوو خەوتم تا سبەینێ. دوای بەرچایی کەوتینە ڕێگە بەرەو دەربەندی سەنگەسەر کە پێی دەگوترێ دەربەندی ڕەمکان. نیوەڕۆژەمان بردە ماڵی کاکە مینە لە دێی تۆبەکاران (ئەگەر لە ناوی دێیەکە سەهووم نەکردبێ). وابزانم بەر لەوەی بگەینە ئەو قۆناغە ئافرەتێکمان لە پەڕینەوەی ڕووبارێک کەوتە ناو ئاو بەڵام سەلامەت بوو، لە پێکەنینی گشتی بەولاوە چ زەرەرێکی لێ پەیدا نەبوو.

ماڵی کاکەمینەش هەر دۆست و ناسیاو و ئاشنا بوون زۆریان خزمەت کردین. دیمەنی ئەو ناوە کە هاتبێتە بەر چاوی ئەو تەمەنەم کمێکی لێ یاد دەکەمەوە. پووشی بێتوێن بە دەوری ڕێگەوە بەشی هەرە هەرە زۆری چەشمەندازی ڕێبوارێکی وەکو من بوو کە ئەوسا چاوم نەدەبڕیە دیمەنی دوور. قەمیشەلانی ئەو قۆپیانەشم دێتەوە یاد کە لێیان دەپەڕینەوە بەڵام نازانم کامیان کامەو چی پێ گوتراوە.

بە هەمە حاڵ دیسانەوە دمەو عەسر بە ڕێ کەوتین. کە لە دەربەند ئاودیو بووین بۆ پژدەر گۆڕانی تەواو بە سەر باری ڕێگە و دەوروبەردا هات. ئەوەندەی کە ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە سندۆلان دنیای گەشی هاتە بەرچاوان، تومەز لەو ماوەیەدا چەند ڕووباری گەورە و سەرچاوە ئاو هەیە شیناوردی لەبەر دەکرێ و چەم و چەمەڵینی تەبیعیشی بە دەورەوە دەڕوێت کە هەمووی هەر سەوزایی و تەڕاییە، هەمیشەش شینایی چەمەکانی قەراغ زێی گچکە کە بە زۆری لە ڕێگاوە دەدیترا پانۆڕامایەکی سەوزی لە مێشکمدا نەقش بەستوو دەکرد. ئەوسا لە تێکڕای دیمەنی سەوزەوە خەیاڵی خۆشی و زەنوێریم بە دڵدا دەهات و دواتر تێی گەییشتم کە هۆی ئەو سەوزاییە دەچێتەوە بۆ ڕووبار و کانیاو و زێ، خۆ ئەگەر لێک بدەینەوە چۆن لە ماوەی دە دەقیقەدا بە ئاوا بوون لە دەربەندەوە بۆ پژدەر پووشی وشکی بێتووین دەگۆڕێ بە تەڕایی و سەوزایی مافی ئەوەم دەدرێتێ کە لەو تەمەنەدا سەوزایی پژدەر سەرنجی منداڵانەی ڕاکێشابم.

بێتوێن ئەوسا زۆر چۆڵ بوو، ئاوەکانی بە زۆری لە برنج (مەرەزە) سەرف دەکران وەهاش ڕێککەوت ئەو ساڵە هیچ قاڵبە مەرەزە نەکەوتە سەر ڕێگەمان لە زەردایی و وشکایی پوشەکە کەم بکاتەوە. ڕەنگە

هۆیەکی دیکەش هەبێ کاری خۆی کردبێ، ئێمە ئەوەندەی کە لە بیتوێن بووین لە گەرمای چێشتەنگاو و نیوەڕۆدا ڕامانبوارد، کە گەیشتینە دیوی پژدەر عەسرێکی فێنک بوو، پشتەوڕۆژیش دەڕۆیشتین بە پێچەوانە سەفەری دانی سبەینەمان کە لە خرانەوە بەرەو بێتوین بەڕێ کەوتین، هەموو ڕۆیشتنمان ڕووەو ڕۆژ بوو. بە کورتی، من کە گەیشتمە سندۆلان بە خەیاڵی فێنکایی و شینایی و تەڕاییەوە لە وڵاغ دابەزیم.

ماڵی شێخ حەسەن و شێخ حسێن (شێخ حسێن جارێ ژنی نەهێنابوو) ماڵێکی قەوغای بە هاتوبات و مێوان بوو. ئایشەخانی دایکی شێخ حەسەن و شێخ حسێن کچی حاجی ڕەسواغای براگەورەی تایفەی مەحمووداغا بوو لە پژدەر، ئافرەتێکی بە شەخسیەت و کارامە بوو. هەم لەبەر شکۆی ئەو شەخسیەتە و هەم بە پشتوقوەتی تایەفەی مەحمووداغا ڕێی نەدابوو چ کەمایەتی و نشوست بێتە بەر ئەو بنەماڵەیە لە دوای شەهید بوونی حاجی سەیدگوڵ. ئەو دوو کوڕەی لە منداڵییەوە بێ باوک پێگەیاندن و ماڵەکەشی هەمیشە بە قەدەر ماڵی دەست ڕۆیشتووە هەرە گەورەکانی پژدەر بە چەک و نۆکەر و وڵاغ قەتار و مێگەل ڕاگرت. تەکیەشی بە ئاوەدانی هێشتەوە هەرچەند هیچ یەکێک لەو دوو کوڕە نەبوونە شێخی بەرماڵنشین.

من وردییاتی ژییانی ڕۆژانەی ئەوسای سندۆلانم بە بیر نایەتەوە بەڵام دروشمی هەر دیاری ئەو ژییانە قەڵەباڵغی و مێوان و هاتوبات بوو. لە سندۆلان زۆر نەماینەوە لەگەڵ تێکڕای ماڵی حاجی سەیید، کە دەکاتەوە ماڵی ئایشەخان، بەرەو فێنکایی ناو شاخەکانی پژدەر هەڵکشاین. بە عادەت ئەو ماڵەی هاوینان دەچێتە کوێستان بایی بەڕێوەبردنی کەسابەتی وەرزی ساڵ ئیشکەر و وەکیل لە گەرمێن بەجێ دەهێڵێ، لەوە بەولاوە بە ماڵ و مەڕ و دەستوپێ و نۆکەرەوە بۆ کوێستان بەڕێ دەکەوێ. ئەو ساڵەشی چونکە ئێمە لەگەڵدا بووین و دەزاندرا لە سالان پتر مێوان ڕوویان لێ دەنێ بە بارگەی قورسەوە بەرەو ناو شاخ بزووتین. نازانم تا گەییشتینە دێی هێرۆ کە هی حاجی ڕەسواغا بوو و مەحمووداغای کوڕی (سێییەم کوڕی بوو) سەرپەرشتیی دەکرد، بە کوێدا چووین و لە کوێمان لادا. چەند ڕۆژێکی خۆشمان لە هێرۆ ڕابووارد هەتا جێگەمان بۆ سازدرا لە مەزاری «بەکاوی سەروو». ئەم بەکاوە بە پاڵ شاخی لای ڕۆژهەلاتی هێرۆوە لە بەرزایی ١٥٠ مەترێک، دەشتاییەکی درێژۆکەیە بە سەر پژدەردا دەنۆڕێ و بەشێکی بیتوێن و بەولاوەتر ڕیزە شاخی هەیبەسوڵتانیشی لێوە دیارە تەنانەت بە دووربین هەموو گردۆڵکەکانی هاوینەوارەکەی خۆمان، چنارۆکی مەلایانیشی دەخوێندەوە. ئاوی سارد و سازگار و لەوەڕی چاکی هەبوو. کەپر و ساباتی ماڵەوە و دیوەخانە بە تیر و پڕی بایی ئەوەی لە هەموو پێویستێک زیاد بێ هەڵنرا بوون. هەتا لە هێرۆ بووین ماڵی مەحمووداغای حاجی ڕەسواغا زۆرمان پێوە خەریک بوون، دێیەکەش بە دار و بار و ئاوی سازگار و قەڵەباڵغیشە. چاکێکی لێیە مەرقەدی بۆ دروست کراوە پێی دەگوترێ «شێخ بائۆمەر» خەڵقەکەی ئەو ناوە و هەموو پژدەر زۆریان بە لاوە مقدس بوو، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە دەستی نائەمینی بۆ ئەو ناوماڵە جۆراجۆرەی کوێستانییەکان بە دەوری مەرقەدەکەوە جێێ دەهێڵن، درێژ بکات. سوێندی گەورەی خەڵقی دێی هێرۆ ئەوە بوو دەیان گوت «بە دۆڵی بەئۆمەری».

هەر ئەوەندە لە باکاو نیشتەجێ بووین مێوان سەری کرد، بە تایبەتی لە تایفەی مەحمووداغا و ئەو تایەفانەی دۆست بوون بەو تایەفەوە. کە حاجی ڕەسواغای باوکی ئایشەخان هات بە دەنگی بڵند لە

دیوەخانەوە ڕایگەیاند و گوتی: ئایش ئەمن بەکاوم نەداوە بە تۆ داومە بە حەبەخان (مەبەستی داکم بوو). کوڕانی حاجی ڕەسواغا، پیرۆتاغا، خدراغا، مەحموداغا، سەلیماغا و حەمەداغا بە زۆری لە خزمەت باوکییاندا سەریان لێ دەداین وەهاش دەبوو یەک و دوویان بە جودا دەهاتنەلامان. سەلیماغا ئەوسا جحێڵ بوو، ڕەنگە جارێ ژنیشی نەهێنابێ، خۆی فێری نالبەندی کردبوو، جێگەیەکی ئەوی لێبایە پێویستی بە نالبەند نەدەما. ڕۆژێکیان هەندێک لەو ئاغا و بەچکە ئاغایانە دەیاندوواندم و لەگەڵمدا دەکەوتنە دەمەتەقە لەسەر بەراورد کردن لە نێوان پژدەر و کۆیێ، ئەوان بۆ پژدەریان دادەشکاند منیش بایی توانام لەسەر کۆیەم دەکردەوە. سەلیماغا ویستی لەو وتووێژەدا بەڕی خۆی بهاوێتە مزگەوت. گورج پێم گوت ئەتۆ حەقی قسانت نییە نالبەندییەکەت بکە... لەو عومرەدا قسەکە خۆش هات خەڵقەکە پێیان خۆش بوو بەر لە هەموان سەلیماغا خۆی.

من هۆشی ئەوەم نەبوو بزانم باری گوزەرانی تێکڕایی ناوچەی پژدەر چۆنە وەیا ئەرکی مسکێنەکان لە چ ڕادەیەکدایە، بەڵام دەمدیت ئاغاکانیان پۆشتە و پەرداغن و هەر قۆناغێکی بۆی چووبێن تێر و بەتاقم و تەدارەک بوو، خۆ لە لایەن چەک و وڵاغە باشەوە پژدەری ئەوسا دەتگوت قشڵەی عەسکەرە. تیپ تیپ، ئەو سوارانە بە سەردانە یەکدی یان بۆ ئیش و کاری عەشرەتی و حکومەتی لە ڕێگە و بانان چریسکەی سیلاحیان دەهات و بە دەم ڕێگاوە بە تاژی ڕاوە کەروێشکیان دەکرد. دەتگوت لە خەمی دنیا ڕەهان. ئەو بەینەی لە بەکاو بووین ڕۆژانە نیشان دادەکرا و تفەنگچییە جحێڵەکان دەستوقامی خۆیانیان تاقی دەکردەوە، یان چەند سوارێک هەر جارە بە مەیدان دەهاتن دا بزانن کێ گرۆ دەباتەوە. لەبیرمە ڕۆژێکیان سێ جاران وڵاغیان بە مەیدان هێنان هەر سێ جاران مەحموودی عەباساغای مەحمووداغا پێشکەوتەوە.

عەباساغای مەحمووداغا برا گچکەی حاجی ڕەسواغا بوو بەڵام سەرۆکایەتی تایەفەی مەحمووداغا بەو سپێررابوو، کاروباری ئیدارەی تایەفەکە و بەشداری کردن لە هەڵسووڕاندنی چەرخ و بازاڕی تێکڕایی عەشیرەتی میرادەولی و ناوچەی پژدەر ئەو بە ئەستۆیەوە گرتبوو. لەو ماوەیەدا هاتە لامان، پێشتریش ناوم بیستبوو بایی ئەوەی کە بزانم یەکێکە لە دوو سەرۆکە هەرە بەرچاوەکانی پژدەر. ئەوی دیکەیان بابەکراغای سەلیماغا بوو، تایەفەکەش هەر بە ناوی سەلیماغاوە مەشوور بوو. کە عەباساغام دیت و لێم بیست هەر ئەوە دەرچوو کە پێشتر لە بارەیەوە زانی بووم، تا بڵێی بەرچاو و بە شەخسییەت و قسەخۆش و ڕووکرایەوە بوو. ئەو لەگەڵ خەڵقەکە خەریکی قسە و گەپ و سوحبەت بوو منیش بە تەنیشت شێخ حەسەنەوە دانیشتبووم، بە دەنگی نەرمەوە لە شێخ حەسەنم پرسی، ئایا عەباساغا ئازاترە یان جەمیل ئاغای کۆیێ؟ لەو تەمەنەدا عەیارەی گرنگی و بایەخ بۆ پیاوان بە لامەوە ئازایی بوو. شێخ حەسەن پێکەنی. عەباساغا گوتی، شێخ حەسەن کاک مەکوودی چی گوت؟ ئەویش پرسیارەکەمی بۆ گێڕایەوە. عەباساغاش بەو ڕاوێژە نوکتەسازە و ڕەوان و پاراویەوە گوتی، کاک مەسحوودی تەمایەتی بە شەڕم بێنێ (وشەیەکی لەگەڵ ئەو شەڕەدا بەکارهێنا من لێرەدا ڕێ بە خۆم نادەم دووپاتی بکەمەوە، بەڵام لەو دەمەدا خەڵقەکەی خستە سەرپشت لەبەر شیدەتی پێکەنین). ئەمما بابە، کۆیی ئەوەندە دۆڵمە و کفتە و شفتە و سڵقان دەخۆن کێ پێیان دەوەستێ؟ (لە نێوان عەشیرەتەکانی ئەو ناوەدا کۆیی مەشوورن بە سڵقاوخۆر). هەر لەو سەفەرەدا جارێکی دیکە لە هێرۆ عەباساغام دیتەوە خەریکی مەزاق بوو لەگەڵ

«مووساشێت» و وەهای پێوە مەشغووڵ بوو دەتگوت چ خەفەتی دنیای نین. مووساشێتم دیتەوە بیر بە وێنە و شێوەی ئاخاوتن و شکڵی شێتایەتی کە بە سەر و ڕوویدا دیار بوو، بەڵام هەتا بڵێی ئێسک سووک بوو، قسەشی لەسەر شانان قورس نەبوو، دەستیشی نەدەوەشاند. کە ئێمەی دەدیت دەیگوت، کۆیی هاتن حۆری هاتن، قومری هاتن... ئیتر بەم جۆرە وەکو پێداهەڵگوتنی بێ مەبەس دەکەوتە سەر نەزمی قسەی ئەوتۆیی.

ڕۆژێک لە بەکاو وا ڕێک کەوت لە دەمی بێ مێوانیدا ڕێوییەک ڕای کرد. شێخ حەسەن دەنگی تاژییانی داو کەوتو شوێن ڕێوی، من و نەجیبەی خوشکم و فەتحیش بەگەڵ کەوتین، ڕێوی لە پێشەوە و تاژی بە دواوە و ئێمەش لە دوا ئەوانەوە. ماوەیەکی باش تاژییەکان ڕێوییان هەڵبڕی هەتا دەستی شاخی گرت و لە نێو تاشە بەردان بزر بوو. هەرچەند لەو هەڕاکردنە بە پشووەدا هەر شەکەتیمان بۆ مایەوە بەڵام دواتر کە لە کۆیێ فەتحی بە زمانە شرم پرمەکەی خۆی موناسەبەی دۆزیەوە بۆ باسی ڕاوەڕێوی وەهای تێک هەڵشێلا تا ئێستاش لە کرانەوەیدا پێکەنین دەمانگرێ. فەتحی ڕووی لە برادەرەکانی گەپی ئێوارانەی کرد و بە مەبەسی خۆهەڵکێشان لێی پرسین، ئەنگۆ دەزانن ڕاوی ماوی کوو دەبێ؟ گوتیان، کوو دەبێ؟ گوتی، هەر تاژیت دیت و غاری دەیێ. خەڵقەکە وەها لە قاقایاندا، کوردی گوتەنی دەست و پێت بڕیبانایەوە بەخۆ نەدەهاتنەوە. هەرچەند تێشینەگەیشتن چ دەڵێ، بەڵام من و ئەوی وەکوو من لە ئەهلی ماڵەوە شارەزای بووین زانیمان مەبەستییەتی بڵێ، دەزانن ڕاوی ڕێوی کوو دەبێ؟ هەر ڕێویت دیت و تاژی تێبەردە.

نابێ لەبیر بکەم، ئێمە، دوو ماڵی حاجی سەیید گوڵی و مێوانەکانیان، کە خۆمان بووین، لە گوێستنەوەمان بەرەو شاخەکان، بە خوایشتی ئایشەخانی حاجی سەییدگوڵ هەرچی ئافرەتێکی لە قافڵەکەدا بوو چەندێکی خشڵی زێڕ و زیوی هەبووبێ بە خۆیەوە کردبوو تا ئەوەی لە دوورەوە چریسکەییان دەهات. منیش لەو جارەدا وەهام پێ خۆش بوو سواری بارگەی گوێ درێژێک ببم بە تەنها نەک لە پاشکۆی سوارێک یان لە بەردەمی یا عیسمەت. پرچ و کاکۆڵێکی درێژیشم هەبوو کە لە ناو عەشیرەتدا ببڕای بە هیچ منداڵێکەوە نە دیترا. ئەم وەزعەی من کە بە پرچ و کاکۆڵەوە سواری بارگەی کەر بووم وەهای لە خەڵقی هێندێ دێی سەر ڕێگامان کردبوو کە ئێمە بە دۆم و خەڕات بزانن، ئیتر بێ ئەوەی ئێمە خەبەرمان هەبێ بە ناو خەڵقدا بڵاوبووبۆوە کە هۆبەیەکی خەڕاتی زۆر بە زێڕ و تاقمی ڕێکەوە هاتوون بەرەو ناو شاخەکان ڕۆییشتن. ڕۆژێک لە بەکاو چەند ئافرەتێک پەیدا بوون، هاتن بەرەو ساباتی دیوەخانە و ماڵێ هەتا گەیشتنە ناو خەڵقەکە. دییار بوو دوودڵییان لێ پەیدا بووبوو چونکە ئەو هەموو وڵاخ و نۆکەر و تفەنگ و چەکی باش بابەتی دۆم و خەڕات نییە. لە دەمی کەپرەکان سڵامیان لەو پیاوانە کرد کە ڕاوەستا بوون و لێیان پرسین ئاخۆ ئەوەندە دەمێننەوە چەند کاسە و کۆتک و کەخکیان بۆ دروست بکەن.

فەقێ وەسمان زوو تێیانگەییشت بە ماڵە خەڕاتمان تێگەییشتوون پێیی گوتبوون ئەو سوئالە داک وەستا دەتوانێ جەوابی بداتەوە پرسییان داک وەستا لە کوێیە، ئەویش ڕێی ساباتی ماڵەوەی نیشان دان. ئافرەتەکان هاتنە بن ساباتەکە و دەستێک لە پێش قاچێک لە پاش، سڵاوییان کرد و مەعلووم بوو

بۆچی هاتوون، ئیتر ئەو ئافرەتانەی لای ئایشەخان و دایکم لێیان کەوتنە فێڵبازی و بە دەم مامڵەت کردنەوە بە پرسیاران وەهایان سەرشێت کردن نەیان دەزانی چۆناوچۆنی مامڵەتی کەچک لە هی کۆتک جودابکەنەوە... لە دوایی کە تێگەییشتن ئەمە ماڵی حاجی سەیدگوڵی سندۆلان و مەلای کۆیەیە وشک بوون. وەک قانگەلاچک بەدەم ڕەشەباوە پەرتەوازەیان کرد و هەتا دیار بوون بە غار ڕۆیشتن و ئاوڕیان نەداوە... بەینێک ئەو مەسەلەیە لە بەکاو بەسەر زارانەوە بوو، ئایشەخانیان بانگ دەکرد بە داک وەستا و دۆمانە و خەڕاتانە لەگەڵ یەکدی وتووێژیان دەکرد. کاکۆڵ و پرچم ئەو هاوینە دەورێکی مێژووییان گێڕا.

لە لایەن عادەتی خواردنەوە، عەشایری ئەو ناوە داب و دەستوورێکی قەراردادەیان هەیە زۆرم بە لاوە شیرنە. جەمی نیوەڕۆ بۆ مێوان چێشت لێنان، بە هێلکە و ڕۆن یان ماست و پەنیر، هەندێ نیوەڕۆش بە کەباب جەم بەڕێ دەکەن. کەباب بە گۆشتی برژاو دەگوترێ کە دەکاتەوە «تکە»، لە ڕاستیشدا وشەی کەباب بە واتای گۆشتی برژاو دێت هەر بۆیەشە لە تەمسیلی میسریەکان دەبینین لە وشەی کەباب مەبەستیان «تکە» یە. پژدەر بۆ ئەوەی شارەکان پێی دەڵێن کەباب وشەی «کەبابی کوت» واتە کوتراو بەکاردەهێنن. میسریش پێی دەڵێن «کفتە» کە هەر دەکاتەوە «کوت» ـەکەی پژدەر. لە دیوەخانەی بەکاو لەبەر ئێمە عادەتەکە گۆڕابوو. ئەگەر مێوان نەبایە چێشت لێدەندرا دەنا هەمیشە ئەو کەبابە جەمی نیوەڕۆ بوو. لەبیرمە حاجی ڕەسواغا کە دەهات بەکاو نەرمۆک و دونگی بەرخێکیان بۆ دەکردە کەباب – تکە. تەنها منیشی لەگەڵدا شەریک دەبووم چونکە لە نێو عەشیرەتدا یەک سینی دوو کەسی بەسەرەوە دەبێ. حاجی ڕەسواغا بەدەنێکی زلەی هەبوو بەر و گەدیشی بۆ خواردن بە بەریانەوە هەبوو، لە هەر کەسێک مێوان بایە حیسابی حاجی ڕەسواغای دەکرد. لەبەر قورسایی لەشی هەمیشە بە سواریی ئێستر سەفەری دەکرد، ئەو ئێسترەی کە سواریشی پێ دەکرد شتێکی هەڵکەوتوو بوو هەم لەلایەن هێزەوە و هەم لەلایەن دامەزراوی و بێساتمەیی و مەعلانیشەوە.

مەجلیسی حاجی ڕەسواغا ئەو خۆش و بەتامە بوو کە هیچ پێوەندیی بە لەشی ئەستوورییەوە نەبێ. ئەغڵەب کوڕە گەورەکەی، پیرۆتاغای لەگەڵدا بوو. ئەوسا پیرۆتاغا لە تەمەنی کامڵیدا بوو، سمێڵێکی بە شکۆ و شەوکەتی هەبوو لە چیلچیلەی گوێی تێپەڕی بوو. دەیانگوت زووتر، لە پاشەسەری دەگەیشتنەوە یەکدی، دواتر، پاش چەندین ساڵ، ئەوەندەی شیعرەکەی حاجی قادر کە دەڵێ: «شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە، مانەندی کەمە» هاتبێتە بەرچاو و فکرم یادی ئەو سمێڵەی پیرۆتاغام کردۆتەوە. سەرەڕای جوانیی ئەو سمێڵە پیرۆتاغا سوارچاکێکی بە ناوبانگ بوو، تەنانەت ڕۆژێکیان کە حاجی ڕەسواغا و کوڕانی لامان بوون شێخ حەسەن سواری ئەسپێکی زۆر باش بوو لەبەردەمی ساباتی دیوەخانە چەند سەرێکان هاتوچۆی پێ کرد. پیرۆتاغا، کە خاڵی شێخ حەسەن بوو، بانگی کرد، شێخ حەسەن وەرە سەر بەرماڵەکەت تەبیاتی ئەسپەکە تێک مەدە. شێخ حەسەنیش لێی سەلماند و ئەسپەکەی پێ دا، پیرۆتاغا لێ سوار بوو بەینێک تەعلیمی بە وڵاغەکە کرد بەڕاستی دەتگوت شکڵە هێندە شیرن بوو.

کوڕی دووەمی حاجی ڕەسواغا ناوی خدراغا بوو، ئەسەری شەپرویەکی سووکی بەسەر دەم و لێڕانەوە مابوو بەڵام تابڵێی قسەخۆش بوو. ئەوسا لە بەهرەی قسەخۆشیەکەی بەڵەد نەبووم دوای چارەکە سەدەیەک بە هاتوچۆی بەردەوام بۆ پژدەر لێی شارەزا بووم و بووینە برادەری جانیبەجانی.

خدراغا لێیان دەگێڕایەوە کە لەگەڵ ورچ تێک ئالاوە و بە خەبجەر ورچەکەی کوشتووە، دواتر خۆی بۆمی گێڕایەوە کە لەگەڵ دوو کەسی دیکە سوێند دەخۆن بەیەکەوە بچن بۆ کوشتنی ورچێکی زەرەری لە مەڕوماڵ دابوو، دووەکەی دی تەلاقیش دەهاوێن بەلام خدراغا ئەوسا بێ ژن بووە. دەچن بۆ ئەو کەرخەی کە بە زۆری ورچەکەی لێ دیتراوە، لەپڕ ورچەکە لەبن بەرد و تەڕاشی ژێر پێیانەوە، بە هۆڕەهۆڕ لێیان هەڵدەستێتە سەر پاشووان. هەردوو برادەرە سوێندخۆرەکەی هەڵدێن بۆ ئەوبەری خڕێکی بە تەنیشتیانەوە بووە تانووتیش لە خدراغا دەدەن خۆ ڕزگار بکا. خدراغا سوێندەکەی لەبیر ناچێ، ورچەکە مێزی لێ دەدا و دەکەوێتە دڕندەیی و هەڵگلۆفتنی، خدراغاش خەریکی خەنجەرکێشان دەبێ، بانگۆز دەبن بۆ لێژایی و لێک جودا دەبنەوە، خۆوتالع خدراغا دەکەوێتە باری سەرەوە و ورچەش لە بەرە ژێری ئەو. کە تێک هەڵدەقژێنەوە خدراغا دەرفەتی باشتر بووە و بۆی دەگونجێ ورچەکە بداتە بەر خەنجەران، ورچەکەی کوشتبوو بەلام بۆخۆشی برینی زۆری لە ورچە هەڵگرتبوو بە تەداوی کردن چاک بووبۆوە... خدراغا لە مارت یا نیسانی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کرد.

مەحمووداغا کوڕی سێیەمی حاجی ڕەسواغا، چونکە جیرانمان بوو لە هێرۆ، پتر لەوانی دیکە ئاشنامان بوو. لە زووەوە پێوەی دیار بوو مرۆیەکی لێهاتووە، تەنانەت لە موناسەبەدا کە وەفدی پژدەر دەچێ بۆ تاران و دیدەنی ڕەزاشا (بەر ساڵەی ١٩٢٧ کە ئێمە لە پژدەر بووین) دەکا، نوێنەری تایەفەی مەحمووداغا ئەو مەحمووداغایە بووە، وەک بشزانم زۆری وتوویژ لەگەڵ ڕەزاشادا ئەو کردبووی. تایەفەی مەحمووداغا بە سەرۆکایەتی عەباسی مەحمووداغا دژی ئینگلیزەکان بوون، تەنانەت لێی هەڵگەڕانەوە و لە نزیک دەربەندی ڕەمکان بە دیوی بیتوێندا شکاندیانن و کوشتارێکی قورسیان لێ کردن. مەحمووداغای حاجی ڕەسواغا کە برازای عەباساغا بوو لە پاش مردنی عەباساغا (وابزانم ساڵی ١٩٤٦) بوو بە دەمڕاستی تایەفەی پژدەر و هەمیشەش لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردایەتی نزیک بووە. لە ساڵی ١٩٥٥ بە ناکات و لەپڕ کۆچیی دوایی کرد.

ناوناوە گەڕانی ئێرە و ئەوێمان دەکرد و نیوەڕۆژەمان لای یەکێک لەو خزم و دۆستانە دەخوارد. کە چووینە سەردانی ماڵی خدراغا، وەک لەبیرمە، هۆبەیان لە شوێنێک بوو پێیان دەگوت «قووڵێ گەلان». فەتحی ئەو ناوەی وەها دەگۆڕی هەموو جاران خەڵقەکەی لە قاقا دەهێنا. کوردی گوتەنی ئەوی ئەو دەیگوت نایەتە گوتنێ، ئەوسا لە کوڕانی خدراغا هەر برایم دیت کە سێیەم کوڕی بوو، لە منیش گچکەتر بوو، بەکەڵکی برادەریم نەدەهات. عەلی کوڕەگەورەی بوو، ئەو سەفەرە نەمدیت، دوای چەندین ساڵ لە ١٩٤٠ سەردانی سندۆلانم کردەوە عەلی خدراغام دیت. عومەر، کوڕی دووەمی، کە من بووم بە نائیب ئەویش لە پژدەر بوو. لە تەوادیری عومەری خدراغا شتێک دەگێڕمەوە خۆمی تێدا تێشکاوبووم. تازە ڕێی ڕانیە بۆ ئۆتۆمۆبیل کرابۆوە، ڕۆژێکی هاوینە بە تەلەفۆن ڕێک کەوتین کە ئێمە لە کۆیەوە و خاڵەکانم لە ڕانیەوە بچین بۆ چنارۆک و ئەو ڕۆژە ڕاببوێرین. ئێمە بەر لەوان گەیشتینە قۆناغ چونکە ڕێمان نزیکتر بوو، خۆشمان خانەخوێ بووین. منیش لە ژێر جلەکانەوە پەجامەم لەبەر بوو بۆ دەمی حەسانەوە. خاڵەکانم شێخ خدر و شێخ حسێن (کوڕی حاجی سەید) گەییشتن، عومەری خدراغاش لەگەڵیاندا بوو... دوای بەینێک کەوتینە سەر باری خۆ لێک کێشانەوە و پاڵکەوتن، من جلەکانم لەبەر خۆ داکەند و بە

پێجامەوە دانیشتمەوە، عومەری خدراغا کە دیتی کیفێکم داڕنی و کیفێکی دیکەی لە بندا بوو بێ وەستان گوتی فلانەکەس وەڵلاهی هەر دەڵێی سەفەرتاسی بوویت... خوا هەڵناگرێ قسەکەی زۆر خۆش بوو ڕەنگە بە هەموو عومریشی هەر سێ چوار قسەی وەهای بۆ هاتبێ.

ئەوسا مەحمووداغا کوڕی ئەوتۆی نەبوو لە تەمەنێکدا من بیبینم، ڕەنگە جارێ منداڵی نەبووبێ.

دایکم پتر مایەوە لە ئێمەی منداڵ و سێ ئافرەتەکەی دیکە، وابزانم یاعیسمەت پەلەی کرد ئیتر نازانم لەبەر چی بوو. دەزانم پێش هاتنەوەمان بە ماوەیەک دایکم دڵی بەبەر نەوەستا لە ترسی دڕندەی وەکوو ورچ، من لە سەر زەوی بنووم، کەپریان کرد بۆ نووستنم. ڕەنگە هەر ئەو ترس و تەقیەیە هۆی هاندانی دایەنەکەم بووبێ لە پەلە کردن. چەند پیاوێکی ماڵی شێخ حەسەن بەگەڵمان کەوتن و بەرەو گەرمێن بووینەوە، کە لە دەربەند هاتینە دیوی بیتوێن ڕێی گەڕانەوەمان گۆڕی. قۆناغمان بردە ماڵی خاڵە خدرم لە سەیداوای نزیک ڕانیە. کچێکی حەلیمە-ناو و کوڕە گەورەی، جەلال، ئەوە بوون لەگەڵیان بخافڵێین چونکە لە تەمەندا نزیکی یەکدی بووین. من جارێکی دیکە حەلیمەی کچی خاڵم نەدیتەوە هەتا جوانەمەرگ بوو بەڵام لەگەڵ کاک جەلال بە درێژایی ڕۆژگار خزمایی و دۆستایی و برایەتیمان هەتا ئێستاش بەردەوام بووە.

چونکە هەوای ئەو ناوە بیتوێنییە و هاوین گەرمە، یەک شەو ماینەوە و بەرێکەوتین بۆ چنارۆک، کەپریان حازر کردبوو، یان حازرکرا و لەوێ هاوینەکەی کە مابووی بەسەرمان برد. نازانم چۆناوچۆنی گەڕامەوە کۆیێ و باوکم دیت. لەو بابەتە هیچم بیر نەماوە.

ئەو سەفەرەی پژدەر چاوکردنەوەیەک بوو بۆ من، دنیا هەر ئەوەندە نەبوو کە لە کۆیە و دەوروبەری چاوم پێی دەکەوت، خەڵقیش بە خۆ و داب و دەستوور و جۆری ژیانیانەوە هەر ئەوانە نەبوون کە لێیان ڕاهاتبووم. ئەو شاخە دوورانەی بە خەیاڵیش تێیاندا نەدەگەڕام سەرنەرم بوون بۆ ژێر سمی وڵاغی کە سوار بووبووم، خاکەکەشی بۆ ژێر بازی یاری و غارێنێم تەسلیمم رووی کاغەز لووس و لێک بوو، لە ڕاستیدا بە پووش و دڕک و قەسەڵ و کرتوو وغەرداڵ و قۆپی و ڕەن بانوەکانیەوە لە دەموچاوی ڕق هەڵستاو گرژتر بوو. لە دوای ئەو سەفەرەوە کەسانێکی لە پژدەر و لای ڕانیە دەهاتن، بەلامەوە لە جاران ئاشناتر بوون، باشتریان تێدەگەیشتم. خولاسە بێ ئەوەی ئەوسا بە وردی لە ئاکامی سەفەرەکەم بگەم پەردەیەک لەسەر ڕووی مەجهوول هەڵدرایەوە، چونکە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی چنارۆک تا ئەو هاوینە وەک ژووری داخراو بوو. من منداڵانە ئاشنایەتیم بە کۆیە و هێندێ شوێنی وەکوو پێبازۆک و جەلییەوە هەبوو بەڵام بە عومری خۆم دوو کیلۆمەتر بەرەو ڕۆژهەڵات لە چنارۆک تێ نەپەڕی بووم، بەو سەفەرە شەقڵی ئەو تەڵەسمبەندەم شکاند.

لە دڵی هەموو منداڵێکدا، بگرە هەموو کەسێکدا، مەیلی زاڵ بوون بەسەر کاری زەحمەتدا هەیە تا ئەوەی وەها دەبێ لە پێناو سەرنەرم کردنی شتێکی مەیلەو دووردەست خەڵق خۆی دەهاوێتە مەترسییەوە. بۆ خۆت لێک بدەوە چەند کەس تا ئێستا لە هەوڵی سەرکەوتنی لووتەشاخە سەرسەختەکان تێ چووە، هەروا بەرێوەشن بۆ تێ چوونی تازەبەتازە، منیش لە تەمەنی هەشت ساڵیمدا مومکین کردنی نامومکینی تێپەڕین بە تەنگی خدران و بڕینی دەشتی بیتوێن و ئاوابوون بە دەربەندا بۆ دیوی پژدەر و

گەڕان و ڕاوکردن لە کەمەری شاخەکانی هێندەی شکاندنی تەلیسمی باغی «فازهر»ی ناو داستانی ئەمیر ئەرسەلان تامەزرۆییمی شکاند. لەوەبەلاوە کە کاروانی توجارەکانی کۆیێ لە ڕانیە و قەلادزەوە بە چنارۆکدا دەگەڕانەوە بۆ کۆیێ سامی هاتنەوەیان لە دوورستانی ئەرزی مەقەدەس بەسەرمدا نەدەهات. ئنجا چی بوو لە قەلادزەوە هاتوونەوە خۆ من چوار سەعاتە ڕێگەش بەولای قەلادزەوە ڕۆیشتووم. بە تاژییەوە شوێن ڕێویش کەوتووم. لەو ئاوە ساردانەی ناو شاخەکانیشم خواردۆتەوە.

چاک بوو بەر لەوەی کژی بەسەر بچێ ئەم وشەیەی «تاژی» بەبیری هێنامەوە کە شێخ حەسەن سێ تاژی زۆر جوان و پەسەند و نازگیراوی هەبوون ناویان سەقەر، سەرهەنگ و جەیران بوو. زۆر ڕۆژان ئەو تاژییانە دەتگوت لەبەر ئەو خەلقە دەپاڕێنەوە بۆ ڕاو، وەها دەبوو لە خۆوە دەچوونە ڕاو بە کەروێشکی مردارەوە دەهاتنەوە، ئەغلەب کەروێشکەکەشیان دەخستە ئاخوڕی ولاغەکەی شێخ حەسەنەوە.

بە هەمەحاڵ ئەو گەشتەی پژدەری لە تەجرەبەی منداڵیمدا بازدانێک بوو بۆ دەرەوەی پەرژینی دەوراندەری هەڵسوکەوتی منداڵیم، بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانەکەم.

لە سەرەتاکانی خوێندنمدا بووم چەند قوتابییەکی لەوانەی دەیانناسم دوای تێپەڕاندنی ئەزموونی بەکالۆریای پۆلی شەشەم و بەسەرچوونی کژی هاوینە چوونە بەغدا بۆ خوێندن. لەوانە کاک مەجیدی ئامۆزام و مەلا نافیعی مەلا سەبوح و ڕەفیقی تاهیر چەلەبی بوون. مەلا نافیع لە قوتابخانەی «صنایع» و دووەکەی دیکە لە سانەوی مەرکەزی وەرگیران. دوورکەوتنەوەی کاک مەجید هەلێکی ڕێک خست کە کاغەزی بۆ بنووسین و وەلامی لێ وەربگرینەوە. یەک دوو نوسخە لەو نامانە ماون کە بە خەتی پلەی پۆلی دووەم و فیکری ئەو تەمەنەم نووسیوە. نامەکان، وەک چاوەڕوان دەکرێ، بە کوردی نووسراون، خەتەکەیان دەخوێندرێتەوە، ئیملاکەشیان لە خوێندنی ئەوساوە هاتووە. وردە هەواڵ و نوکتە و سافیلکەی ئەو کاتەیان تێدایە وەک ئەوەی کە داوا لە کاک مەجید دەکەم کاتێک گەڕایەوە بۆ کۆیێ هەندێک سۆراووسپیاو بە دیاری بۆ پلکە ئامینە بهێنێ. ئەم پلکە ئامینەیە ئافرەتێکی سەرسپی ڕووگەشی یارانی بوو، بەشی زۆری سالی لە مالی مامم ڕادەبوارد، چی دەشم دەنووسی بە مەجلیس بۆم دەخوێندەوە و تێروپڕ هەمووماں پێدەکەنین. پێکەنینی ئەو سەردەمانە تەمسیلی شارلی شاپلن و عادل ئیمامی نەدەویست. مەلا نافیع مەکتەبی تەواو نەکرد و تەنها سالێکی لە بەغدا ڕابووارد.

کاک مەجیدیش، وابزانم لە سالی دووەمی خوێندنی، دووچاری قەزاوقەدەرێکی خەتەرناک بوو. لە گەڵ چەند هەڤالێکی خۆی لە «شارع الرشید» بەرەو قۆناغیان دێنەوە، سەرخۆشێک ڕێیان پێدەگرێ و دەکەوێتە مشتومڕی بێهۆشانەی سەرخۆشی لەگەلیاندا تاکوو یەخەگیری کاک مەجید بووە چەقۆیەکی قەسابانی پێ دەبێ لە پەلاسووەکانی بن پیلی دەدات برینێکی بێڕەزای تێخستبوو. هەڤالەکانی خێرا دەیگەیننە خەستەخانەی مەجیدییە، مامیشم لە بەغدا بووبوو خەبەری دەدەنێ و بەو کاتە ڕادەگا کە دەیبەن بۆ عەملیات. مامم دەیگێڕایەوە دەیگوت یەکێک لە دکتۆرەکان بە دکتۆرێکی دیکەی دەگوت «لولا العظام لفتك بالاحشاء» نەشی دەزنی مامم باوکی ئەو بریندارەیە. ئەو ڕووداوە بووە هۆی تەگەرە لە خوێندنی کاک مەجید. بەینێک لە خەستەخانە بوو، کە دەرهات خوێندنی پێ نەدەکرا ئیتر ئەو سالە هاتەوە کۆیێ. لەبیرمە بە بۆنەی سەلامەتیی کاک مەجید دوای هاتنەوەیان لە بغەدا بە ماوەیەک، مامم

مەولوودێکی گەورەی بەلاگێڕانە کرد تا بلێی قەوغا و قەڵەباڵغ بوو. کاک مەجید جارێکی دیکە بۆی نەڕەخسا بچێتەوە بەغدا بۆ خوێندن. دوای تێپەڕینی کژی هاوینە چووە قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر.

مەکتەبی سەرەتایی کۆیێ لەو سالانەی کۆتایی ۱۹۲۰دا شوێنێکی دیاری لە کۆمەلایەتیدا هەبوو. جگە لە هەندێ مێشک تەسک کە بە هەموو بابەتی تازە قەڵس دەبن، خەڵقی کۆیێ ڕێزیان لە مەکتەب و مامۆستاکان دەنا.

قوتابی کە دەگەییشتە پۆلی پێنج و شەش بە چاوێکی تایبەتی سەیر دەکرا و لە ڕیزی «پیاوان» دادەنرا. لە زۆر باردا گوتراوە لێرەشدا دەیلێمەوە، باوکم پشتگیرییەکی بەهێزی لە مەکتەب دەکرد و بە قسە و بە کردەوەش لە چاکە و پێشخستنی مەکتەبی نوێ خەریک بوو. لە مەجلیسەکانی خۆی و لە دووانەکانی ڕەمەزان زۆر جار باسی مەکتەب و بابەتە بەکەڵکەکانی کتێبە نوێیەکانی دەکرد. جارێکیان لە سەر مەسەلەیەکی دینی، قوتابییەکی هەژاری ئەوسا ڕەشید عارف کە دواتر بوو بە دەوڵەمەندێکی ناسراوی بەغدا لەگەڵ مامۆستاکەی کە مەشرەبی بۆ لای سەلماندنی هەموو قسەی کۆنینە دەچۆوە، لێیان بووە کێشە و ڕەشید قسەی مامۆستاکەی نەسەلماند. مەسەلەکە گەییشتەوە لای باوکم، بە ئاشکرا و لە قەڵەباڵغیدا باوکم پشتگیری لە ڕایەکەی ڕەشید کرد و کێشەکەی بە قانزاجی ئەو ساغ کردەوە، ڕەشیدیش جارەها و بارەها، تا کۆتایی ژیانی ئەو مەسەلەیەی باس دەکردەوە و خۆی پێ هەڵدەداوە و هەقیشی بوو. لە هەڵبەستدا باوکم تەمای چاکە و بەرژەوەندی بە قوتابی و قوتابخانەکەیانەوە پێوەندکردووە، ئەمە بەیتێکی نموونەیە لەو هەڵبەستانە:

خاصە نەوباوەکانی مەکتەبی کۆ
دەبنە پشت و پەناهی میللەتی خۆ

مەدحی بابەتەکانی دەرسی مەکتەبی کردووە:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە
قالە و قەوەلە گشتی هەبایە
عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە
بەخوا نازانی خوا چی کردووە

لە هەموو ئاهەنگەکانی مەکتەبی سەرەتایی و دواتریش کە قوتابخانەی ناوەندی کرایەوە لە ئاهەنگەکانی ئەوێشدا باوکم حازر دەبوو، زۆر جارانیش گوتاری کردنەوەی ئاهەنگ هی ئەو دەبوو. دوو تەمسیل لە قوتابخانەی سەرەتایی پێشکەش کرا، لە هەردووواندا باوکم بە گوتاری کاریگەر پشتگیری لەو هونەرە کرد تا ئەوەی لە یەکەم جاردا تەمسیلی دانا بە پێداویستێکی سەردەم، لەو ڕووەوە بە یەکێک لە «فروض الكفاية» ی لە قەڵەم دا کە بە پێی فەرمانی ئایین پشتگوێ خستنی دەبێتە تاوانی گشتی وەک ئەوەی کە لە ئاواییدا بانگ نەدرێ یان نوێژ لە سەر مردوو نەکرێ... لەو ئاهەنگانەدا کە باوکم حازر دەبوو هەرچی گەورەپیاو و ناسراوەکانی کۆیەش هەیە پێڕەویان لەوە دەکرد.

قوتابی لەو سالانەی بیستەکاندا جلکی کوردییان لەبەر دەکرد، بەدەگمەن نەبێ جلکی ئەفەندییانە بە

بەر قوتابییەوە نەدەدیترا مەگەر کوڕە مەئموورێکی غەریبە بووایە کە لە شاری خۆی جلکی تازەی پۆشیبێ، چونکە ئەو غەریبەی لە مووسڵ و بەغداوە هاتبایە هەڵبەت جلکی کوردی لەبەر نەدەکرد، بەڵام تێشیاندا هەبوو کە زۆر دەمانەوە دەبوون بە کۆیی. هەر لەبیرمە ڕۆژێکیان لە دەرسدا بووین مودیر، عەبدورڕەحمان شەرەف، دوو کوڕی نەناسراوی چاکەت و پانتۆڵ لەبەری لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ژوورەوە. یەکەم نیگام وەها لێیان بە سەهوو چوو سنووری نەبێ: وام هاتە بەرچاو کە یەکجار کەڵەگەتن کەچی بە لای کورتیدا بوون، تومەز ئەمانە کوڕی مولاحیزی تازەی گومرگ، ئەحمەد عیززەتی کەرکووکی، بوون گەورەکەیان مەدحەت و گچکەکەشیان شەوکەت ناو بوون. ئەو دوو کوڕە لە ئاکامدا وەها ئۆگریان بە کۆیەوە گرت و هێندەش تەبیات خۆش بوون، بەتایبەتی مەدحەتیان، دەتگوت لە هەوەڵەوە خزم بە کۆیێ بوون. ئێستاکە نازانم شەوکەت لە چ دایە بەڵام مەدحەتیان، بەداخەوە، چەند ساڵێکە دووچاری نەخۆشی شەپڕە بووە، کوڕێکی، محەمەد، بۆتە کۆیی و جیرانی خانەخوێی کۆیەمە کە ماڵی کاک مەجیدی ئامۆزامە، مەدحەتیش وابزانم بردرا بۆ سلێمانی. باوکیان هەتا ئینحیساریش لە چلەکاندا داندرا هەر مودیری گومرگ بوو لە کۆیێ و یەکەم سەرۆک لیژنەی فەحسی تووتن لە کۆیێ ئەو بوو.

وابزانم کە یەکەم جار جلکی ئەفەندییانەم لەبەر کرد قوتابی پۆلی چوارەم بووم، ئەمما برا عەجایەب شەرمێک گرتمی، هەتا لێی ڕاهاتم و شکلم پێوە گرت. هەر دەتدیت جلکە کوردییەکەم لەبەر دەکرد یان کە لە کۆڵانە تووشی ناسیاوێک دەبووم ڕێگەم بە لایەکی دیکەدا دەگۆڕی.

کە گەییشتمە ئەو تەمەنە پرچ و کاکۆڵیشم بڕی بوو. بە باشی دێتەوە یادم، کە پرچەکەم نەما گوڵێنگی شەدەی کوردیم بە پێستی مل و بناگوێیان دەکەوت پێی ناڕەحەت دەبووم هەتا بە چەند ڕۆژان لەویش ڕاهاتم، مووەکانیشیان بە پێی عادەت، بە زێڕ هەڵکێشاو کردیانە سەدەقە. وەستای سەرتاشی ئەو دەمە کە پیاوە ماقووڵەکانی کۆیێ، هەموویان یان زوربەیان سەریان بەو دەتاشی، وەستا مەعرووفی کامەلا بوو. هەر جارە بە خۆ و تاقم و شاگردەوە دەهاتە ماڵمان بۆ سەروقەڵەمی باوکم و تەراشی منیش. لە هاوینیشدا جارێک دەهاتە چنارۆک بۆ ئەو مەبەستە. دوای عەسر بەرەو شار دەبۆوە. ئەو ڕۆژە کە دەهاتە چنارۆک لە بەرژەوەندی ڕۆژانەی دەبوورد.

وەستا مەعرووف لە بنەماڵەیەکی قەدیمی کۆیێ بوو، زۆر ڕێزی لێ دەندرا، دوکانیشی شێوەی دیوەخانەی هەبوو کە ئەگەر یەکێک بەسەر کورسیی تەراشەوە بایە چەندین کەسی دیکە، جغارە بە دەست و چایە لەبەر دەم، لەسەر تەختەکانی دوکان دادەنیشتن و کۆڕی قسە و سوحبەتیان گەرم دەکرد. کوڕە گەورەی وەستا مەعرووف حەمەد ئەمین، بە یەک دوو ساڵ یان پتریش لە من گچکەتر بوو، بەڵام ئەو فەرقە لە تەمەنی پاشتردا خۆ نانوێنێ ئیتر بووینە برادەر و لە یەک باوەڕی سیاسیدا خۆمان دیتەوە. ئێستاکە لە کۆیێ خانەنشینە. لە نامەی تایبەتیدا بۆی نووسیم کە دایکی «جەمیل سدقی زەهاوی» پیرۆزخان لە تایەفەی ئەوان بووە، پێشتر دەمزانی کە دایکی جەمیل سدقی کۆیی بووە بەڵام تا ئەو نامەیەی مامۆستا حەمەدەمین بیرم نەدەکردەوە لە تیرە و تایەفەکەی.

جلکی ئەفەندیانە لەو ڕۆژانەدا، فەرمانێکی وەزارەتی مەعاریف لە بەغداوە، بەسەر قوتابییانیدا

سەپاند. لە هەوەڵەوە قوتابییە هەڵکشاوەکان بوون بە ئەفەندی بەڵام وردەوردە فەرمانەکە پشتگوێ خرا، ئیتر جلکی قوتابییەکان بوو بە هەڕەمە. قوتابی هەژار هەبوو ئەو جلکەی پێ نەدەکرا، هاوڕێکانیان و خێرومەندان و، تا ڕادەیەک، مامۆستاکان خۆیان بە بارمتە جلکیان بۆ کردن، چاوپۆشیشیان لە هەندێکیان کرد.

لە پۆلی یەکەم یا دووەم بووم قوتابییەکی هاوتەمەنم لە ڕەواندزەوە هات. باوکی، نووری باوێلاغا، کرا بە معاون شورتەی کۆیێ. دوو کوڕی هەبوو، گەورەکەیان ناوی سەباح بوو لە ئێمە هەڵکشاوتر بوو. بچووکەکەشیان، سمکۆ، کەمێک لەمن گەورەتر بوو. هاتە پۆلی ئێمە. لە هەوەڵەوە نەگونجاین بەڵام زووبەزوو بووینە برادەر. منداڵێکی بە زیپک و زرینگ بوو. بە خۆیشی دەنازی. ئەگەر لە یاری و گەپی منداڵانەماندا هەموو یاریکەران هاوتەمەن باینایە ئەو دەبوو بە دەمڕاستی لایەنێک و منیش بە دەمڕاستی لایەنەکەی دیکە، بەڵام ئەگەر منداڵی لە ئێمە هەراشتر بەشدارییان کردبایە ئەو و من دەکەوتینە یەک لایەن.

ئەم سەباحەی نووری باویلاغا لە شەڕی هەرای ڕەشید عالی کوژرا، باوکی لە بەندیخانە بوو، ویستی بە جانفیدایی کردن لە شەڕ دژی ئینگلیزەکان بتوانێ داوای بەخشینی باوکی بکات، کەچی خۆی تێدا چوو و باوکیشی هەر لە بەندیخانەدا مایەوە تا مەودای حوکمەکەی بەسەر برد. دواتر لە ئاڵقەیەکی دیکەدا تووشی ئەم بەسەر هاتە دێمەوە کە نووری باوێلاغای تێدا حوکم درا.

نووریاغای معاونی شورتە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ڕەواندز بوو، بێ ئەوەی مووچەخۆری حکومەت بێ ڕێزی لێ دەنرا. زۆر دۆستی باوکم بوو، هەروەک لەگەڵ هەموو پیاوە بەرچاوەکانی کۆیێدا دۆست بوو، بەڵام وابزانم لەگەڵ باوکمدا ڕەفتاری تایبەتی هەبوو. دەیزانی باوکم حەز لە دەنگی خۆش دەکات، گرامۆفۆنێکی باشی هەبوو بە قەوانی خۆشی ئەوساکەی «منيرة المهدية» وە. ناوناوەیەک داوەتێکی شەوانەی باوکمی دەکرد، مامم و من و چەند کەسێکی دیکەی مەحەرەم لە خزمەتیدا دەچووین بۆ خواردن و بۆ بیستن. لەبیرمە دوو قەوانی منیرە یەکیان «شكوت فقالت» ئەوەی دیکەشیان «الماني الماني...» بوو. من شەیدای هەردوویان بووم. هەر لەو سەروبەرەدا کە گوترا کەلسوومێک پەیدا بووە منیرەی بەجێ هێشتۆتەوە بە توندی قسەکەم ڕەت کردەوە و لەوانەش بووم هەرای بۆ بنێمەوە، هەتاکوو دەنگیم بیست، چ بیبەم!

ئەوەندە لە منیرە هەڵکشا بوو ئاسمان و ڕێسمان... لە سەرەتاوە سێ قەوانم لێ بیست: «الشك يحيي الغرام»، «انا على كيفك» و «د الحب كان من سنين». گۆرانی یەکەم لەو تەمەنە شلکەمدا وەهای دەهەژاندم و موچڕکی پێدا دەهێنام و بە جۆرێک لە دەروونمدا کاریگەر دەبوو هەموو شتێکی لەبیر دەبردمەوە و ئەو شەوەی گۆرانییەکەم ببیستایە ڕۆژی دوایی هەر لەگەڵ خەیاڵی ئەودا دەژیام، تائێستاش کە دەیبیستم دەچمە بارێکی دیکەوە. لەو ساڵانەی دواییدا گوێم لە عەبدولوەهاب بوو لە بیرەوەری کەلسوومدا وەهای ڕاگەیاند کە ئەویش لە یەکەم بیستنی دەنگی کەلسوومەوە شەیدای بووە، بە دەنگێکی بێهاوتای داناوە کە پێشتر وێنەی نەبووە. گوتی لە ئاست دەنگی کەلسوومدا نە «لحن» نە شیعری گۆرانییەکە و نە تیپی مۆسیقا هیچیان نموودیان نەبوو. لەبیرمە ئەمانەی بە «ولاحاجه» حیساب کردن.

بەڵام لێرەدا دەبێ بڵێم دەنگی ئەو ئافرەتە هەتا زستانی نێوان ساڵانی ١٩٤٩ و ١٩٥٠ بێ کۆسپ و تەگەرە نمای کرد و لە هەر قۆناغێک بووایە لووتکەی ئیمکانی ئەو قۆناغەی دەکردەوە. لەو زستانەدا بۆ یەکەم جار دووچاری نەساغییەک بوو ناچاری کرد بچێ بۆ لەندەن بە نیازی تەداوی. لە دوای ئەو نەساغییەوە تا مردنی لە ١٩٧٥ تەنها چوار پێنج جار توانی بگاتەوە تۆقەڵەی بەرزایی جاران. کەلسوومیش و عەبدولوەهابیش بەختیار بوون لەوەدا کە ساڵی ١٩٦٤ گەیشتنەوە یەک، کەلسووم ئاهەنگەکانی عەبدولوەهاب بۆی بوون بە داروەکاز چونکە دەنگەکەی ئەو هێزەی نەمابوو بێنیاز بێ لە هەموو شت. عەبدولوەهابیش توانی حورمەتی مۆسیقاکەی خۆی بپارێزێ لە توغیانی دەنگە ئیعجازکارەکەی جارانی کەلسووم چونکە بێگومان لە چلەکان و سییەکاندا هیچ ئاهەنگ «لحن» ێک نەبوو بتوانێ دەیەکی هێزی دەنگی ئەوسای کەلسووم بمژێ. کە دەکرایەوە دەریا و فەرتەنە و بورکانی هەڵدەڕشت. لەحنی بەستەزمان دەبووە قاووت بەدەم ڕەشەباوە.

ڕاستییەکەی دەنگی کەلسووم وەهای کرد لە بیستنی گۆرانی عادەتی بتۆرێم، ئەگەر گۆرانیبێژ ئاگرۆچکەی لە دەمارەکانمدا هەڵنەگیرساندبایە بە فلسێکم نەدەکڕێ. ئێستاکەش هەر وەهام و پتریش بە لای مەرجی قورسدا بوومەتەوە بۆ پەسەند کردنی گۆرانی، لەوەشدا چ سووچم نییە چونکە هەر وەک لەوحەی ڕەسم یان پەیکەری پەیکەرتراش، یان بەرەو خوار بێین و بڵێین بەڕە و مافوور و چێشتی نیسکێنە ئەگەر عەیبیان هەبوو پێیاندا هەڵناڵێین، کە عەیبەکەش لە چاوان چەقی ڕەفزیان دەکەین، هەروەهاش گۆرانی کە بریتییە لە دەنگ و ئاهەنگ ومۆسیقا و وشە هەرکامێکیان ناتەواو بوو نرخی گۆرانییەکە بەرەو خوار دادەشکێنێ. لەمەوپێش خەڵق زۆر گوێی نەدەدایە غەیری دەنگ، بەڵام ئێستاکە شیعر و ئامێرەکانی مۆسیقا و ئاهەنگ پشکێکی گرنگی گۆرانی بۆ خۆیان دەدزنەوە تا ئەوەی دەتوانم بڵێم لە زۆر باردا دەنگی گۆرانیبێژ دەبێتە کەفەلوولکەیەک بەسەر لووزەی مۆسیقا و ئاهەنگدا، کە من زۆری تێدا نارەحەت دەبم چونکە دەوری دەنگ لە پلەی یەکەمی گرنگیدا بەرەژێر دەبێتەوە بۆ هیچ.

هەر لەبیرمە لە سەرەتاکانی چلەکاندا کە تازە هاتبوومە بەغدا بۆ خوێندن لە حقوق، دەمەو عەسرێکیان لای کاکە حەمەی خانەقا بووم، گۆرانیبێژێکی کورد لە ڕادیۆ خەریکی لۆرەلۆرێک بوو بە حاڵ بۆی دەبووە گۆرانی. پیاوی تایین نەیکردە نامەردی لە نیوەدێڕی دووەمی بەیتێکی گۆرانییەکەی ئەم گەوهەرانەی قەڵاشت: «خواردنی یارم شەکر و شیر و پەنیرە!!» بێ مەبەست لەگەڵ کاکە حەمە دامانە پێکەنینێک لێی نەدەوەستاینەوە...

کە هەر هاتمە ئەم مەیدانەوە با ئەمە بڵێم: لەوەتەی عیراق گۆرانی دەڵێ تا ئێستا هیچ شیعرێکی گۆرانی بە قەدەر «لاخەبەر لاچفیە لاحامض حلو...» سەرکەوتوو نەبووە هیچ کامێکیش هێندەی ئەو بێتالع نەبووە چونکە ئاهەنگەکەی (لەحنەکەی) لەچاو خۆیدا هەر دەڵێی کراسی جانگە بەبەر باڵای پەرییەوە. ئەم شیعرە لە ڕیزی شیعرەکانی «حسین السید» ی میسرە وەک «ساکن قصادي، حياتي انت» ئەگەر نەڵێم لێیان تێپەڕیوە...

خوێنەر بمبەخشێ لەم لابازەی هێنامیە ناو باسی گۆرانی کە دەبینێ لە سەرەتاوە بیرەوەری منداڵیم و هەڵکردنەوەی گوشی ڕایەڵەی ئەو تەمەنەم بەرەو ئەم لایەنەیەوە بردم، زۆریشم قسە پێیە بەڵام

ڕووپەڕەیان پێ پڕ ناکەمەوە بە سێ ئامۆژگاری لێیان دەرباز دەبم:

١- شاعیر دەبێ ئاگاداری لایەنی سازان و نەسازانی جیرانەتیی وشەکان بێ لە هەڵبەستدا، واتە خۆی بپارێزێ لەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن «تنافر الحروف».

٢- ئاهەنگساز ئاگاداربێ لەوەی نەفەسی لەحن لەگەڵ نەفەسی شیعر پێکەڵپێک بن تاکوو «لە ماڵەوە» نەبێتە «لامەڵەوە-لامەلاوە» یان «پێشە وامانە» نەبێتە «پێشەوەمانە» وەک کە گوێمان لێیە و پێشی ناڕەحەتین.

٣- گۆرانیبێژ نەکا لە سەری زمانییەوە خوولیای شیعر سارد بکاتەوە، دەبێ لە قووڵایی دڵیەوە باوەڕی بە کڵپەی هەڵبەست هەبێ دەنا دەچێتە ڕیزی ئەوانەی بەر لە دەیان ساڵ بەستەیان بۆ مەیموون دەگوت هەر هەتا تەقڵەبازی پێ بکەن.

شاعیر و ئاهەنگساز و گۆرانیبێژی کوردیش تێکڕایان نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرهەمێک بخوڵقێنن لە تەک ئەڵڵاوەیسیدا خۆ بنوێنێ... بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە.

نووری باویلاغا زۆر نەمایەوە. دوای نەقڵ بوونی سمکۆم نەدیتەوە هەتا گەیشتمە پۆلی دووەمی حقوق، بە ڕێکەوت لە قاوەخانەیەکی بەغدا بەیەک دی گەییشتین. ئەو لەسەر دەقی منداڵی گەورە بووبوو هیچ نەگۆڕابوو بەڵام من چووبوومە شکڵێکی جوداوە لەوەی ئەو پێمیەوە دیتبوو، پێشی گوتم زۆر گۆڕاوی. لەو سەفەرەیدا چەند جارێکیان بەیەکەوە دانیشتین و عەنباری قسەمان هەڵڕشت... لەوە بەولاوە چاوم پێی نەکەوتەوە هەتا لە شەستەکاندا، یان کەمێک وەهاوەتر، کۆچی دوایی کرد.

وابزانم لە پۆلی دووەم یان سێیەم بووم، یەکەم جار، قوتابییەکی وێنە نامەئلووفم دیت، کەڵەگەتتر بوو لە هاوتەمەنانی، نامۆییشی پێوە دیاربوو جلکیشی لە هی منداڵی کۆیێ نەدەکرد. ئەمیان یوونس ڕەئووف «دڵدار» بوو. زۆر ئاگاداری خۆی بوو کە لالییەکەی لێ بە عەیب نەگیرێ، هەر ئەم خۆگیرییەشی وەهای کرد ئەو دەمە لە نزیکەوە یەکدی نەناسین، ئەویش زۆر نەمایەوە و بۆ شوێنی دیکە چووە خوێندن.

لە سەرەتاکانی خوێندنمدا موعجیزەی ئۆتۆمۆبیلم دیت، دەنگ بڵاوبۆوە کە ڕێگەی ئۆتۆمۆبیل خەریکە بگاتە کۆیێ. ئەوانەی ئۆتۆیان نەدیتبوو گوێکوڕبوون بۆ ئەو ڕۆژەی پاڵەوانی چاوەنوڕکراو بگاتە شار، منیش لەوانە بووم هەر ناویم بیستبوو. ڕۆژێکیان بیستم ئۆتۆ هاتە ناو شار. چونکە ڕێگەکەی کە لە هەولێرەوە دەهات دوور لە ماڵی ئێمەوە بوو لە خۆوە نەدەهاتە بەر چاوم، دەبوو من بۆی بچم بەڵام هەستی ئارەزۆیەکی ئەوتۆم نەدەکرد بە دوایدا بگەڕێم. لە لێکدانەوەی ورددا بۆم دەردەکەوێ هۆی بێئارەزۆییم ترسێکی دەروونی بووە لە دەعبایەکی لەش ئاسنی هەناو ئاگرینی بەگرموهۆڕ کە پێشتر لەو هەرێمەدا نەدیتراوە.

لە ماڵی خۆمانەوە دەمدیت شتێکی کەس نەدیتووی کەس نەبیستووی بێوێنە ئێواران لەبەردەمی قشڵەی پۆلیسان بە تەنیشت جێگەی تۆپی ڕەمەزانانەوە ڕادەگیرا، لە جیاتی گەراج کە جارێ پەیدا نەبووبوو. بەڵام لەو دوورەوە ئەگەر شێر و پڵنگیش بوایە جێی ترس نەبوو. دوو سێ ڕۆژ تێبەڕی ئەگەر نەڵێم هەفتە، ئنجا بڕیارم دا بچم بۆ دیتنی. لەگەڵ چەند کەسێکی هاوتەمەندا نزیکی عەسر بەرەو ئەو

شوێنەوە چووین کە دەگوترا بە ڕۆژ ئۆتۆی لێ ڕادەگیرێ. لە مزگەوتی گەورە تێپەڕین گەییشتینە سەرەتای شورەی سەرا، لە نکاو گرەگرێک هات و لە پڕ لە سووچی دیوارێکەوە کە تەنها بیست مەترێک لە ئێمەوە دوور بوو، دێوێکی چوارپێچکەی خیوەت بەسەری هەرەشەکەری شەڕفرۆشی بزۆز پێچی دایەوە و شالاوی هێنا، کورد دەڵێ: ڕوح لە جێگەیەکی قاییمە و نایەتە دەرێ، قسەیەکی ڕاستیان گوتووە، باوەڕم نییە تا ئەو ڕۆژە ترسی ئەوتۆم ڕێنیشتبێ. بیرم لە هەڵاتن نەکرد، وەک بڵێی بە قەناعەتی ئەو دەمەم ڕزگاربوون بە هەڵاتن لە ئیمکاندا نەبووبێ، بە هەموو هێزمەوە خۆم بە دیواری سەراوە چڕساند و دەستم لە بەردی دیوارەکە قاییم دەکرد کە گەچی دەوراندەوری بەری دابوو بە زەقی لە دیوار هاتبووە دەرێ، دەمویست دیوار شەق بێت و ئاوای دیوی دیکەم بکات. ماوەی ترسەکەم بریتی بوو لە دە – پازدە سانییە چونکە ئۆتۆ لەو ماوەیەدا ئێمەی بەجێ هێشت و لە بیست سی هەنگاو بەولادا وەستا و خەڵقیش تێی وەرهاتن بێترس و بێکۆمە لێ کردن تومەز خەڵقەکە لەو چەند ڕۆژە لێی ڕاهاتبوون. ئێستاکە نازانم دوای ئەمە من چیم کرد بەڵام لەوانە نەبووم دوای ئەو ترسە و داچڵەکانە یەکسەر چووبێتمە دیار ئۆتۆکە (بە کورتی ئۆتۆ دەنووسم لە جیاتی ئۆتۆمۆبیل کە یازدە جاران قەڵەمی لێ هەڵدەئەنگێورێ بۆ نووسینی ئەو هەموو کەرت و خاڵ و نیشانانە).

وەک لەبیرمە یەکەم کۆیی کە ئۆتۆی کڕیبێ تاجرێک بوو، حاجی محەمەد ئەمین لچۆ، ئەو دەمە لە هەمووان بەپارەتر بوو. ئۆتۆکەی بۆ کرێ بوو، سایەقێکی بۆ ڕاگرتبوو ناوی مەمۆ بوو. من لەو منداڵییەمدا خوولیام چووبووە سەر وێنەکێشانی ئۆتۆ ئیتر بە قەڵەمی ڕەساس پرۆفایلی ساکاری ئۆتۆی چوارپێچکەییم دەکێشا و لە ژێرییەوە بە خەتی مندالانەم دەمنووسی: «ترمبیل، حاجی محمد امین لچۆ، ممو». ڕەنگە نووسیبێتم مەمو چونکە دەرسی ئیملامان کوردی بوو، وابزانم لە پۆلی دووەمەوە دەستمان کرد بە ئیملای عەرەبی.

حاجی محەمەد ئەمین دوو کوڕی لە من گەورەتری هەبووە، لەبەر نازی دەوڵەمەندی خوێندنیان پچڕپچڕ بوو، زووش وازیان لێ هێنا. گەورەکەیان ناوی عومەر ئەوی گچکەیان ناوی بەکر بوو. حاجی بۆ خۆی لە زەرەری تووتن ئیفلاسی کرد و ساڵانی کۆتایی عومری بە فەقیری ڕابوارد. کوڕەکانی دوای دەوری هەرزەکاری کەوتنە سەر باری گوزەران، عومەر بوو بە سایەق، گەلێ جار لەگەڵی دەبووم بە هاوڕێی سەفەر زۆریش دڵم پێی دەکرایەوە چونکە پەروەردەی ڕێزڕاگرتن بوو، قسەی لەوجەڕی ئەهلی گەراجی بە زاردا نەدەهات و دەیزانی بەپێی شەخس ڕەفتار بکات. ئەویش زوو مرد بەڵام وابزانم دوای بەکری برابچووکی ماوەیەک ژییا.

هاوڕێکانی ساڵانی خوێندنی سەرەتاییم! چەندم حەز دەکرد یەکەیەکە باسی خۆتان و بنەماڵەتان بکەم، هانام بۆ چەندین کەسیش برد کە کورتەیەکی باسی خۆیانم بۆ بنووسن. کە دەستم دایە نووسینی گەشتی ژیانم لەبیرم بوو کە من دەگەمە باسی پلەی خوێندنم بە ناچاری لە مامۆستاکانم و لە هاوڕێکانم دەدوێم، کە لێشیان بدوێم وەها شیرینە بیانهێنمە بەر ڕووناکییەوە. لە سەرەتاوە تکام لەوانە کرد کە دەنگم پێیان ڕاگەییشت کورتەیەکی باسی بنەماڵەیانم بۆ بنووسن، چەند کەسێکیان نووسیان،

هێنێکیشیان بەڵێنیان داوە، زۆریشیان لێم دووربوون بایی ئەوەی دەنگم نەیانگاتێ. ئێستا لەم کاتەدا پێویستیم بە کورتەی باسی بنەماڵەی دوو هاوڕێی ئەو پلەیەم هەیە کە برادەریمان لە سنوور بەدەر بوو، لە هیچ لایەکیشەوە سەروسۆراغی بنەماڵەکەیانم چنگ نەکەوتووە. ئەو دوو برادەرەم بە پێی تەمەن یەکەمیان عەبدوڕڕەحمانی مامۆستا مەلا سادق بوو ئەوی دیکەیان حەمیدی تاهیر چەلەبی بوو. لە تەمەندا من بچووکترینیان بووم بەڵام لە خوێندندا بەر لەوان چووبوومە مەکتەب.

عەبدوڕڕەحمان، جگە لە هاوڕێیەتی مەکتەب، پێوەندی باوکیشی بە باوکمەوە کە هێندەی مامم لێی نزیک بوو وەهای کرد ببینە برادەر. ماڵی ئەوان لە گەڕەکی ئێمە مەیلەو دوور بوو نەدەشیا بەشداری گەمە و گەپی عەسرانە و شەوانەمان بێ بەڵام چەندی لە مەکتەب دەبووین و لەزۆر سەروبەری هەڵسوکەوتی وەزعی ڕکەباری و لێک تۆرانی نێوان قوتابییەکاندا کە ڕووی لە ئێمەش دەکرد، من و عەبدوڕڕەحمان و عەبدولحەمید یەکدیمان دەگرتەوە. عەبدولحەمید هەم لەبەر جیرانەتیمان و هەم لەبەر دۆستایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەدا کە لە کۆنەوە بەردەوام بووە تا ئەوەی تاهیر چەلەبی بە درێژایی عومری وەزیفەی، واتە بەر لە تەقاعود بوونی، شەوانە دەهاتە لای باوکم، هەتا بڵێی ئۆگرم بوو. بڕوا ناکەم لە ڕووپەڕەی برادەریی منداڵاندا کەس باسێکی خوێندبێتەوە دۆستایەتییەکی هێندەی دۆستایەتی ئەو سێیەمانی بەهێز نیشان دابێ. من ساڵێک، لە پێش عەبدولحەمید، وابزانم عەبدوڕڕەحمانیش، بووم. لە ماوەی پێنج ساڵی هاوڕێیی مەکتەبمان هەرگیزاوهەرگیز هیچ کامێکمان بایی سەری دەرزی دڵی دووەکەی دیکەی نەڕەنجاند. سەلاحی ئامۆزام لەگەڵ مندا دانووی نەدەکوڵا، هەر بۆیەشی بوو کە زۆر جاران نەیدەوێرا لە ترسی باوکی پرکێشی لە من بکات شەڕی بەو هاوڕێیانەم دەفرۆشت بەتایبەتی عەبدولحەمید چونکە بەپێی جیرانەتیمان پترم لەگەڵدا دەبوو بۆیە ڕقی لەو پتر بوو.

لە نێوان قوتابی منداڵدا وردە حیسابی برادەری و تۆران و ڕاڵێبوون و خۆشنەویستن و ئەو جۆرە هەستانە جیهانێکی سەربەخۆ بۆ هەر یەکێک لەو قوتابییانە ساز دەدا کە بەپێی تەمەن و دەسەڵات و هۆش تێبرکردن بەقەدەر وەتەنگ هاتنی سەرۆک وەزیرێک لە ئیزرابی کرێکاران وەتەنگ دێت. منداڵ هەیە وەک «جوندی» فەرمانی لە خۆ گەورەتر و دەسەڵاتدارتر بێ هەرا دەسەلمێنێ، هی وەهاش هەیە سەری ببڕن دان بە بێدەسەڵاتی و کۆڵداندا ناهێنێ. من خۆم لە بارێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆدا بووم لێم بە عەیبێکی گەورە دەگیرا ترسم لەم و ئەو پێوە دیار بێ یان نازی کوڕی خاوەن دەسەڵات ڕابگرم. ئەو وەزعەم بۆ ئەوەی بردم کە لەگەڵ سادقی جەمیلاغا (قایمقام بوو) بەشەڕ بێم، هەرچەند لەمن بە عومرتر و کەڵەگەتتریش بوو بەڵام کە تێک ئاڵاین خستم.

عەبدولخالقی فەتاحاغای عەولاغا کە پوورزای من و خزمی بنەماڵەی سادقیشە چاوی لەو تێک هەڵقژانەمان بوو، ئێستاش ناوناوە لە موناسەبەدا دەیگێڕێتەوە. پێی ناوێ من بڵێم، لەو دەمانەدا بەشەڕهاتن لەگەڵ کوڕی جەمیلاغای سەرۆکی حەوێزیان و قایمقامی شار شتێک بوو قوتابییەکان خۆیان لێ دەدزییەوە، هەرچی من بووم چاوکراوەتر بووم چونکە بە زۆری جەمیلاغا و براگەورەکانی دیکەم دەدیت لای باوکم یان باوکم لای ئەوان. گەلێک جارانیش بەو منداڵییە لەسەر سینییەک لەگەڵ باوکم وجەمیلاغا نانم دەخوارد، تەنانەت لە منداڵیمدا کە زۆر حەزم لە پەقلاوە دەکرد، بە زۆری سینییە پەقلاوەم

بۆ دەهات یان لە ماڵی جەمیلاغاوە یان لە ماڵی مەلا ئەحمەداغای سلێماناغای غەفوورییەوە. خولاسە من کۆمەم لە کەس نەدەکرد، دوای ئەو تێک هەڵقژانەش بە زوویی بووینەوە برادەر. پتریش لە جاران لەیەک سی نزیک بووینەوە چونکە لە نێوان دوو بنەماڵەی حەوێزی و جەلیزاداندا خزمایەتی و دۆستایەتی هەبوو، باپیرم و باوکم لە ئافرەتی حەوێزی بوون، هەروەهاش مامەکانی باوکم، جەمیلاغا پوورێکی منی مارە کردبوو و کوڕی دووەمی جەمالاغا، پوورزام بوو. پوورێکی دیکەشم بووبووە خێزانی برایەکی.

لە کوڕانی گەڕەکی خۆمان حەمەدی حاجی سەعیدی حاجی حەوێز هەتا خوێندی لێم نزیک بوو. یەکێکی دیکەش مەجیدی حاجی فەقێ عەولا لە ڕێی پێوەندی باوکی بە باوکمەوە بە برادەرم حیساب دەکرا، لە من هەراشتر بوو بەڵام تابلێی دوورەشەڕ و سەرەخۆ بوو. لەو ساڵانەی دواییدا ئەمری خوای کرد. کوڕێکی ناسیاومە، ناوی دلاوەرە، هاتوچۆی دەکرد بۆ دانانی مەکینەی مریشکان لە نزیک کۆیێ، لێم پرسی ئەرێ ئێوە هێلکە دەکەن یا جووچکە هەڵدێنن؟ وابزانم جووچکە پەروەردە دەکەن.

باسی سەروبەری دوژمنایەتی و شەڕەچەپەلۆکێ و تێک هەڵقژانی قوتابییەکان کە من و ئەو دوو برادەرەم، عەبدوڕڕەحمان و عەبدولحەمید، هەمیشە لایەنێکی گرنگی بوون، دوای گێڕانەوەی یەکەم سەفەرم بۆ هەولێر سەرەی دێت.

گەییشتبوومە پۆلی چوارەم، باوکم لە سەفەرێکی بۆ هەولێر منیشی برد بۆ دنیایەکی تازەبابەت کە تەواوکەری تازەییەکەی دنیای پڕدەر بوو. من ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم کە ڕۆژێکیان باوکم تێی گەیاندم لەگەڵەخۆیدا دەمبا بۆ سەفەری لای هەولێر بە بۆنەی وەفاتی شێخ مارفی شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی کە سەرۆک و براگەورەی بنەماڵەکە بوو. ماڵیشی لە دێی هەڵەجە، لە دووراییی سێ سەعات ڕێ بە سواری وڵاغەبەرزە بەرەو ڕۆژهەڵاتی مەیلەو باشورەوە بوو، باوکم بۆ تازیخانەی بنەماڵەکە دەچوو.

شێخ مارف پیاوێکی کەڵەمێردی ئایینی، دنیایی بەدەسەڵاتی خاوەن تەکیە و دیوەخانە بوو کە هەمیشە دێیەکەی لە بەر زۆری مێوان و مرید و خاوەن ڕجایان دەتگوت کارێزەبازاڕە. مەسرەفی لە داهاتی دێیەکانی دەکرد نەک لە دەستودیاری مریدەکانی کە خۆی تەریقەتی بە کەس نەدەدا، ئەو مریدەی لێی کۆدەبوونەوە هی شێخی دیکە بوون. هۆی دوورکەوتنەوەی لە کۆیێ و گیرسانەوەی بە هەڵەجەی نزیک هەولێر حیکایەتێکی بە دواوەیە: شێخێک دێتە کۆیێ لە سەردەمی شێخ عەبدولکەریمی باوکی شێخ مارفدا، ئیددیعای سەیدایەتی دەکات و لە پەنا ئەو ئیددیعایەدا خۆ دەژێنێ. لە سەرەتاوە زۆر ڕێز دەبینێ لە لایەن شێخ کەریمەوە ئاغڵەب لە تەکیەکەی ئەودا بەسەر دەبا، دوایی دەزاندرێ کە ئەو درەختی نەسەبی سیادەت کە خۆی پێ دەگەیەنێتەوە سیدەکانی بەرزنجە هەڵبەستراوە و کابرا چ پێوەندی بە سەیداتییەوە نییە. لەوەوە شێخ کەریم بە توندی تێی ڕادەخوڕێ کە چی دی ئەو ئیددیعایە نەکات و بەو شەجەرە نەسەبەوە خۆی هەڵنەکێشێ. کابرا دوای ئەو ڕیسوابوونە باری دادەلەنگێت و لە بەرزاییەوە بۆ نزمایی بەرەو خوار دەبێتەوە تاکوو بە ناچاری دەبێتە قاوەگێڕ لە تەکیەی تاڵەبانیان. ڕۆژێکیان شێخ کەریم لە عادەتی سەردانی تەکیەی تاڵەبانیاندا دەبێت، کابرای قاوەگێڕ فنجانی قاوە بۆ شێخ کەریم ڕادەگرێ، لەو دەمەدا کە دەست دەبا قاوەکەی لێ وەرگرێ کابرا خەنجەرێک لە پشتی شێخ کەریم دەدات. شێخ کەریم هاوار دەکات ڕۆلە مارف بمگەیێ گوژرام، شێخ مارف لە نەدیوی باوکییەوە دەبێ، ڕادەپەڕێ بۆ لای

باوکی دەبینێ خوێن لە برینی کوفارەی بەستووە کابراش خەنجەر بەدەستەوەیە، ئەویش لەو هەیەجانەدا یەک خەنجەری پڕ لە ڕق و کەسەری تۆڵەساندنەوە لە کابرا دەدات و دەیکوژێت و بۆ خۆشی لە سەر دیوارەوە باز دەداتە کۆڵانە و دەبێتە قاچاغ لە حکومەت. شێخ کەریم لە برینەکەی بە سەلامەتی دەردەچێت، بەڵام مارف ماوەیەکی دوور و درێژ بە قاچاغی دەمێنێتەوە. لەو هەڵاتنەیدا پێوەندی بە کۆیەوە دەبڕێت و بۆی ڕێک دەکەوێت، بە زەکا و شەخسییەت و لێ هاتووی خۆی، لە هەرێمی هەڵەجە و ئاخوڕە و ئەو ناوەدا نیشتەجێ بێت و خاوەنایەتی چەندین دێ بەدەستەوە بگرێ. تەکیەی بەرزنجیان لە کۆیێ هەر ما بەڵام لە پاش شێخ کەریم و هەتا ماوەیەکیش دوای وەفاتی شێخ مارف قورسایی بنەماڵەکە کەوتە هەڵەجە.

من دەمزانی شێخ مارف وەفاتی کردووە بەڵام کە باوکم بردمی بۆ هەولێر نەمدەزانی چ مەبەستێک هەیە لەو سەفەرەدا، دواتر تێی گەییشتم.

باوکم مێوانی مەلا ئەفەندی دەبوو، لە کۆنەوە دۆستایەتی لە نێوان جەلیزادان و ماڵی باب و باپیرانی مەلا ئەفەندیدا هەبوو. وا پێ دەچێ پێشتر مەلا ئەفەندی پێشنیازی کردبوو کە لە دەرفەتدا باوکم من بۆ خزمەت ئەو ببات. شێخ مارفیش هەر وەک دۆست و خزمی جەلیزادان بوو، لەگەڵ مەلا ئەفەندیش هەتا بڵێی دۆست بوو. وەک ئێستاکە ڕوونی دەکەمەوە موناسەبەی سێقۆڵی دۆستایەتی باوکم و مەلا ئەفەندی و وەفاتی شێخ مارف وەهای کرد کە ئەو دەرفەتە لەبارترین دەرفەت بێ بۆ ئەو مەبەستە بچووکەی چوونی من بۆ خزمەت مەلا ئەفەندی، شتی بچووک کە پێوەندی بە گەورانەوە هەبوو ئەویش بایەخ پەیدا دەکات.

ماڵی مەلا ئەفەندی لە دێی باداوە بوو کە لە سنوور شاری هەولێری ئەوساوە سێ کیلۆمەتر دوور بوو (ئێستاکە کەوتۆتە ناو شاری هەولێر). ماڵەکەی لە هەموو کوردستانی عیراقدا هاوتای نەبوو لە قەشەنگی و خۆشی و ڕیکوپێکی و ئوسوولدا. دیوەخانەکەی ئەوسای (دواتر ژووری دیکە و تارمە و زیادی زۆری بە سەرەوە نرا) بریتی بوو لە دوو قات؛ قاتی سەرەوەی ژوورێکی گەورەی دیوەخانە و ژوورێکی نووستن و تارمەیەکی کرایەوەی هاوینان و هەیوانێکی بچووکی نێوان دوو ژوورەکە و ڕاڕەوێکی بۆ قادرمەی بەرەو لای ماڵەوەی هەبوو. قاتی ژێرەوەی دوو ژوور و مەتبەخێک و قاوەجاغی هەبوو. دیوی ماڵەوە پێی دەگوترا «قصر» لە ڕاسیشدا بۆ وڵاتی ئێمە بە قەسر دەژمێردرا، چ دیوەخانەی قاتی سەرەوە بێ و چ ژوورەکانی دیوی ماڵەوە بێ هەمووی بە نەقش و نیگار و سەقفی لە دارهەڵکەندراو بوو کە وێنەی نەدەدیترا. ئەمانە هەمووی بەلاوە بنێ و تەنها باسی باغ و ڕەزی دەوری دیوەخانە و قەسرەکەی لێی بە کۆتایی ناگەم… ڕێگایەکی قیرتاونەکراو ئۆتۆی پێدا دەگەییشتە باداوە، لە دەمی دەرگای باغەکەوەش تا بەر هەیوانی دیوەخانەکە بەردڕێژ کرابوو کە نەیەڵێ قوڕوقڵی ڕۆژی بارانە بە پێچکەی ئۆتۆوە بگاتە دیوەخانەکە.

هەرچەند ماڵی مەلا ئەفەندی بەولای هەموو شتێکەوە بوو کە من دیبێتم، دیسانەوە چونکە وەها بە گەشی و ڕووی خۆش و دڵی فەراحەوە بەخێر هێنراین، مەلا ئەفەندیش هێندە لەگەڵم بە لوتف و بەزەیی بوو دەتگوت چوومەتە ماڵی مامم. ئەو پێشوازییەی لە باوکم کرا هی گێڕانەوە نییە. دواتر کە لە ساڵانی خوێندنی ناوەندیمدا هاتمە باداوە ئەنجا دوو شتم بۆ ڕوون بۆوە: یەکەم ئەوە بوو کە پایەی باوکم لای مەلا

ئەفەندی لە چ ڕادەیەکدایە. دووەم ئەوە بوو کە شکۆ و سامی مەلا ئەفەندی و بەرودیوەخانەی بۆ خەڵقی دیکە چ ڕادەگەیەنێ. من هەستم نەکرد چووبێتمە جێگەیەکی غەریب. کەچی دواتر دەمدیت ئەو پیاوماقووڵانەی دێن بۆ دیدەنی مەلا ئەفەندی چلۆن لە دەرەوەی سنووری باغەکەوە تا دیوەخانە بەوپەڕی خودداری و هەنگاو لەباری و داپێچراوی و بێدەنگییەوە بە پێیان ڕێ دەبڕن و ئەو ماوەیەی بە دیار هاتنی مەلا ئەفەندیشەوە لە دیوەخانە چاوەنۆڕی دەکەن وەک ئەوەی لە حزوور مەلیکێک دانیشتبن بە ویقار و بێجووڵە دەمێننەوە. خولاسە، مەسەلەکە زۆر دوور و قووڵ بوو.

یەکەم جەمی خواردنمان هی شەو بوو، باوکم ئەگەر مێوانی بێگانە نەبوایە حەزی دەکرد بە عادەتی کوردەواری لە سەر زەوی و بە دەوری سینییەوە نان بخوات، هەر بەو عادەتە لە باداوەش نانیان لە سەر سینییەکی زۆر گەورەی بان کورسییەکی نزمەوە دانا. جگە لە من وەستا تەها و دوو بەردەست لەگەڵماندا بوون. کە چووین بۆ نانخواردن باوکم وەستا تەهای تەکلیف کرد، مەلا ئەفەندی (سەد هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی) ئیلحاحی کرد کە دەبێ دووەکەی دیکەش بێنە سەر سینی، باوکم ڕێی نەدا هەر نەبێ لەبەر دوو سەبەب، یەکیان ئەوە بوو کە نانیان بۆ ئاوا نەدەکرا لە وەزعی وەهادا، دووەمیان ئەوە بوو کە بە عومری خۆیان لە دیار باوکم نانیان نەخواردبوو. لەبیرمە ئەو خواردەمەنییە جۆراجۆرە قەشەنگە پڕلەزەتە کە سینییەکان بە پڕی ڕازاندبۆوە جۆرێک شیرنی تێدا بوو یەکجار بە دڵم بوو، کوردی گوتەنی لێی تێر نەدەبووم. باوکم لە بارەی ئەو شیرنییەوە بە مەلا ئەفەندی گوت، تۆ دەزانی من خواردنێکی هێلکەی تێکەڵاو بێ ناخۆم. شەوی دواتر کە نان داندرا ئەو شیرنییەی لەگەڵدا نەبوو، نەمکردە شەرمگیری بە مەلا ئەفەندیم گوت ئەفەندی خۆ ئەمن هێلکە دەخۆم... قسەکەمی هێندە پێ خۆش بوو پێوەی گەش بۆوە. سبەینێ نیوەڕۆ کە لە هەولێر گەڕاینەوە بۆ باداوە دیتم یەک بەلیان لەو شیرنییە بۆ من بە جودا هەڵگرتووە...

دوو ڕۆژێک دواتر کە پێش نوێژی مەغریب مەلا ئەفەندی بە عادەتی خۆی هەڵستا بۆ لای ماڵەوە بچێتەوە دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ دیوی حەرەم... هەموو قەسرەکەی نیشان دام، ئنجا بردمیە ژووری خۆی... لوتفێکی وەهای نواند لە خەیاڵ بەدەر بێ. کە بانگی مەغریبی دا دەستی گرتم و بردمی بۆ ژووری عیززەدەین بەو نیازە تا لە نوێژ دەبێتەوە تەنها نەبم. ڕاستییەکەی لەگەڵ منداڵیشمدا ئەو هەموو نەوازشتەم پێ هەزم نەدەکرا.

لە دەرفەت دەگەڕام بۆی دەرچم. ژوورەکەی عیززەدین ژوورێکی پڕ تاقم و ڕازایەوە بوو، خێزان و خوشکی مەلا ئەفەندی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی کە نەمدەناسین لە سەر فەرش دانیشتبوون عیززەدینیش لە سەر کورسییەک، منیش لە تەنیشت ئەوەوە بەسەر کورسییەکەوە گیرسامەوە. خێزانی لە بنەماڵەی یەعقوبی هەولێر، خاتوونێکی لێ وەشاوە بوو، خوشکی مەلا ئەفەندیش کە بە نازناوی خاتوون-ەوە ناویان دەهێنا، هەروەها. هەردووکیشیان لەگەڵ دایکمدا ئاشنا بوون، زۆر ئەحوالپرسییان کرد و گەلێکیان بەخێر هێنام. قاسم منداڵ بوو خۆم لێی نزیک کردەوە و دەستیم گرت و بە ناوی پێکەوە گەڕان لە ژوورەکە دەرچووین، پێم گوت ڕێگەی چوونەوە دیوەخانەم نیشان بدات، ئیتر هاتمەوە لای باوکم... مەلا ئەفەندی لە شەوان زووتر هاتەوە دیوەخانە هەر بۆ ئەوەی بە نوازشتەوە گلەییم لێ بکا.

هەموو شەوێک دوای بەسەرچوونی دانیشتنی پاش نانی خەفتنان، مەلا ئەفەندی لە ماڵەوە یەک قتووی پڕاوپڕی شەوچەرە و شەکەراتی هەمەچەشنەی هەرە مومتازی بۆ دەناردم، شەوی یەکەم بە ناوی عیززەدینەوە، شەوی دووەم بە ناوی قاسمەوە، شەوی سێیەم بە ناوی خۆیەوە کە ئیتر حورمەت بۆ منداڵێکی یازدە ساڵی لەوە تێپەڕ ناکات.

سبەینان من و وەستا تەها و یەکێک لە یارمەتیدەرانی باوکم، دوای بەرچایی، دەهاتین بۆ شار بە ئۆتۆی مەلا ئەفەندی. پاش چێشتەنگاو مەلا ئەفەندی و باوکم دەهاتنە شار لە مزگەوتەکەی قەڵا دادەنیشتن. ئێمە دەگەڕاین و دنیامان بە سەح دەکردەوە هەتا نزیکی ئەو دەمەی کە لە قەڵاتەوە دەگەڕاینەوە بۆ باداوە. ترمبێلەکەی مەلا ئەفەندی بە دوو جاران دەیبردینەوە. جاری دووەم مەلا ئەفەندی و باوکم و من دەهاتینەوە، پێشتر وەستا تەها و ئەوانی دیکەی دەگەیاندەوە.

دوای چەند شەوان سبەینەیەکیان پاش بەرچایی بە ئۆتۆکەی مەلا ئەفەندی لە خزمەت باوکمدا چووین بۆ هەڵەجە. خەڵقەکە ئاگاداری ئەو سەردانە بوون، قەڵەباڵغی لە هەڵەجە کۆببووبۆوە. باوکم بە گەرمی سەرەخۆشی لە شێخ عەزیزی کوڕەگەورەی شێخ مارف و لە هەموان کرد، بە دڵ و بە کوڵ و بەردەوامێک بۆ شێخ مارف گریا. لە دەمی بیستنی مەرگی شێخ مارفدا ئەم چەند دێڕەی بە عەرەبی نووسیوە: «انا لله وانا اليه راجعون ضياع عظيم وخطب جسيم. توفي الشيخ والسيد النبيل، رجل الدنيا والاخرة، صاحب الجود والماثر الفاخرة المعروف بالمعروف السيد الشيخ معروف ابن السيد العظيم السيد الشيخ عبدالكريم البرزنجي في الساعة العاشرة من يوم الجمعة، الخامس عشر من شهر رمضان المبارك المطابق لاول يوم من الروم سنة ١٣٤٨ هـ ق ١٩٣٠ ميلادي».

لەو سەفەرەدا بۆ یەکەم جار جەباری شێخ عەزیزم دیت، برایانی لە خۆ گەورەتری و مامەکانی و ئامۆزاکانی باوکی و گەلێکی دیکەش لە دانیشتوانی هەڵەجەم ئەم جارە دیتبوو باسی کاک جەباریشم بیستبوو، زۆر کەیفم بە دیتنی هات و ئەو چەند ڕۆژەی لە هەڵەجە ماینەوە من و ئەو هەر بە یەکەوەمان ڕادەبوارد.

ڕۆژێکیان چێشتەنگاوی قاییم کردبوو مەلا ئەفەندی گەییشتە هەڵەجە، تومەز من نەمدەزانی ئەم سەفەرەی باوکم و هاتنی مەلا ئەفەندی پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو. زووتر مەلا ئەفەندی هاتبووە پرسەی شێخ مارف، ئەم جارەش تازیمانەی نوێ کردەوە. دوای ئیسراحەتێک بوخچەیەک کە لە ئۆتۆی مەلا ئەفەندی هێنرابۆوە خوارێ بە دەستی باوکم و مەلا ئەفەندی کرایەوە، کەشیدەیەکی زەردی حاجییانە و عەبایەکی بەنرخی تێدابوو، یەکێک لەو دوو مەلایە زلە کەشیدەکەی لە سەری شێخ عەزیز بەست، ئەوی دیکەش عەباکەی لەبەر کرد و بە موسافەحەی قۆڵ بۆسی موبارەکبادییان لێ کرد و لە جێی شێخ مارفیان دانا. ئێستاکە نایەتەوە بیرم لە مەلا ئەفەندی و باوکم کامیان کەشیدەکەی لە سەری شێخ عەزیز بەست و کامیان عەباکەی لەبەر کرد، بەڵام چاکم لەبیرە ئەو خەڵقە هەموو لە شکۆی ئەو دیمەنە دەستی کرد بە گریان. دوای نانی نیوەڕۆ پێش عەسر لە خزمەت مەلا ئەفەندی و باوکمدا گەڕاینەوە بۆ باداوە.

ساڵی دواتر، ١٩٣١، جەباری شێخ عەزیز هاتە کۆیێ بۆ خوێندن. واپێدەچێ هەتا شێخ مارف وەفاتی نەکرد خاڵە عەزیز زاتی نەکرد کوڕی خۆی بۆ مەکتەب بنێرێ. کاک جەبار لە ماڵی خاڵە سەدر کە مامی

باوکی بوو و لە ماڵی مامم کە پوورزای باوکی و مێردی پووری بوو بەسەری دەبرد و بەزۆری لەگەڵ تاقمی برادەرانی ئێمەی ڕادەبوارد. بەڵام بە جۆرێک کە لە تەدبیری کەسدا نەبوو برادەریمان گۆڕا بە باری پێچەوانەدا. کاک جەبار لەخۆڕازی و نازکێشراو بوو. لە تەبیاتیدا حەزی سەرپەرشتی و فەرمان دەرکردن هەبوو. سەلاحی ئامۆزام کە کوڕەپووری بوو وەک گوتم دانووی لەگەڵ مندا نەدەکولا، بوو بە یاریدەدەری تێک چوونی بەینمان. من شەرم بە خۆ بووم، نە پلانگێڕیم دەکرد و نەلای کەس هیچم دەدرکاند. کاک جەبار بە زمانشیرنی و چاوڕاو ئەو ئامانجەی گرتبووە بەر کە مەیلی سەرۆکایەتیەکەی لێی خۆش دەهێنا. سەری خوێنەر نەیەشێنم، لە ماوەی ساڵێکدا، هەرچی برادەری قوتابخانەم هەبوو بوون بە برادەری ئەو تاکوو لە ئەنجامدا جەبهەی لای من مایەوە من و حامیدی تاهیر چەلەبی و عەبدوڕڕەحمانی مەلا سادق.

ئەو ساڵەی پۆلی شەشەمم، ١٩٣٢، بە دەردیسەر بردە سەر. نە ئاگام لە دەرس و خوێندن ما نە بیرم لە زەوق و خۆشی دەکردەوە. خوولیای شەو و ڕۆژم ئەوبوو چۆناوچۆنی بە سێ کەسان بەرگری چل کەس بکەین بێ ئەوەی خەبەری ماڵەوە بدەم یان شکات ببمە لای مامم. ئەگەر شەرمم لە خۆم نەکردبایە دەمتوانی چەند پیاوێک دەنگ بدەم و گرێمان بۆ بڕەوێننەوە یان خەبەری مامم بدەم کە مامۆستامان بوو، بێگومان بە ترووکەی چاوێک میحنەتی زێدە قورسی ئەو ساڵەی منی بەسەر لایەنەکەی دیکەدا دەشکاندەوە. حاڵم گەییشتە ئەوە مامۆستاکانم بە باوکم ڕابگەیەنن کە دەرسەکانم پشتگوێ دەخەم، منیش هەر جارە بە بەهانەیەک وەڵامم دەدایەوە. ئەو ساڵە حەمیدی تاهیر چەلەبی زۆری ناخۆشی دیت چونکە سەلاح و جەباریش دەسدرێژییان لە من نەدەکەرد هەر بە پلار و توانج ئازاریان دەدام لەگەڵ حەمید زۆر دڕ بوون، بەتایبەتی سەلاح، منیش هەر جارە سەلاح لەگەڵ حەمید بەشەڕ هاتبایە خۆم تێ دەهاویشت و لەسەرم دەکردەوە بەڵام زۆر جاران بە تەنهایی بەرەنگاری دەبوون. ئەویش هێندە مەرد بوو نە چاوی لێ دەچووقاندن نە ڕێی خۆی لە ترسی ئەوان دەگۆڕی و نە یارمەتیشی لە کەس داوا دەکرد.

ڕۆژێکیان دەمەو بەهار، یان ڕەنگە نیسان بوو، گرووپی ئەو کۆمەڵە ناحەزە بە سەرکردەیی جەبار وەڵامیان نارد بۆ من و حەمید کە ئەگەر چ غیرەتمان لەبەردایە بابچینە ژووانیان لە گردی مام جەردیس. ئەو گردە دوورە ماڵی ئێمە و لە گەڕەکی برادەرەکانی جەبار و سەلاح بوو. هەرچەند دەمزانی بەرەو مەرگ دەڕۆین بەڵام چاری کوڕی مەرد چییە غەیری مەردایەتی. لە میعاددا بە جووتە چووین بۆ ژووانەکە. باغەڵەکانمان پڕ کرد لە گاشەبەردی لووسولێک، پەنا بە خوا لەو سەری شارەوە دەرچووین بەرەو گردی مام جەردیس. نیمچە تابوورێک بۆمان کۆمەڵ بووبوون. ڕۆییشتین هەتا لێیان نزیک بووینەوە بایی ئەوەی کە دەبوو پەلامارمان بدەن. دیار بوو ئینتیزاریان دەکرد فەرمانیان بۆ دەرچێ بە هجووم، لە ناویاندا سەمەدی جەباراغا هەبوو کە پێشتر زۆر برادەرم بوو، قسەشی بەسەر خەڵقەکەدا ڕادەکشا، هاتەپێش لێمان و گوتی بە خودای دەبێ ئاشت ببینەوە، بەسە چیدی شەڕ و هەرای پێناوێ، هەموومان براین... دەک زارت خۆش سەمەدی جەبار!! لە برادەرەکانییەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزنەبۆوە، ئێمەش ناقایل نەبووین... هاتن بۆ دەستەملانێ و لە یەکدی خۆش بووین. بەڵام سەلاحی ئامۆزام دوورکەوتەوە زۆر قسەی سووکی بە برادەرەکانی گوت کە ئێوە حەوجەیان بوونەوە، لە جیاتی شەڕیان لەگەڵدا بکەن دەستەملانیان

دەبن. سەمەد چوو بۆی قایلی بکات، ئەو بە غار دوورکەوتەوە لێمان، تێی قووچاند بەرەو شار. سەلاح وردەوردە کە دیتی وەکوو جاران کۆڕی شەڕ گەرم نابێ، ئەویش سارد بۆوە، بە لای ئاشتیدا هاتەوە. لەگەڵ حەمید بە تەواوی ڕێک کەوتەوە، بەڵام لەگەڵ مندا سەرزارەکی قسەی دەکرد. ئەمانەی گوتم بە خۆشی و ناخۆشی و تاڵی و شیرینییانەوە لەو ساڵە نالەبارەی پۆلی شەشەممدا زۆری نەبرد کۆتاییان بە کارەساتێکی خوێناوی فرمێسکاوی هات.

ئەزموونی کۆتایی ساڵ نزیک بووبۆوە. دەبوو، بە تایبەتی من، خۆ ئامادە بکەم بۆ ئەزموونی بەکالۆری، برادەرانی دیکەش هەر یەکە بە قەدەر حاڵ کەوتە سەرباری خۆ حازر کردن. ئێواران من و چەند قوتابییەک دەچووینە باغێکی سەر بە چایخانەی گەرمووک کە لە شیوی ڕەزان هاوینان دادەنرا و بناوانێکی لە تەنیشتەوە هەڵدەبەسترا بۆ ئاودانی چەندی باغی دامەنی خۆیەوە. حاجی قادر کە دەڵێ: «نموونەی جەننەتە شیوی ڕەزانی» مەبەستی ئەو شیوەیە کە رووباری کۆیەی پێدا دەڕوات و لە هەردوو بەریەوە بۆ ماوەی سەعات و نیوێک ڕۆییشتنی پیادە ڕەز و باغی بە دەورەوەیە. ئێوارەیەکیان کە بەرەو ماڵ بووینەوە، سەرەو هەورازی شیوەکە دەهاتین هەستم کرد لە دواوە مقۆمقۆیەک هەیە برادەران لە ڕۆییشتن دەوەخرێنێ. منیش دەنگم دان کە درەنگە دەبێ هەنگاو هەڵێنین، تێیان گەیاندم سەلاحی ئامۆزام دەیەوێ چەند کەسێکی لەگەڵدا بگەڕێتەوە بۆ ڕووبارەکە بە نیازی تەقاندنی بۆمبایەک کەوا چەند بەینێکە لە توودڕکەڵێنێکدا دۆزراوەتەوە و چەند جارێکیش چۆتە سوێی و دەوری هەڵاتووە. کە ئەمەم زانی هۆش لە سەرم دەرچوو، بە قسەی قورس لێیان توڕە بووم و بە توندی ڕاپێچەکەم دان بۆ لای ماڵەوە. سەلاح کە لەدڵدا لێم پڕ بوو دەستی کرد بە قسەی عەلەقمەلەقی وەک «ئەتوو ترسنۆکی... ئەتوو نایەڵی بۆمبای کافران بتەقێنین...» ئەمانە و هی دیکەشی دەرپەڕاند و لێمان تۆرا و بە تەنهایی بە لایەکدا بۆ ماڵەوە چوو.

تا ئەو کاتە من نەمبیستبوو بۆمبایەکی نەتەقیوی ساڵی بۆمباردمانی ئینگلیزەکان لەو ڕووبارە ماوەتەوە و بە ڕێکەوت لافاوی ئەو ساڵە بەدەری خستبۆوە. ئەو ڕۆژە لە ماوەی هاتنەوەمان بەرەو ماڵ چەندی پێم کرا هاوڕێکانم تێ گەیاند کە تەقاندنی بۆمبا مەرگی پێوەیە نابێ تووخنی بکەون.

دواتر زانیمەوە کەوا خێرومەندێک مامم و مامۆژنمی ئاگادار کردبۆوە لەوەی سەلاح بەتەمایە بۆمباکەی ڕووبار بتەقێنێ... تومەز خەڵقێکی زۆر بەم بۆمبایەی زانی بوو کەچی هیچ کەس بیری لەوە نەکردەوە هەر نەبێ بەلای حکومەتدا بچێت و داوای چارەیەکی ئەو بۆمبایەی لێ بکات. من بەو ئامۆژگارییانەی کە کردم دڵنیابووم و لە چەند ڕۆژێکدا بە تەواوی بۆمباکەم فەرامۆش کرد.

دەوری دە ڕۆژێک یان نەختێک کەمتر تێپەڕی ئێوارەیەکیان بە عادەتی ڕۆژانی پێشوو بەرەو ئەو باغە چووین کە سەعیمان لێ دەکرد. کاک جەبار و من یەکدیمان گرتەوە برادەرەکانی دیکە هیچ تاکێکیان ئەو ڕۆژە دەرنەکەوتن. لە هاوڕێیانی پۆلی خۆم دوو کەسی دیکە ئەو ئێوارەیە لە باغەکە حازر بوون یەکێکیان سەمەدی حاجی تەها و ئەوی دیکەشیان ئەحمەد کەمال ناوێکی کەرکووکی بوو کە لەسێبەری نەنکیدا دەژیا و خۆی تاقانە و تاکە خوشکێکی هەبوو کە نازانم چۆناوچۆنی لە کۆیێ گیرسابوونەوە. ئەو چوار کەسە بە دەوری کورسییەکی نزمی بچووکەوە دوای چایە خواردنەوە خەریکی سەعی کردن بووین... لە

نکاو گرمەیەک هات گەلێک بەدەهشەتتر لە هی برووسکە، هەر چوارمان بەرەو پشت بووین بەڵام خۆمان گرتەوە. ئەحمەد کەمال وەها شێوا ڕەنگی سەوز بوو، ڕاستییەکەی کەمی مابوو بمرێ، هەر ئەو وەزعەی ئەویش ئێمەی خەریک کرد تا ئەوەی نەزانین دنیای ئەو گرمەیە چ باسە... کاتێک ئاگادار بووینەوە هەستمان کرد خەڵقی چایەخانەکە کە لە کەلێنی پەرژینی باغەکەوە دیار بوون وەها تێک دەهاوێن بە عاجباتی. قیژە و هەرا و چ بوو چ بوو دنیای پڕ کردبوو. لە یەکێکم بەدی کرد گوتی «چەند ڕۆژێکە دەستی تێ وەردەدەن» ئەوساش بیرم لە بۆمبا نەکردەوە زۆر بە بێمەعنایی وەهام زانی مەبەستی دەست تێوەردانی تفەنگە. وەختێک لووزەی خەڵقەکە جمی بەرەو لای سەرووی ڕووبارەکە، ئێمەش لە باغچەکە دەرهاتین، جارێ نازانین چی ڕووی داوە بەڵام دیار بوو ئەوەی قەوماوە شتێکی گەورەیە. بە قەڵەباڵغیدا تێپەڕیم بەرەو و ئەوبەری ڕووبارەکە: لە سەرەتای ئەو ڕێگایەی کە ئێواران لەوێوە بەرەو شار هەڵدەکشێین لووت و بزووت گەییشتمە حەمیدی تاهیر چەلەبی، بەڵام چۆن حەمیدێک: لەشی یەکپارچە خوێن، ڕووی هەڵپرووکاو، جلکی شرمبرم، کوفارەی خوێن لە قوڵی چەپییەوە سەر دەکات... حەمید ناسیمیەوە، لە گەرماوگەرمی برینداریییەوە هەستی بە خوی نەدەکرد ڕێگەی دەبڕی بەرەو شار. بە گریان و لوورەی ناڵینەوە گوتی: هەموویان مردن... سەلاح سەری پێوە نەمایە... بابەڕەسووڵ مرد کەس نەما... کە ئەمەم بیست ئنجا زانیم بۆمبا کاری خۆی کردووە لەو دەمەدا کە کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، بەتایبەتی ئەوانەی قەسابخانەکەیان دیتبوو وڕ بووبوون. من هیچم پێ نەدەکرا خۆ ئەگەر بشم ویستبایە ئەو عالەمە لێ نەدەگەڕان هیچ بکەم. خەڵقیش لە حەمید ورووکان ئیتر بیرم لەوە کردەوە کە خەبەر دەگاتەوە شار خوا دەزانێ چۆناوچۆنی بە باوکم دەگات، بە پەلە هەنگاوم هەڵێنا بەرەو ماڵ.

کە هاتمەوە حەوشەی ماڵەوە باوکم دیت لە شوێنی عادەتی خۆی دانیشتبوو بەڵام ڕەنگ لە ڕووی نەمابوو. هەر ئەوەندە چاوی پێم کەوت و دڵی تەسکین بوو گەڕامەوە بۆ لای دەرگای دەرەوە. کە من لە شیپانەی دەرگە دوو دەریەکەمان ئاوای کۆڵان بووم حەمید بە سواری گوێدرێژ و خەڵق بە دەورییەوە گەییشتە بەر دەرگاکە... دوای تێپەڕینی ئەو، تاقمی ئافرەتان لە گەڵ مامۆژنم بە سینگ کوتان لە ڕووبار دەهاتنەوە. شاری کۆیێ لە سەرەتاوە شەقژا، دواتر وەها کپ و خامۆش بوو کوردی گوتەنەی دەتگوت خۆڵ و دۆت بەسەردا کردووە.

ژمارەی کوژراوەکان پێنج بوون، سەلاح و تاقانەی خاڵە عەلی (مامی مامۆژنم) کە ناوی بابەڕەسووڵ بوو، هێندەی پەڕەسێلکە لاشەڕ و بێزەرەر بوو. ئامۆزایەکی حەمیدی تاهیر چەلەبی کە بە ناوی باپیری، حاجی عەبدوڵڵا کرابۆوە، پێیان دەگوت «بابەکە»، دوو کوڕی منداڵ کە بە ڕێکەوت لە نزیکیانەوە مەڕی دابەستە دەلەوەڕێن. حەمیدیش هەر بە کوژراو حیساب بوو ئەجەل لێی گەڕا. پاش پتر لە مانگێک کە حەمید کەوتە بارێک بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم لێم پرسی چۆن کەتنەکەتان کرد، گوتی سەلاح ئێمەی کۆکردەوە بۆ تەقاندنی ماڵی کافر، بابەڕەسووڵ زۆر پاڕابۆوە وازبهێنن سەلاح نەیسەلماند بوو. پێیەک لە پاش یەکێک لە پێش لە شەرمان بەگەڵیان دەکەوێ... کە دەگەنە جێگەی بۆمباکە ئەو دوو منداڵە لەوێ دەبینن، سەلاح تەماعی کۆترەی تەقلەبازیان لەبەر دەنێ کە بۆمباکەی لە ناو دڕووکان بۆ دەربهێنن ڕازی نابن و خەریکی مەڕلەوەڕاندن دەبن سەلاح خۆی دەری دەهێنێ. چەند جاران بە ئەرزیدا دەدەن ناتەقێ

تاکوو بابەکە، کە منداڵێکی وردی زیرەکی دەسترەنگین بوو، چەند جەڕ و بورغی لە بۆمباکە دەکاتەوە و کفەکفی لێوە دێت ئەو جار سەلاح بەردێکی ڕووبار لەسەر زیخەڵان دادەنێ و بۆمباکە دەباتە سەر سەری و بە بەردەکەیدا دەدات، ئنجا تەقی بوو. حەمید دەیگوت بەتەما بووین بەر لە تەقینی هەڵبێین، دەشبێ وەها بووبێ دەنا کەس نایێ بەو جۆرە ئاگر لە عەمری خۆی بەر بدات.

بۆمبا ئەوەی کردی کردی بەڵام ئێمە جارێ قەزرداری قەزاوقەدەر بووین، دایکم لە سەردانی خزمانی سندۆڵان بوو کوڕێکی کۆرپەی بەرمەمکانی، مەجیدالدین، کە دەتگوت پارچە ئەڵماسە، لە کۆیێ بەجێمابوو لای دایانی کە کچی ئامۆزای باوکم، کاکەمەلای مەلا حەبیب، بوو هەر لە ماڵی خۆمان بەخێوی دەکرد. سێ ڕۆژێک بەسەر مردنی سەلاحدا تێپەڕیبوو، جارێ شین بە گەرمی دەگەڕا، ئەم برایەم زیڕەی تێ وەستا، دایە گریانێک کە لێی ژیر نەدەبۆوە، وەهاش بە هەژمەت دەگریا دڵی خەڵقەکەی بۆ دەبوو بە ئاو. چەندێکی دکتۆر سەلاح (سووریەیی بوو) و حەکیمی خۆماڵی خەریکی بوون ئەو منداڵە لە گریان نەوەستا... چوار ڕۆژی بێوچان و پێبشوو ئەو بەستەزمانە گریا، من تەحەمولم نەدەما لە ماڵەوە دەردەچووم. ڕۆژی چوارەم نووزەی پێ مابوو، لەشیشی وەک گوڵی بێ ئاو لە سیس بووندا بوو. هەتا هێزی مابوو لە بێئۆقرەیی خۆی لەم باوەشەوە بۆ باوەشی یەکێکی دیکە هەڵدەدا لەویشەوە بۆ یەکێکی دیکە. کەس لەو بەینە خەوی نەبوو، خۆراک وەک زەقنەبووت بوو... هەتا نووزە و هەناسەی بەیەکەوە وەستان. ئاگری مەجیدالدین لە دڵماندا ساڵەهای ساڵ زیندوو بوو بەتایبەتی دایکم کە بەسەر تەرمیشی ڕانەگەییشت، نەشیزانی مردووە هەتا لەبەر خەبەری سەلاح هاتەوە کۆیێ.

بەم وەزعە من چوومە ئیمتیحانەوە بەڵام ڕێکەوتێکی تاقانە لە مێژووی ئیمتیحانی بەکالۆری قوتابخانەی سەرەتایی لەو ساڵەدا ڕووی دا. بڕیارێک هات لە مەرکەزەوە کە بەر لە بەکالۆری قوتابییەکان (امتحان داخلی – یان زاراوەیەکی وەکوو داخلی لەگەڵدا بوو) بکرێن لەلایەن مامۆستاکانیانەوە ئەوەی لەو ئەزموونە دەرچوو دواتر بەشداری بکات لە ئەزموونی بەکالۆری. وابزانم لەو ئەزموونە هەموو قوتابییەکان دەرچوێندران. زۆری نەبرد فەرمانێکی نوێ هات کە ئەو ئەزموونە لەجیاتی بەکالۆری حیساب بکرێت.

بۆمباکەی ئەو ساڵەی ١٩٣٢ کە ئەو کۆمەڵە منداڵەی کوشت لە هەموو ناوچەکانی کوردەواری دەنگی دایەوە چونکە ئەوسا وەک سەردەمی ئێستاکە نەبوو باسی کوشتن بایەخی نەمابێ، تەقینەوەی بۆمباش لەو ڕۆژگارەدا لە دەگمەن دەگمەنتر بوو. بەڵام سەیر لەوەدا بوو کەوا هەرچەند کارەساتەکە لە دڵاندا کاریگەر بوو، بە تایبەتی لە خەڵقی کۆیێ، تەنها شاعیرێکی بەری بابان کە ناویم لەبیر نەماوە هەڵبەستێکی لاواندنەوەی بۆ ئەو قوتابییانە هۆنیەوە. تۆ سەیری ڕێکەوت یا قەزاوقەدەر بکە: لە هەموو بۆمباردمانی ساڵی ١٩٢٢ هێندەی ئەو تاکە بۆمبای دە ساڵ بەسەرداچووی، لم لێنیشتووی، ژەنگ هەڵێناو زەرەر لە گیان نەکەوت.

ڕوونکردنەوە: بەپێی بەڵێنی کە داومە بۆ تیشک خستنە سەر دەوروبەری ئەو ناوانەی دێنە ناو نووسینمەوە لێرەدا کورتەیەکی ڕابوردووی بنەماڵەی شێخ کەریمی بەرزنجی کۆیێ دەنووسمەوە، بەو جۆرەی کە لە کاک حەمیدی خاڵە سەدرەوە بۆم هاتووە.

له شێخ حەسەنی گڵەزەردەوە دەست پێ بکەین بەرەو ژێر، چونکە بەرەژوور پێویست بە لێدوانی نییە و شەجەرەی بێگومان هەیە ڕوونی دەکاتەوە و خەڵقیش دەیزانێ.

شێخ حەسەن هەشت کوڕی هەبووە کوڕی هەرە بچووکی ناوی شێخ کەریمی هەشتەزینی بووە. ئەم شێخ کەریمە سێ کوڕی هەبووە: شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و شێخ محەمەد.

شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد هاتوونەتە کۆیێ بەڵام مێژووی هاتنیان نەزانراوە. شێخ سەلام براگەورە بووە، لە کۆیێ مردووە قەبریشی لە گۆڕستانە مەشوورەکەی دەروێش خدرە. کوڕەکانی چوون بۆ حیجاز و «شرق الاردن» لە ساڵی ١٩٢٨ یەک لە نەوەکانی «سید محمد نصرت» بە سەردانی خزمان هاتۆتەوە کوردستان ماوەیەک لە هەڵەجە و کۆیێ لای خزمان بەسەری بردووە. کاک حەمید دەنووسێ: «ساڵی ١٩٤٨ چوومە شام و سەردانم لەو سەید محەمەد نەسرەتە کرد، پیر بووبوو، کوڕێکیشی هەبوو «نەبیل» ناو». دوای مەرگی شێخ سەلام، برا بچووکەکەی کە شێخ ئەحمەد بووە لە شوێنی دەبێتە تەکیە نشین. ئەم شێخ ئەحمەدە لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخ لای شێخی نۆدێیی خوێندوویانە بە تەمەنیش لە کاک ئەحمەد گەورەتر بووە. شێخ ئەحمەد لە کۆیێ ناژراوە لای براگەورەکەی شێخ سەلام. تاکە یەک کوڕ لە شێخ ئەحمەد بەجێ دەمێنێ ئەویش شێخ کەریمی بەرزنجی. مێژووی وەفاتی لە مەرسییەیەکدا کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا بۆی داناوە بە «مات قطب من العراق كريم - ١٣١٤ ک» زانراوە.

شێخ کەریم هەشت کوڕی لە پاش بەجێماوە: شێخ مەعرووف، شێخ «محيي الدين - نهانی»، شێخ نەجمەددین، شێخ سەلام، شێخ ڕەزا، بابە عەلی، سەید ئەحمەد «حسێنی»، شێخ سەدرەددین. کوڕی گەورە شێخ مەعرووف وەکوو نووسیمان لە ١٩٣٠، هی هەرە گچکەش، شێخ سەدر، لە مارتی ١٩٦٣ کۆچی دواییان کرد، یەکەمیان لە هەڵەجە و دووەمیان لە کۆیێ لای باپیرانی ناژرا.

کوڕ و نەوەی ئەو برایانە لە کۆیێ و ڕانیە و هەولێر و سلێمانی و بەغدا و شوێنی دیکەش دەژین و بە وەزیفە و کەسابەتی هەمەجۆرەوە خەریکن. تەکیەی مەرکەزییان ئێستاکە لە هەولێرە. سێچوار دێڕی پایین هی خۆمە نەک هی کاک حەمید.

ئاڵقەی شەشەم

سێ ڕوون کردنەوەی کورتیلە هەن، دوویان هەڵەن ڕاستیان دەکەمەوە، سێیەمیان لەبیر چووە دەیهێنمەوە بەر یاد، هەڵەی یەکەم ئەوەیە کە مامۆستایەکم بە ناوی (أنور حسن) لە خەڵقی هەولێر برای د. عیسا حاجی حەسەن نییە و بنەماڵەیان جودایە، من بە سەهوو وەهام زانیبوو بران. ئەنوەر حەسەن لە بنەماڵەی (قەساب)ـە و کوڕی یەکێکە لە چوار برایان. هەڵەی دووەم ئەوەیە کە شێخ حسام و شێخ شەرەف تاڵەبانی کوڕانی شێخ (نورالله) و برازای شێخ ئەفزەل و شێخ بورهانن. لە تاوتووکردنی هەندێ سەروبەری هەواڵی تاڵەبانیەکانی کۆیێ کە پێویست بوو هەڵپەرداوتنێکی تێدا بکرێ ئەو هەڵەیە ڕووی دا. لەبیرچوونەکە ئەوەیە کە دەبوو بڵێم شەهیدی کوردایەتی خێروڵڵا عەبدولکەریم، یەکێک بوو لە مامۆستاکانی پلەی خوێندنی سەرەتاییم... ڕاستییەکەی وێنەی خێروڵڵا لە دەمی مامۆستایییەکەیدا وەها لە سەرەخۆ و بێدەنگ و مەند دێتەوە بەر یادم، بیری بۆ ئەوە نەبردمەوە کە دواتر بوو بە ئەفسەر و شۆڕشگێڕ و قوربانی ڕێگەی کوردایەتی، خولاسە خێروڵڵای شۆڕشگێڕ پەردەی خستە سەر خێروڵڵای مامۆستا.

پلەی خوێندنی سەرەتاییم دەپێچمەوە چی دیکەی بە دوادا ناڕۆم هەرچەند گەلێک لایەنی سەر بە خوێندن و بە ژیانی کۆمەڵایەتیشم ماوە باسی بکەم و خۆمی تێدا ڕوونتر بکەمەوە هەر ئەو مەبەستەی خۆ ڕوونتر کردنەوەشی بوو لە سەرەتاوە بەرپرسی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بۆی دانام بە ئامانج بە نیازی ئەوەی لە دوا ڕۆژدا ورد و درشتی ناوەڕۆکی ژیانم، وەک ڤەترینەی فرۆشگاکان، لە ڕووپەڕەکانی ئەو گۆڤارەدا بکەوێتە بەر نیگای تەماشاچیان، من لە خۆمەوە وردییاتی ژیانم بە ملی خوێنەردا نەداوە.

ساڵی ١٩٣٤ تەمەنیشم گەییشتبوە قۆناغی پاش مێردمنداڵەیی، فاروقی برایشم ساڵێک بوو منی لە خانەی خز و لەقی پڕ هەست و مەترسیی تاقانەیی وەدەر نابوو. دوو ساڵ بوو پلەی سەرەتاییم بڕیبوو، لەبەر تاقانەیی و نەڕەسین ڕێی چوونە خوێندنم بۆ هەولێر لێ بەسترابوو، کۆیەش ئەوسا فێرگەی ناوەندی لێ نەکرابۆوە.

ماڵمان لە چنارۆک بوو، بەرەو کۆتاییی مانگی ئاب بوو بڕیارم دا هەنگاو هەڵێنم بۆ خوێندنی ناوەندی. پێشتر قسە لەوە کرابوو، دەشکرا، کە دەرفەت بوو بمنێرن بۆ هەولێر ئیتر لێم نەکۆڵیەوە و پێویستم نەدیت نیوە بەڵێن بەبیر کەسوکار بهێنمەوە، وەهام دانا، چوونم بۆ هەولێر بەجێ گەیاندنی بڕیارێکی لێرە بە پێشەوەیە.

ئەو ڕۆژە چنارۆک تا بڵێی گەش بوو، قایمقامی کۆیێ، ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان بە دەستە و دایەرەی کاربەدەستە گەورەکانی قەزا و هەندێک لە دۆستی ئاشناوە بەرچایی گەیاندە چنارۆک و لەگەڵ باوکم و مامم و کەسانێکی خزم و دۆستی ئەو دەمە لە بن سابات و شاخی سوولی پاشادا خۆشترین کات و بەتامترین بەرچایی و ئاودارترین مێوەی هەمەچەشنەی باغە ئاوەدانەکانی ئەوسای چنارۆکیان دەکرد بە خۆراکی مادی و مەعنەویی لەش و گیان.

هەر لەو دەمەدا، کەوا بەڕاستی ڕووپەڕەی هەموو دڵێک ژەنگی مەینەتی لێ سڕابۆوە، نووری بەگی

ساحێبقڕان، مدیر ناحیەی خدران و خزمی ساڵح زەکی بەگ و دۆستی خۆمان، بە تاقمێکی حکومەتی و عەشیرەتییەوە گەییشتە جێ، تومەز پێشتر خەبەردار کرابوو بە ماوەیەک کە بتوانێ تێیدا ئامادەی ئەو سەردانە ببێ. باقی بەگ، کوڕە گەورەی نووری بەگ، ئەوسا لە حقوق دەیخوێند مابووی دەربچێ، ئەویشیان لەگەڵدا بوو.

پێشتر باقیم دەناسی، بەهۆی سەردانی لە ماڵی ساڵح زەکی بەگ لە کۆیێ یەکترمان دیتبوو لە مناسەبەدا دەڵێم، هاوینی پێشووتر مامۆستا شاکیر فەتاح ئێوارەیەکیان لەگەڵ خوا لێ خۆش بووان، مامۆستایان عەبدوڵلا سامی و زەکی هەناری و ئاسەفی مەلا ڕەئووف لە گەشتێکی ناوچەی جەلی و نازەنین و هیران و ئەو هەرێمە دەگەڕانەوە، بە مەبەست ڕێیان هێنایەوە چنارۆک و سەردانی باوکم و مامیان کرد. شەوێکی زۆر خۆشمان لەگەڵدا ڕابواردن هەرچەند مامۆستا شاکیر فەتاح نەختێک ماندوویی پێوە دیار بوو. ئەو شەوە بوو بە بناخەی پێوەندییەکی نەپسایەوەی دۆستایەتیمان هەتا ئێستاش. شاکیر فەتاحیش جارێ لە حقوق دەیخوێند. کۆمەڵەی ساڵح زەکی بەگ و کۆمەڵەی نووری بەگ کەمێک دوای عەسر هەریەکە لەو ڕێگەیەی لێوەی هاتبوون بەرەو ماڵ بوونەوە، منیش ئەوەندە خۆم گرت کە مەودا بکەوێتە نێوان لەگەڵ کۆمەڵەی زەکی بەگ، سواری وڵاغێک بووم و ئاودیوی کۆیە بووم. لە ڕێگا تووشی ئەو چنارۆکییانە بووم کە هاتبوونە شار، خەبەرم بۆ ماڵەوە پێدا ناردن کەوا من چوومە کۆیێ بە نیازی سەفەری هەولێر.

دایکم بە زانینی خەبەرەکە ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو... وەڵامی بۆ ناردم هەر چاوێکی پێم بکەوێتەوە چی دیکەی لێم ناوێ. سبەینێ گەڕامەوە چنارۆک، دیتم دایکم بە تەواوی شڵەژاوە. دەیگوت لێم ڕوون بوو دەمرم و ناتبینمەوە.

شەوێک دووان مامەوە بە نامەیەکەوە لە باوکمەوە بۆ مەلا ئەفەندی هاتمەوە کۆیێ. ڕۆژی دواتر لەگەڵ وەستا تەهای حاجی حەمە ڕۆمی جلدور کە دۆست و وەکیل خەرجی باوکم بوو لەو کەمتاکورتە داهاتەی ناوشار کە پێمان دەگەیێ، چووین بۆ هەولێر. لە گەراجی هەولێر بە تاکسی یەکسەر چووینە باداوە. مەلا ئەفەندی زۆری بەخێرهێناین. پێشتر وەستا تەهای دەناسی چونکە لە هەموو سەفەرێکی باوکم بۆ هەولێر بەشدار دەبوو.

مەلا ئەفەندی لە بنەماڵەیەکی گەورەی کوردی هەولێرە. وەختی خۆی لە دیوی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون، چەند پشتێکیان بەسەرچوون تا مەلا ئەفەندی بوو بە برا گەورە و وارسی وەجاهەتی ئەو بنەماڵەیە. لە مەلایەتیدا بەرەوژوور چوو بوو تا پلەی هەرە دوایی ئەو کەسبە. لە قەڵاتی هەولێر مزگەوتی جومعە هی ئەوان بوو، ڕۆژانە دەرسی بە فەقێیان دەگوت و بە مەسرەفی خۆیشی دەیژیاندن، ئەوەی ئیجازەشی لێ وەرگرتبایە شوێنێکی بۆ دەدۆزییەوە مەلایەتیی تێدا بکات. لەلایەن شۆرەتی دنیاییشەوە کەس نەبوو لە کوردستانی خۆمان لەوی تێپەڕاندبێ. لە پێش جەنگی یەکەمەوە خانوویەکی قەشەنگ و دیوەخانەیەکی زەنوێڵی لە دێی (باداوە) بنیات نا. ئەوسا باداوە سێ کیلۆمەتر دوور بوو لە شار، لە سەرەتاوە بە عەرەبانە، دواتر بە سەیارە ڕۆژانە هاتوچۆی مزگەوتی قەڵاتی دەکرد تا دوای نوێژی نیوەڕۆ بە دەرس و مێوانداری خەریک دەبوو نانی نیوەڕۆی دەهێنایەوە باداوە. عەسران لە دیوەخانە دەبوو تا

پێش نوێژی ئێواره. شەو ئەگەر مێوانی هەبایە دوای نانی خەوتنان (وەکوو نوێژی خەوتنان) لە گەڵیاندا دەدوا تا دەمی نووستن. مێوانی کوردەواری کە ڕووی لە مەلا ئەفەندی بکردایە دوو جۆر بوون: هێندێکیان حەزیان بەوە دەکرد لە شار بمێننەوە، شەو لە مزگەوتەکەی قەڵات دادەمەزران، هێندێکیشیان دەهاتنەوە باداوە، ئەوەی ئۆتۆمۆبیلی نەبایە بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی هاتوچۆی پێ دەکرا، سبەینان لە باداوەوە بۆ هەولێر ئێوارانیشی بە عەکسەوە. زوربەی هەره زۆری عەشایری لیوای هەولێر پێوەندیان بە مەلا ئەفەندییەوە هەبوو، لە بەری بادینانیش دۆست و خزمی عەشیرەتەکانی هەرێمی ڕەواندز و شەقلاوە سەریان لە باداوە دەدا... برا گەورەکانی ئەو عەشیرەتانە هەمیشە لە پێویستدا فەرمانبەرداری مەلا ئەفەندی دەبوون، موتەسەڕریفێکی مەلا ئەفەندی ڕای لێی نەبایە نەیدەتوانی لە هەولێر بەردەوام بێ.

بە دەوری دایەرەی حەرەم و دیوەخانەوە، لە چوار لاوە، باغێکی ئەوەندە بەرین هەبوو، ئێواران کە پیاسەمان بە تەنیشتیەوە دەکرد هەتا سوورمان لێ دەدایەوە مەیلەو ماندوو دەبووین... لە دوورایی سێ سەعات ڕێگا بە پێیان، ئاوێکی ئاشگێری لە کارێزی دێی (بنە سڵاوە)وە هەفتەی جارێک ئەو باغەی ئاو دەدا... هەرچی مێوەیەکی وڵاتی خۆمان هەیە لێی ناشترابوو... بەشێکی پەرژینی باغەکە (گوڵەباغ) بوو، بەهاران دوکانداری هەولێری گوڵەکەیان بە (ضمان) وەردەگرت و لە بازاڕی هەولێر دیانفرۆشت. موبالەغە لەوەدا نییە ئەگەر بڵێم داهاتی ئەو گوڵەباغە لە داهاتی ئەوسای بۆرجوازییەکی مامناوەنجی گەلێک زیاتر بوو. باغەکە دابەش کرابوو بە پێی ژمارەی ئەو مێوەیەی لێی چاندرابوون. باغی هەنجیر، باغی سێو، باغی قەیسی، باغی فستەق (ئەمیان شوورەی تایبەتی بە دەورەوە هەبوو)... لێرەو لەوێ بنە تووی هەمە چەشنە... بەشی هەره زۆری باغەکەش مێوی ترێ بوو. بەهارێکیان لە دەمی گەییشتنی قەیسی، شێخ محەمەدی شێخ حیسامەددینی تەوێڵە هاتە سەردانی مەلا ئەفەندی ئێوارەیەکیان بەناو باغەکەدا گەڕا، کە هاتەوە بە مەلا ئەفەندی گوت، چەند بنە قەیسیەک لە باغەکەتدا هەیە تەنها لە باغەکانی (گوڵپ و باغەکۆن)ی باوکم دیتوومن، هەتا بڵێی پەسەندن بەڵام باوەڕ ناکەم باغەوانەکانت ئاشکرایان بکەن... لەسەر ڕاسپاردەی شێخ محەمەد پێ تەرازۆیەکیان لەو قەیسییە هێنا. بە دیمەن سەوزی نەباتی دانە هەراش بوون. هەرچی دەستی دەگەیاندە قەیسییەکە لە شوێن پەنجەکانی ئاو دەزایەوە، هێندەش بە تام و شیرین بوون، ڕاستییەکەی، پێشتر شتی وەهام نەدیتبوو، لەوە بەولاوە چەندێکی لە کژی ئەو قەیسییەدا مێوانی نیوەڕۆژ لە باداوە نانیان خواردبایە ئەو قەیسییە بە ناوی مێوە پێشکەش دەکرا. هەر لەبیرمە، کە (المحكمة الكبرى) لە هەولێر پێک دەهات، نیوەڕۆ دەستەو دایەرەی حاکمەکان بە سەرۆکیانەوە، کە پیاوێکی ئینگلیز بوو، لای مەلا ئەفەندی نانیان دەخوارد... ئەوانیش لەو قەیسییەیان خوارد و زۆری لێ ڕازی بوون.

بووم بە قوتابی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی هەولێر. سبەینان لە باداوەوە لەگەڵ کوڕە گچکەکەی مەلا ئەفەندی کە ناوی قاسم بوو، دوو خوشکی لە خۆی بچووکتریشی، بەیەکەوە دەهاتینە هەولێر بۆ خوێندن... نیوەڕۆیان دەهاتمەوە مزگەوتی قەڵات بۆ نانی نیوەڕۆ، دوای دەوامی دووەمی خوێندن سەیارەمان بە دوادا دەهاتەوە لەگەڵ قاسم و خوشکەکانی دەگەڕاینەوە باداوە. قاسم لە سەرەتایی کوڕان و دوو خوشکەکەیشی لە سەرەتایی کچان دەیانخوێند. قاسم پیاوی خۆی لەگەڵدا بوو خوشکەکانیشی دایەنیان

هەبوو. دایکی ئەو پیاوە لە ژوورەوەی حەرەم دایانی قاسم بوو. ئافرەتێکی تورک بوو، نە خۆی کوردی فێر بوو نە کوڕەکەشی (هدایت) ڕەوانی کرد. دایانی خوشکەکانی کورد بوو بۆیە ئەوان هەمیشە بە کوردی دەدوان.

چەند ڕۆژێکان هەتا جلکی نوێم بۆ دوورا قاتێکی هاوڕێیەکی پۆلی شەشەمی کۆیەم، جەلالی حاجی عەبدوڵڵا بەگم لەبەر کرد. جەلال بەگ لە بنەماڵەیەکی زۆر کۆن و بە ڕێ و جێی کۆیەیە، لەوەتەی بە بێراندا دێت و بە خەبەریش بیستوومانە ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ جەلیزادان دۆست و بگرە خزم بوون. خزمایەتییان لەگەڵ هەندێ بنەماڵەی کەرکووک (کە بە ئەسڵ تکریتین) هەیە، دیارە ئەسەری ژن بە ژنەیە. ئەوەی ڕاستی بێ ئاکاری ئەو خزمانەشیان وەک هی خۆیان گیانێکی ئاشکرای پیاوەتیی پێوە دیارە. هاوڕێیەکی دیکەشم لە هاوڕێیانی پۆلی شەشەمم، ڕەفیقی حاجی تۆفیق، لەگەڵ جەلال بەگ، دوو ساڵ بوو لە هەولێر دەیانخوێند. ئەوان وەکوو من بە دەست تەمەن بچووکی و تاقانەیی‌یەوە نەوەخرابوون، یەکسەر هاتبوونە هەولێر بۆ خوێندن لەو دوو ساڵەدا قوتابیی دیکەش دەرچوون و بۆ خوێندن ڕوویان لە بەغدا و لە هەولێر کردبوو. لەوانەی ئەو ساڵە لەگەڵ مندا بوون بە قوتابی لە پۆلی یەکەم، تاهیر ئەحمەد حەوێزی بوو. دواتر فاتیحی خاڵە شێخ سەدرەددینی بەرزنجیش بەگەڵمان کەوتەوە... ئەو بەر لە من لە پۆلی شەشەم دەرچووبوو بەڵام خوێندنەکەی کەوتوڕەوت بوو تا منی پێ گەییشتمەوە.

یەکەم دەرسی بۆی دانیشتین لە ژووری پۆلی یەکەم لە چاو ژوور و تەختە و کورسیی مەکتەبەکەی کۆیێ وەک ئەوە بوو لە ساڵۆنی سینەما بۆ لۆجەکانی ڕاگوێزیت. من هیچ سام و مەترسیم لێ نەنیشت لەو دەوروبەرە نوێیەی بە تازەیی خۆمی تێدا دەبینمەوە، تومەز لە پەنا سێبەری باوکمدا بە خۆدا ڕاپەرموونم بێ کەم و کەسر بوو. وەها ڕووی دا هەوەڵ مامۆستای هاتە ژوورەکەمان (ریفعەت دوغرەمەچی) دەرچوویەکی خوێندنی ئەمەریکا و لە بنەماڵە ناسراوەکانی هەولێر بوو. لە بەری هەڵستاین بەڵام ئەو بە پێی تەبیات و پەروەردەیەکی دیتبووی حەزی لەو ڕەسمیاتە نەبوو پێی گوتین لزووم بە هەڵستان ناکات. من وەهام دانا ئەم ئامۆژگارییە بۆ هەموو دەرسێک و هەموو مامۆستایەکە. دەرسی دووەم مامۆستا ئەیووب سەبری هاتە ژوور. قوتابییەکان تێکڕایان ڕاست بوونەوە، من بە تەنها لەسەر کورسییەکەم بێجووڵە مامەوە.

ئەیووب سەبری دەرسی عەرەبیی دەگوتەوە، خەڵقی مووسڵ و خاوەن سەقافەتێکی کلاسیکی بوو. کە دیتی من هەڵنەستام تەماشایەکی کردم و دەستێکی بۆ لای من درێژ کرد و (قم یا ولد)ێکی گوت. ڕاست بوومەوە بە عەرەبی و بە ئاردلوێژێکی نارەزامەندانە لێمی پرسی، خەڵقی کوێیت، ناوت چییە. بە عەرەبیەکی باش وەڵامم دایەوە... بۆچی هەڵنەستایت؟ تێم گەیاند کە مامۆستای پێشووتر ناڕازی بوو لە هەڵستانمان، منیش وەهام دانا هەڵستان بۆ مامۆستا ناجایەز بێ. گوتی (عربیتک لا بأس بها) و بەڕووی خۆشەوە دای نیشاندمەوە... لەوە بەولاوە مامۆستا ئەیووب سەبری بە چاوێکی دڵدەرەوە و ئازاترکەرەوەی سەیر دەکردم... لە کۆتایی‌ی ساڵدا نێردرا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئیمتیحانی بەکالۆریای پۆلی شەشەم لە کۆیێ. چووبووە لای باوکم و گەلێک قسەی ڕەزامەندانەی لە بارەی منەوە کردبوو، تا ئەوەی باوکم لە نامەیدا بە خۆشیەوە باسەکەی بۆم نووسی، قسەی خۆمان بێ منیش کۆڵـێک کەیفم بەو

شایەدیە بێـفێـڵەی مامۆستای خۆم هات.

لە ڕووداوە بچکۆلە خۆشکەڵەکانی سەرەتاکانی خوێندنم لەو ساڵەدا ئەوەبوو کە مامۆستا ڕیفعەت دۆغرەمەچی لە ئەزموونی مانگانەی زمانی ئینگلیزی کە جارێ دەفتەرەکانی پێ نەدابووینەوە و نەماندەزانی چۆناوچۆنی دەرچووین، لە کاتی گوتنەوەی دەرسدا بە تێوەرێخ گوتی (أحسن درجة أخذها مسعود محمد)، ئەوسا وتوویژ لە مەکتەبەکانی هەولێر بە عەرەبی بوو. ڕاستیەکەی هەستێکی بە خۆدا بایی بوونم تێگەڕا. هەر لەبیرمە کە دەفتەرەکانمان وەرگرتەوە ٨٧م وەرگرتبوو، بەڵام دەرکەوت موعتەسەمی فەتاح چەلەبی دەباغیش وەکوو من ٨٧ی وەرگرتووە کەچی گەشایی یەکەمینایەتی بەر من کەوت...

مدیری قوتابخانە (خورشید سەعید) پیاوێکی ڕژد بوو لەسەر گێڕانی کاروباری دەرس و دەوران ڕێکوپێکی. زۆر جار بە بیرمدا هاتووە کەسایەتی ئەم مرۆیە بەبەریەوە هەبوو ببێتە (ممثل)ێکی وەکوو (هەمفری بۆگارت). هەرچەند لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی قوتابخانە هەرگیز شلکەی نەدەکرد بەڵام لە کاتی پێویستدا دەیتوانی هێندەی شەربەتی پرتەقاڵ شیرن و بە تام بێ. لەبیرناکەم جارێکیان لە موناسەبەدا کەوتە سەر ئامۆژگاریی قوتابییەکان و چووە باری پۆزی خیتابیەوە، بە جۆرێک سواری هەست و هۆشمان بوو فرمێسک لە زۆر چاوان هاتە خوار... لە مانگی یەکەمی خوێندنمدا بووم، موتەسەڕریفی هەولێر، مەحموود فەخری، سەردانێکی مەکتەبەکەمانی کرد و بە پۆلەکاندا گەڕا... پاش گەڕانەوەی بۆ دایەرەی خۆی (بەرانبەر مەکتەبی ئێمە بوو) خورشید سەعید بە دوایدا ناردم، گوتی موتەسەڕریف داوای کرد بچیتە لای و هەر ئێستا چاوەڕوانت دەکات... مەحموود فەخری زۆر دۆستی مەلا ئەفەندی و باوکم بوو. پێشتر لە ڕێکەوتدا دیتبووم تەنانەت بەر لە ساڵێک نیوەڕۆژێکیان لە ماڵی شێخ مستەفا قەرەداغی کە (حاکم منفرد)ی هەولێر بوو، بە موناسەبەی سەردانی باوکم لە مەلا ئەفەندی، نانی نیوەڕۆمان خوارد و مەحموود فەخریش ئامادەی داوەتەکە بوو، هەر ئەو سێ مێوانە و منی مێردمنداڵەش بەشدار بووین بەڵام من هەر گوێ گر بووم. ئەو ڕۆژەی کە لەسەر داوای خۆی چوومە لای یەکەم جار بوو وتووێژمان ببێ. چەندێکی بڵێی بەخێری هێنام و پێی گوتم دەبێ بە مامی خۆممی حیساب بکەم دەنا گلەییم دەباتەوە بۆ لای باوکم. زۆری پەلە کرد خزمەتێکم بکا لێم قبوڵ نەکرد و بە سپاسەوە پێم گوت کە من لە باوکیشمەوە هیچم بۆ نایەت چونکە مەلا ئەفەندی بە زیادەوە لێم خەرج دەکات و هەموو مەسرەفێکمی دەر عوهدەی خۆی کردووە و لێی مەنع کردووم کە هیچ شتێک لە هیچ کەسێک قبووڵ بکەم. بە هەمە حاڵ تەواوێک مەمنوونی کردم و وتووێژمان بە کوردی بوو، چونکە خەڵقی کەرکووک بوو کوردییەکی ڕەوانی قسە دەکرد. کە گەڕامەوە باداوە حیکایەتەکەم بۆ مەلا ئەفەندی گێڕایەوە، پەسەندی ڕەفتارمی کرد. بە نامەش خەبەری باوکمم دا کە موتەسەڕریف ڕەفتارێکی وەها پیاوانەی لەگەڵمدا کردووە. بەڵام مەحموود فەخری خۆیشی نامەی بۆ باوکم نووسیبوو بە ناوتوێژێکی نوکتەسازیەوە لە بارەی قبوڵ نەکردنی خزمەتی ئەومەوە گوتبووی (ناخەڵەف دەرچوو) واتە ڕێبەدێیی لە باوکی خۆی نەکرد. باوکم لە وەڵامدا پێی گوتبۆوە خۆ باوکی هیچی لێ وەرنەگرتوویی هەتا ناخەڵەف دەرچووبێ.

هەر لەو سەروحەدەدا بوو دیسان ڕۆژێکیان خورشید سەعید بانگی کردمە لای خۆی. ئەوسا هەولێر

لەلایەن معاریفەوە سەر بە کەرکووک بوو. پێی گوتم لە مدیریەتی مەعاریفەوە بڕیارێک هاتووە کە بە ناوی (تەلەبەی هەژار)ەوە مانگی دینارونیوێکت پێ بدرێ بەڵام حەز ناکەم قبوڵی بکەیت چونکە وەزعەکەت ئەوە هەڵناگرێ. ڕاستییەکەی خۆیشم هەر لەو باوەڕەدا بووم کە یەکێکی وەکوو من بێنیاز لەو تەرزە یارمەتییە و مێوانی کەسێکی وەکوو مەلا ئەفەندی نابێ خۆ بە هەژار لە قەڵەم بدات. مدیرییەتی مەعاریفی کەرکووک لە خۆوە، بە پیاوەتی، ئەو بڕیارەی دابوو. بە عادەت دەبوو مەزبەتەی فەقیری و داوای یارمەتی و ئیسپاتی خوێندن بە عەرزوحاڵ بگاتە مەعاریفی کەرکووک ئنجا بڕیار دەربچێ. ئیشەکە لە بنەڕەتەوە مامۆستا عەبدوڵڵا عەلی حیکمەت کە پێشتر لە کۆیێ معەلیممان بوو دواتر بوو بە موەززەف لە مەعاریفی کەرکووک، پێکی هێنابوو ناشزانم چۆن مدیری مەعاریفی ئیقناع کردبوو کەوا بەبێ ئەوراق و عەرز و حاڵ ئەو بڕیارە دەرچوێنێ.

(علی حکمت افندی) لە ناسراوەکانی کەرکووک و مەلا هەرە زلەکانی بوو، لای باپیرم ئیجازەی وەرگرتبوو، وا بزانم لە دەوری عوسمانلییەکان بوو بە نائیبیش. عەبدوڵڵا ئەفەندی تا لە کۆیێ بوو، دواتریش بەردەوام، دۆست و ناسیاو بوو، هەتاکوو ئێستاش پێوەندی دۆستایەتی هەر ماوە لە نێواندا هەرچەند یەکتر دیتن وەزحمەت کەوتووە.

خورشید سەعید، خوا لێی خۆش بێ، غەدرێکی لێ کردم هیچ ڕێشم نەبوو بتوانم غەدرەکە بسڕمەوە. هەر لەو ڕۆژانەی مانگی دووەم و سێیەمی خوێندنی تازەمان بوو دڵی قوتابییەکی شەقڵاوەییم یەشاند، ئەویش بە نوکتە و پلار نەک بە دەسدرێژی لێ کردن، بە گریانەوە چوو بۆ لای مدیر، منیش بەرەو ژووری مدیر ڕۆیشتم لە نزیک دەرگای ژوورەکەی تووشی بووم و ئەو قوتابییەی بە دواوە بوو. بێ ئەوەی ڕێم بدا هیچ بڵێم زللەیەکی لێ دام... من دنیام لە پێش چاوان تاریک بوو یەکسەر کشامەوە و لە مەکتەب دەرکەوتم. دوای من مدیر هەموو قوتابییەکانی کۆکردبۆوە و بڕیاری شکاندنی پێنج پلەی ئاکاری منی بەسەردا خوێندبوونەوە. سبەینە وەکوو هەموو ڕۆژێکی دیکە هاتمەوە مەکتەب و هیچی دیکەی بە دوادا نەهات. نە مەلا ئەفەندی و نە باوکیشم لەو ڕووداوە ئاگادار نەکران. لە کۆتایی‌ی حەفتاکاندا مامۆستا و مدیری کۆنم خورشید سەعید لەگەڵ مامۆستا عەبدولخالق قوتب کە ئەویش مدیر و مامۆستام بوو لە سەرەتایی کۆیێدا، هاتنە لام لە مەجلیسی خدمە (چەند ساڵێکان تێیدا ئەندام بووم). کچێکی مامۆستا خورشید سەعید موراجەعەی دامەزراندنی دەکرد، ئەویش بە چاوساغیی مامۆستا قوتبەوە هاتە لام بە تەمای ئەوەی یارمەتییەکی کچەکەی بدەم، پێی ناوێ بڵێم، هەرچی ڕێز هەیە لێم نا و هەرچی لە دەستەڵاتمدا بوو بۆم بەکارهێنا. دوای ئەو سەردانە زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد، بەڵام لە دەمی سەردانەکەدا هەر ئەوەبوو مووی سپی بووبوو دەنا پێستی لۆچاوی نەبووبوو، بریقەی چاوی نەکوژابۆوە. سەد جار گەردنی ئازاد بێ.

لە سەرەتای کرانەوەی مەکتەب مامۆستایەکی ڕیازەی بەدەنیمان لە کەرکووکەوە بۆ هات دەتگوت هێزی کارەبا دەیگێڕێ هێندە چالاک بوو. شاکر سەید حەکیم خوا لێی خۆش بێ، لەو چەند ڕۆژانەدا کە مامۆستامان بوو وێنەی خۆی لە زەینمدا نەقش بەستوو کرد. بە زوویی نەقڵ کراوە بۆ کەرکووک و یەکێکی دیکەی (حاجی داود ناو کە دواتر بوو بە زابت) هاتە جێ، کەمتر لە مامۆستا شاکر توندڕۆ بوو.

لە زۆر جاروباردا مامۆستا شاکرم دەدیتەوە تاکوو ئەویش لە سالانی دواییني حەفتاکاندا هاتە لام لە مەجلیسی خدمە بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر وەزیفەکەی کە لەبەر وەزعی تایبەتی کوردەواری بە تەقاعود لێی دەرچوو بوو. بە داخەوە ئەویش دوای گەڕانەوەی بۆ وەزیفە بە ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کرد.

بە خوێنەر بڵێم، کە ئەو مەعاشە دینار و نیویەی حکومەتیم ڕەت کردەوە و بە قوتابیەکانی کۆیە و ڕەواندزیم گوت، تەواوێک گلەیی‌یان لێ کردم، گوتیان دەبوو قبووڵی بکەیت و بە تەلەبەی موحتاجی ببەخشیت. ئەوان کۆمەڵێک بوون بەیەکەوە خانوویان گرتبوو هێندێکیشیان مەعاشی هەژارییان وەردەگرت. دینار و نیوێکی ساڵی ١٩٣٤ پتر بوو لە مانگانەی عەمەلەیەک و خەڵقی پێ دەژیا. ئەو هاوڕێیانە لەسەر حەق بوون بەڵام منیش عوزرم بە دەستەوە بوو. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ، مەعاشی هەشت مانگ خوێندن کە دەیکرد دوانزە دینار، گەنجێکی ئەوسای وەها پۆشتە دەکرد، دەیبردەوە ڕیزی کام مومەسیلی مەشوور بوو. قاتە جلکی هاوینی دینار و نیوێکی تێدەچوو، پێڵاوی چاک بە ٤٠٠ فلس بوو. بە هەمە حاڵ ڕەت کردنەوەی مەعاشەکە زەربەیەک بوو دەبوو بیدەم. بەخێر ئەگەر لێرە بە دواوە شتی وەهام بۆ ڕێک کەوت ڕەتی ناکەمەوە.

بێمە سەر باسی برادەریی نێوان خۆم و عیززەددینی مەلا ئەفەندی. عیززەددین بە دوو ساڵێک لە من گەورەتر بوو. دایکی کچی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ بوو کە لە نەوەکانی برایەکی پاشای کۆرە بوو. لەو ڕیشەوە خزمایەتیی هەبوو لەگەڵ سمایل بەگی ڕەواندز، ئەو سمایل بەگەی لە زۆر سەرچاوەی نووسراوی کاربەدەستە ئینگلیزەکانی سەرەتای دامەزرانی عێراق ناوی دێت، بە تایبەتی لە کتێبەکەی هامیلتن Road through Kurdistan.

من سمایل بەگم دیتبوو ئەویش جارێک لەو جارانەی کە لەگەڵ باوکمدا دەهاتمە هەولێر و لای مەلا ئەفەندی لە باداوە دادەبەزین، سمایل بەگ مێوانی مەلا ئەفەندی بوو. هەتا بڵێی گەنجێکی لێ وەشایەوەی مەند و مەستوور و بەڕێ و جێ بوو. مەلا ئەفەندی زۆری خۆش دەویست و زۆریشی ڕێز لێ دەنا شەویش هەتا درەنگ لە داوەتی دۆستەکانی لە هەولێر دەمایەوە.

زۆری نەبرد دوای ئەو دیتنەم، هاوین بوو لەگەڵ کاک مەجیدی ئامۆزام لە کۆیە هاتینە هەولێر، سێ شەوان لای سەید نەزیفی شێخ کەریم، مامۆستای قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی هەولێر،ماینەوە. دایکی سەید نەزیف عایشە خان کچی شێخ کەریمی بەرزنجی و خوشکی (حزینە)ی دایکی مامم بوو. ئافرەتێکی نوورانیی کورتەباڵای قسەشیرنی پڕ سۆز و پەرۆش بوو، کە بە لا گەردنماندا دەنووسا و ماچی دەکردین دەتگوت هەڵمان دەمژێ، ئێمەش هەموومان چ جەلیزادە و چ تایەفەی شێخ کەریم تا ڕادەی تەقدیس خۆشمان دەویست، بۆ هەمووان دایک بوو، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ. دوای سێ ڕۆژ چووینە هەڵەجە لای خاڵە شێخ عەزیزی شێخ مارفی بەرزنجی کە دایکی کاک مەجید بە سەردان لە براگەورەی خۆی، شێخ عەزیز، بەینێک بوو لێی مێوان بوو ئێمەش هاتبووین بیبەینەوە بۆ کۆیێ. لە هەڵەجە بووین ڕۆژێکیان خەبەر هات سمایل بەگ کوژراوە. بەڕاستی تا ناخی دڵ تەئسیری لە هەموو کەس کرد. بە هەق خەسارەیەکی زل بوو لە ڕەواندز و کورد کەوت، کوژرانەکەشی لە هیچە بوو.

دوژمنایەتیی نێوان ماڵی سمایل بەگ و ماڵی باویلاغا لە ڕەواندز ڕووپەڕەیەکی ڕەش و خوێناویی ئەو